معهد
الجزيرة للإعلام

# چۆنیەتی گێڕانەوەی چیرۆك لە تەلەفزیۆندا

## راپۆتی مەیدانی بۆ تەلەفزیۆن



محەمەد ئەلبقالی

معهد
الجزيرة للإعلام

# چۆنیەتی گێڕانەوەی چیرۆك لە تەلەفزیۆندا

ڕاپۆرتی مەیدانی بۆ تەلەفزیۆن


محەمەد ئەلبقالی

وەرگێڕانی ڕەسووڵ عەزیز محەمەد

# پێڕست


پێشەکی وەرگێڕ ........ 8

پێشەکی نووسەر ........ 10

بەشی یەکەم: پەیامنێری مەیدانی و ڕاپۆرتی تەلەفزیۆن: هەنگاوەکانی سەرەتا ........ 12

١-پەیامنێری سەرکەوتوو: وەرگری بەهرە و ڕاهێنان ........ 13

٢-لەچەند دەیەکدا..چۆن دەبیتە پەیامنێرێکی باش ؟ ........ 15

بەشی دووەم: ڕاپۆرتی مەیدانی بۆ تەلەفزیۆن: خەسڵەت و جیاکارییەکانی. ........ 18

١-ڕاپۆرت بۆ تەلەفزیۆن: گێڕانەوەی چیرۆك بەوێنە ........ 18

٢-ڕاپۆرتی مەیدانی بۆ تەلەفزیۆن: خەسڵەت و جیاکارییەکانی. ........ 21

٣- جۆرەکانی ڕاپۆرتە مەیدانییەکانی تەلەفزیۆن: لە هەواڵەوە بۆ چیرۆك. ........ 23

بەشی سێیەم:ڕیپۆرتاژی تەلەفزیۆنی لە بیرۆکەوە بۆ جێبەجێکردن ........ 29

• یەکەمجار بیرۆکەکە ........ 30

• گۆشەی باسکردن: دوورکەوتنەوە لەباسە گشتییەکان ........ 32

بەشی چوارەم: لەبیرۆکەوە بۆ پەخشکردن: قوناغەکاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی ........ 34

• ئامادەکردنی پێشینە ........ 36

• کاری مەیدانی: وێنەگرتن و تۆمارکردن ........ 39

• ڕەهەندی بەرهەمهێنان. ........ 39

بەشی پێنجەم: پێکهاتەی ڕاپۆرتی تەلەفزیۆن: ئامێری جۆراوجۆر..ئاوازێك ........ 40

١-وێنە، پشت و کۆڵەگەی سەرەکی ڕاپۆرتەکە ........ 41

أ-جۆرەکانی گرتە: قەبارە لە خزمەتی مانادا ........ 41

ب-جوولەی کامیرا: ڕێڕەو و مانا ........................................ 46
ج-دانانی کامیرا: لەپێش مۆنتاژدا ........................................ 47

٢- دە بنەمای سەرەکی بۆ نووسینی وێنەیی: ماناکەی لەنێوەندی هاوێنەکەدا ........................................ 49

**بەشی شەشەم: چاوپێکەوتنەکان: چیرۆك لەسەر زاری خاوەنەکانی** ........................................ 59
١- لەگەڵ کێدا چاوپێکەوتن دەکەی؟ ........................................ 60
٢- جۆرەکانی چاوپێکەوتنەکان چین؟ ........................................ 61
٣- چاوپێکەوتن لەسەر ئاستی شێوە: ........................................ 62
٤- چاوپێکەوتن لەسەر ئاستی ناوەڕۆك ........................................ 63
٥- بنەمای گشتی رووکەش ........................................ 64
٦- حاڵەتێکی تایبەت ........................................ 65

**بەشی حەفتەم: دەنگی سروشتی: گوێیەکانت.... بدە بەبینەران** .. 66
١-گرنگی دەنگی سروشتی: گوێ عاشقی هەموو جوانێك دەبێ .... 67
٢- چۆنیەتی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی: پەندەکە لەچۆنیەتیدایە نەك بڕەکە ........................................ 68

**بەشی هەشتەم: گوتەی تەلەفزیۆنی:کارایی نووسینی وێنەیی** ... 69
• گرنگی دەق لەراپۆرتی تەلەفزیۆنیدا: وێنە بەتەنیا بەس نییە ... 69
• بنەمای سەرەکی لەنووسینی دەقی تەلەفزیۆنی: نزیکبوونەوە لەوێنە و دوورکەوتنەوە لەدانان ........................................ 71

**بەشی نۆیەم: وەستان بەرامبەر بەکامیرا...بەدەنگ و وێنە واژوو دەکەی** ........................................ 82
١-ئامانج لەوەستان بەرامبەر بەکامیرا: یەکەم شت راستگۆییە ... 82

٢-جۆرەکانی وەستان بەرامبەر بەکامیرا: وشە جیاکەرەوەی شوێن و ڕێڕەوەکەیە ........ 83
٣-بنەمای شێوەکان بۆ وەستان بەرامبەر بەکامیرا: ئەو ناوەڕۆکانەی جیاوازی دروست دەکات ........ 84
٤-ناوەڕۆکی وەستان بەرامبەر کامیرا: بژاردەی قورس ........ 85

**بەشی دەیەم: شێوازی بنیاتنانی ڕاپۆرت: چۆن چیرۆکەکە دەگێڕیتەوە؟** ........ 87
• لەسەرەتادا چیرۆکێك بوو ........ 88
• ئەو چیرۆکانەی لەسەر زاری خاوەنەکانیەوە دەگێڕدرێتەوە: بەدوای نموونەی نواندی چیرۆکەکەدا بگەڕێ ........ 88
• دەربڕین لەبارەی بیرۆکەی گشتی بۆ ناوەڕۆکە بچووکەکان ........ 90
• ئاوێتەبوونی دیمەنەکان لەچیرۆکەکەدا ........ 90

**بەشی یازدەیەم: مۆنتاژ: دارشتنی کۆتایی چیرۆکەکە** ........ 92
١-قوناغەکانی مۆنتاژ: دابەشکردنێکی پەیڕەوکراو ........ 92
٢-پلانی مۆنتاژ: گرێیەکە کارە سەرەکییەکەیە ........ 93
٣-بنیاتنانی مۆنتاژ: گەڕان بەدوای هێڵی ڕێکخەر ........ 94

**بەشی دوازدەیەم: ڕوومالّی زیندوو : هێزی قسەکردن و ڕاستگۆیی ڕاستەوخۆبوون** ........ 96
١-خەسڵەتەکانی ڕوومالّی زیندوو: لێرە و ئێستا ........ 96
٢-ڕوومالّکردنە زیندووە سەرکەوتووەکان: گەڕان بەدوای ڕازیکردن ........ 97
٣-ئامادەکردنێکی باش بۆ ڕوومالّکردنی زیندوو: لەپاش وەستان لەپێش کامیرا ........ 98
٤-جۆرەکانی چاوپێکەوتنە زیندووەکان: لەهەواڵێکی ئاساییەوە بۆ چاوپێکەوتنێکی پێشکەوتوو ........ 99

**لەکۆتایدا...پیشە و بنەماکانی لەپێشکەوتندایە** ........ 101



## محەمەد ئەلبقالی

### کورتەیەك سەبارەت بە محەمەد ئەلبقالی نووسەر

- پەیامنێری ئەلجەزیرەیە لەئەورووپا و  نیشتەجێی پاریسە.

- لەساڵی ٢٠٠٦ وەک پەیامنێر لە مەغریب و توونس و سۆدان و باشووری ئەفریقیا و فەرەنسا و چەندین وڵاتی دیکەدا کار دەکات.

- بەشداربووە لە رووماڵکردنی زۆربەی رووداوەکان وەک: شۆڕشی توونس-جەنگ لەلیبیا-شەپۆلی پەنابەران بۆ ئەورووپا-جەنگی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان-دانوستانی ئەتۆمی ئێران.

- هەڵگری بڕوانامەی دوکتۆرایە لەبارەی کۆمەڵناسی راگەیاندن-مەغریب.
- هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەبارەی پەیوەندیی نێودەوڵەتی و دیبلۆماسی-فەرەنسا.

- هەڵگری بڕوانامەی لیسانسە لەبارەی رۆژنامەوانی لە پەیمانگەی باڵای راگەیاندن و گەیاندن.

# پێشەکی وەرگێڕ

لەسەرەتادا کاتێک ئەو کتێبەم وەرگرت بۆ وەرگێڕان هەر وەک کتێبەکانی دیکە« لەلام ئاسان بوو بۆ وەرگێڕان، بەڵام کاتێک دووجار خوێندمەوە گرنگی ئەو کتێبەم لەلا زیاتر بوو، چونکە لە ئێستادا راگەیاندنی کوردی بەتایبەتی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بەشێکیان وەک ئەوەی تەنیا هەوڵ بدات بێزارت بکات، چونکە هیچ بنەمایەکی پیشەیی پەیرەو ناکەن. بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە، کە وەک رێبەرێکە هەموو لایەنەکانی هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ و ریپۆرتاژ و رووماڵکردنی رووداوەکانت بۆ روون دەکاتەوە.

لێتان ناشارمەوە حەزم دەکرد خۆم ئەم کتێبەم بنووسیبایە، چونکە رۆژنامەگەری کوردی و راگەیاندنی کوردی بەشێوەیەکە ناتوانین لەتەک راگەیاندنەکانی جیهاندا هەژماری بکەین، لەسەدەد ساڵەی رۆژنامەگەری کوردیدا کتێبێکم بەناونیشانی «رۆژنامەنووس و بواری رۆژنامەگەری» چاپکرد، بۆ ئەو کاتە ئەو کتێبە لەدەستی زۆرێک لەقوتابییان و خوێندکارانی بەشی راگەیاندنی پەیمانگە و کۆلێژەکان دەبیندرا، دەکرا وەک سەرچاوەیەک بەکاربهێندرێ بەتایبەتی بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لەسەرەتاوە وەک کەسێکی پیشەگەری رۆژنامەوانی بناسرێن، بۆیە هیچ شتێکشم سەبارەت بەتەلەفزیۆن نەنووسی، چونکە هیچ کاتێک نە وەک پەیامنێر نە وەک نووسەر لەتەلەفزیۆنێکدا کارم کردووە، وەرگێڕانی ئەم کتێبە هۆکارێکی باشبوو تا شارەزایی پیشەی رۆژنامەوانی تەلەفزیۆنی ببم.

رووماڵکردن و بیرکردنەوە و پلان دانان بۆ رۆژنامەنووس و پەیامنێری تەلەفزیۆن و زانینی هەموو بنەماکان هۆیەکە تا ببێتە رۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو، نووسەر لەنێوەندی دێڕەکانیدا هەموو کاتێک جەخت لەوە دەکاتەوە، کە نابێ بەبێ پلان بچیتە مەیدان، ئەمەو وێنەگرتن و قسەکردن و لێدوان و چاوپێکەوتن و شرۆڤەکاری بنەمای خۆی هەیە، هەر کاتێکیش بەرەو خاوبوونەوە چوویت لەکارەکەتدا ئەوا راپۆرت و ریپۆرتاژێکی شکستخواردوو پێشکەش بەکەناڵەکەت دەگەیەنیت، هەر کاتێک چوویتە مەیدان وەک سەرەتای دەستپێکردنی بابەت و کار سەیری بکە، ئەگەر وەک سەرەتا بەجۆش و خرۆش نەبیت ئەوا ناتوانیت راپۆرت و چیرۆکێکی وێنەیی بخەیتە پێش چاوی بینەران، جۆش و خرۆش بۆ کارەکەت خۆت و کەناڵەکەت بەرەو پێش دەبا،

ئـەوەی لـەم کتێبـەدا باسـی لێوەدەکـرێ هەنگاوێکـە تـا ڕاگەیاندنـی کوردی بەهەموو بوارەکانیەوە بەرەو پێش بچێ، بۆیە خوێندنەوەی ئەم کتێبە یەکێکە لەو پێویستیانەی ڕاگەیاندنکار و ڕۆژنامەنووس و پەیامنێر دەبێ بیخوێنێتەوە، ئـەم کتێبـە جگـە لەئاکادیمبوونی، ئەزموونی نووسـەر «محەمـەد ئەلبقالی» دەردەخا، لەهەمبەر هەموو ئەو باس و خواسـتانەی لەکاری ڕۆژنامەنووسـی تەلەفزیۆنیدا ڕووبەڕووی بۆتەوە.

**ڕەسووڵ عەزیز محەمەد**

هەولێر-کوردستان
٢٠٢٣-١-٩

# پێشەکی نووسەر:

چـۆن بتوانم ببـم بەپەیامنێرێکی مەیدانی تەلەفزیۆن؟ لەکاتێکدا ئە پرسـیارە جۆریک لەدڵەڕاوکـێ لـەلای ئەوانـەوە دەهێنێتەکایـەوە، کە لەسـەرەتادان و ئارەزوویانە بێنە نێوگۆڕەپانـی رۆژنامەوانییـەوە، هەروەهـا لـەو نێوەنـدەدا لەئاڵـۆزکاو دەبێ، کاتێک دەیەوێ وەڵام بداتەوە بەتایبەت لەنێوان کاری پەیامنێری تەلەفزیۆنی و شـێوەکانی دیکەی گواستنەوەی رووداوەکاندا، لەکاتێکدا ئەم کارە بەهەموو ئەوانەش دەکرێ کە مۆبایلیکیان لەلایە و ئەکاونتێکیان هەیە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

شۆڕشی زانیارییەکان لەم دەیەی رابردوو و لەئێستادا، گەیشتۆتە ترۆپک بەتایبەت لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی پەیوەندیيە کۆمەڵایەتییەکاندا، وایلێهاتووە هەر لە داهێنانی تەلەفزیۆنەوە وەک ئامرازێکی سـەرەکی بێ، چونکە ئەم ئامرازانە دەتوانێ هەموو زانیارییەکانی وێنە و دوورترین وێنە قۆرخ بکات و پەخشی بکات، لەپێشتردا تیمێکی تەلەفزیۆن بەهەموو ئامراز و تەکنیکی گەورە و خەرجییەکی زۆر و یەکەکانی مۆنتـاژ و ئامـرازە گەورەکانی پەخش هەر ئەوەندەیان پێ دەکرا، بۆیە لەسـەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیدا ئەم کارە بۆ هەموو تاکێک بەردەستە.

ئـەم وەرچەرخانـەش پلـە بەپلـە نەهاتووە تـا بتواندرێ خـۆی لەتەکیـدا بگونجێنیت، نەخاسـمە بـۆ بـۆ کارمەندانی ئەم پیشـەیە یاخود بۆ جەمـاوەری وەرگریش لەناکاو بوو، بەڵکو لەماوەیەکی کەمدا و لەماوەی چەند ساڵێکدا هاتەکایەوە، ئەمەش هۆیەک بوو بۆ دوو شۆڕش لەتەک یەکدا: یەکەمیان شۆڕشی تەکنیکی نوێ ئەمەیان هۆیەک بـوو بـۆ بچووککردنـەوەی ئامێـرە تەکنەلۆژییـەکان و گشـتگیرکردنی وەک خـۆی لەمۆبایلە ژیرەکانە دەنوێنێ تیایدا ئەم هۆکارە یەکێکە لەوەرچەرخانە جیاکارییەکان، تیایـدا وێنەگرتـن و تۆمارکـردن و هەڵگرتنـی زانیارییـەکان و پیشـهات و پەیوەندی بەئینتەرنێتـەوە بـۆ هەموو تاکێک فەراهەم کرد، دووەم خاڵیش شۆڕشـی تۆڕەکانی ( هەڵگر و خسـتنەڕووی ناوەڕۆکەکان) بەمەش تاکەکان توانیان ئەو کارانە بکەن، کە رۆژنامەنووس پێیهەڵدەسـتێ، هەندێکجاریش زیاتریان پێدەکرا، بەو شـێوەیە جیهان لەچەنـد سـاڵێکدا بـەرەو دەگمەنـەکان هەنگاو بنـێ وەک دەگمەنبوون لـە زانیاری و وێنەدا تا وایلێهات هەنگاوەکانی کۆتایی نەیێت.

هەروەکچـۆن لەئابووریـدا شـتە دەگمەنـەکان هـەردەم بەهایـان بەرزتر دەبـێ، کەچی زۆربوون تیادا کەمە، بۆیە زۆر سروشتییە لەسەردەمی زۆری دابینکردنەکان وێنە جێگەی سەرسوڕمان نییە، هەروەها پەخشی راستەوخۆ شتێک نییە جێگەی سەرسوڕمان بێ، لەکاتێکدا کاری تەلەفزیۆنی تەنیا بۆ کەسانێک نییە، واتە ئەو کاتەی هەر تاکێک مۆبایلێکی لەدەستدایە ئەوا توانای ئەوەی هەیە وەک تیمێکی رۆژنامەوانی کار بکات.

کەواتە چی بۆ رژنامەنووس ماوەتەوە؟ جیاوازی لەنێوان کاری پەیامنێری تەلەفزیۆنی و چالاکی ئەدمینێک یان هاولاتییەک چییە، کە هەموو لایەک بەپێی بەڵگە نێودەوڵەتییەکان مافی بەدەستهێنانی زانیاری هەیە لەتەک بڵاوکردنەوەی، لەکاتێکدا تەکنەلۆژیا هەلی ئەوەی بۆ رەخساندووە زۆر بەئاسانی بابەتەکان بڵاوبکاتەوە؟

لێرەوە سنووری نێوان کاری رۆژنامەوانی و کاری چالاکوانەکان و بەکارهێنەرانی تۆرە کۆمەلایەتییەکان لەرزۆکە، هەندێکجاریش نابیندرێ، بەلام جیاوازی لەنێوان هەردوو کاردا پێویستی بەبەڵگە هێنانەوە نییە، هاوکات بەبێ ئەوەی بچینە نێو ناوەرۆکە تیۆرییەکان، دەتوانین بڵێین جیاوازیەکە لەنێوان کاری پیشەگەرێکە کە پەیوەستە بە بنەما پیشەیی و ئاکار و کلێشە هونەرییەکان، چونکە کاری ئارەزوومەند ناچێتە ژێر باری بنەماکان ئەگەر ژمارە بینەرانیشی هەرچەند زۆر بێ.

رەنگدانەوەی شوێنەوارە جیایەکان بەئاوێتەبوونی سۆزی جەماوەر رووندەبێتەوە، ئەوەی راستەوخۆ بەرەو دەزگا راگەیاندنەکەی دەڕوا متمانە دەبەخشێ بۆ رووپەڕەکانی تۆرە کۆمەلایەتییەکان، بۆیە دەتوانین بڵێن هێزی ئامرازەکانی راگەیاندن خۆی لە وردبینی و راستگۆیدا دەبینێتەوە، هەردووکیشان بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە بنەما پیشەییەکان.

بەشێوەیەکی گشتی بوونی مۆبایلێک کە کامیرای ڤیدیۆیی کوالیتی بەرزی تیادایە، یان بوونی کەناڵێک لەیوتیوب و وێنەگرتنی چیرۆکەکان لەفەیسبووکدا نابێتە هۆی ئەوەی ببێتە رۆژنامەنووسێکی باش یان ببی بەپەیامنێرێکی سەرکەوتوو. لەوانەیە لەنێو تۆرە کۆمەلایەتییەکاندا کاریگەر بێت، بەلام ئەمە بوارێکی دیکەیە ناکرێ ئەمەیان تێکەڵ بەکاری تەلەفزیۆنی بکرێ، ئەمەی دواتریان پەیوەستە بەبنەما و یاسا و ئاکارەکان.

لەم رێبەرەدا بەدووروردرێژی باس لەخەسڵەتەکانی پەیامنێری تەلەفزیرۆنی سەرکەوتوو دەکەین، لەتەک بوونی هەموو خەسڵەتەکانی راپۆرتی تەلەفزیۆنی یان رپیۆرتازێکی باش، هەموو ئەمانەش بەنموونەی کردەیی دەخەینە روو تا بەئاسانی تێبگەن و ماناکانیشی روون بێ.

لەکاتێکدا هەر رێبەرێک هەرچەند گشتگیر بێ، بەرامبەر بە راهێنان و کاری پیشەییەکە نییە. وەکچۆن ناتواندرێ فێری مەلە ببیت ئەگەر تەڕ نەبیت، ناتواندرێ فێری جێبەجێکردنی رپیۆرتازژێکی تەلەفزیۆنی ببیت، ئەگەر نەچیتە گۆڕەپان و مەیدان بۆ کار، هەروا ناکرێ بەبێ هەڵە وچەوتییەکان لەشتەکان فێر ببیت.

**محەمەد ئەلبقالی، پەیامنێری ئەلجەزیرە لەفەرەنسا**

## بەشی یەکەم

# پەیامنێری مەیدانی و ڕاپۆرتی تەلەفزیۆن هەنگاوەکانی سەرەتا

### ١- پەیامنێری سەرکەوتوو: وەرگری بەهرە و ڕاهێنان

باس لەوە دەکرێ ڕۆژنامەگەری لەنێوان بەهرە و پیشەدایە، ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو هەردوو لا لەیەکتر کۆدەکاتەوە، ئەمەو کاری مەیدانی ڕۆژنامەوانی خۆی لەپێش هەموو شتێکدا جۆش و خرۆشە، ڕۆژنامەنووس تەنیا بەجۆش و خرۆش دەتوانێ بەسەر ئاستەنگ و ترسناکی کاری مەیدانیدا سەرکەوتوو بێ، کەچی ئەو جۆش و خرۆشەیە ئەگەر پێویست بێ، بەڵام ئەمەش بەس نییە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی، چونکە کاری ڕۆژنامەوانی بنەما و یاسای خۆی هەیە، بۆیە پێویستە فێری ببین.

ڕاستە ڕۆژنامەگەری لەو پیشانەیە کراوەیە، کە دەکرێ لەچەندین دەروازەوە بۆی بچیت، مەرج نییە بڕوانامەی ئەکادیمیت هەبێ، چونکە ڕۆژنامەنووسان لەزۆرێک لەبوارەکانی ئەکادیمی ماریفەتی جیا جیا و ئاستی فێرکاری جیاوازدا ڕووی تێدەکەن، بەڵام ئەم کرانەوەیە لەگەڵ ئەوەی جۆرێکە بۆ دەوڵەمەندی ڕۆژنامەوانی و لایەنەکانی، کەچی بەرپرسیاریەتییە دەخاتە سەر خودی ڕۆژنامەنووس لەکاری بەردەوامدا، تا هەردەم زانیاریی و کارایی و ئامرازەکانی کاری پێشبخات.



## بەشێوەیەکی گشتی پەیامنێری تەلەفزیۆن ئەم خاڵانەی تیادا هەبێ:

### أ- رۆشنبیرییەکی گشتی فراوان و جۆراوجۆر

پەیامنێر رۆژانە لەتەک رووداوە جۆراوجۆرەکاندا مامەڵە دەکات وەک سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زۆری دیکە، لەشوێنە جوگرافییە دوورەکاندا رووماڵ دەکات و گفتوگۆ لەگەڵ کەسایەتییەکانی ناوچە جیاجیاکاندا دەکات، ئەگەر رۆشنبیرییەکی گشتی و فراوانی نەبێ ناتوانێ بەخێرایی و بەوردی کارەکانی جێبەجێ بکات.

### ب- توانایەکی بەرزی هەبێ لەتێگەیشتن و شیکردنەوەدا:

تەنیا پەیامنێر کاری هەواڵ گواستنەوە نییە، بەڵکو لەسەریەتی شیکردنەوەی بۆ بکات و لەرێڕەویکدا دایبنێ، هەروا لەوانەیە داوای لێبکرێ شیکاری بکات و هەموو باکگراوەندەکانی روونبکاتەوە، بۆ ئەم کارەش دەبێ توانای شیکاری و وتاردانی هەبێ، لەتەک پەیوەستکردنی هۆ و دەرئەنجام و پێشەکی و پوختکردنەوەیدا، ئەم توانایەش لەخۆڕا نایەت، بەڵکو ئەمە دەرئەنجامی زانیاری و ماریفەت و خوێندنەوەی بەردام و ئەزموون و درککردنە قووڵەکانە.

### ج- زمانی باڵا بێ:

زمان دەفری مانایە، بەبێ ئەمەش مەحاڵە بەردەوامبوون، ئەمەو لەبواری تەلەفزیرنیدا زمان ئامرازی بەردەوام بوون و دروستکردنی مانا و جوانییە، هاوکات بنەماکانی نووسین بۆ تەلەفزیۆن بۆ ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کار دەکەن دەبێ بەشێوەیەکی کامڵبوو توانای زمانی هەبێ بەشێوەیەک بەساکاری و جوانی دەربیرێ، ناکرێ پەیامنێر تەنیا زمانی کارەکەی بزانێ، بەڵکو پێویستە زمانەکانی دیکەش بزانێ تا بەخێرایی بتوانی ئاوێتەی هەواڵە بیانییەکان بێ بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەرگێڕانەکان ببێ، چونکە لەوانەیە بەدەرەنگەوە لێی تێبگەیت و لەوانەشە وەرگێڕانەکە تەواو نەبێ، وەک دەزانیت پەیامنێر لەوانەیە بچێتە شوێنێکی دیکە و پێویستە لەگەڵ خەڵکەکەی بەردەوام بێ و پەیوەندی بکات، ئەگەر زانینی زمانەکانی دیکە کارێکی قورس بێ، ئەوا قورستر نییە لەزمانی کارەکەی و زمانی ئەو وڵاتەی کاری تیادا دەکات، ئەوە جگە لەوەی دەکرێ زانیارییەکی باشی هەبێ لەزمانی ئینگلیزیدا.

### د- گرنگیدان بەکارایی تەکنیکی:

لەسەر پەیامنێری تەلەفزیۆن پێویستە لەتەکنیکی داواکارییەکانی کاری مەیدانی تەلەفزیۆن بزانێ، لێرەش مەبەستمانە چۆن دەتوانی راپۆرتێکی تەلەفزیۆنی ئەنجامبدا، لەتەک رووماڵکردنی راستەوخۆ یان چاوپێکەوتنێکی زیندوو، لەتەک بوونی زانیاری ورد سەبارەت بەبنەماکانی پیشەگەری و ئاکار و رەوشتەکانی.



ئـەم کاراییانـە لەماوەیەکـی کەمـدا بەدەسـت نایـەت، بەڵکـو کاری بـەردەوام و بـێ پچڕانـی دەوێ، بەدەستهێنانیشـی پەیوەسـتە سـێ بازنـەی لەنـاو یەکتـری پێکهاتـەدا. هیچیشـیان بەبێ بوونی ئەوی دیکە نابێ.

## ٢- لەچەند دەیەکدا..چۆن دەبیتە پەیامنێرێکی باش؟

لەرابردوودا چەندیـن نامیلکەی بچووک هەبـوو تیایـدا مزگێنـی ئـەوەی دەدا بەخێرایی لەچەند رۆژێکـدا فێری زمان دەکات وەک کتێبی «فێربوونی ئینگلیزی بەبـێ مامۆسـتا لەپێنـج رۆژدا»، ئـەو پێنـج رۆژە کۆتایی هات و پەنجا رۆژی دیکـەش تەواو بـوو، هەروەهـا ئەوانەی پشتیان بەو کتێبانە بەستبوو دەیانویست فێری زمانەکە ببن.

لەپیشەی رۆژنامەگەریدا ناکرێ باس لەفێربوون بکەین لەچەند رۆژێک و چەند ساڵێکدا، لەوانەیە پێویست بکات باسی چەند دەیەیەک بکەین، تا بەتەواوی پێبگات و بتوانێ کاری تەواو بکات، لەکاتێکدا پیشەکە ئەگەر لەدەرەوەدا سەیری بکەیت ئەوا زۆر بەئاسانی دەبیندرێ وەک ئەوەی بچیتە سەر پشتی حوشترێک، کەچی کاتێک سواری سەر پشتی دەبیت دەبینی زۆر بەرێکی ئاگات لەخوت بێ نەوەک بەربییەوە پشتت پێشێ و هەروا بتوانیت رایبگریت، ئەمەی خوارەوەش بەدوور و درێژی باس لەمە دەکات:

## یەکەم: ئامادەکاری پێشینە:

ساڵانی خوێندنی زانکۆیت لە کۆلێژی راگەیاندن یان هەر دەزگایەکی دیکەی فێرکاریدا هەر چەند درێژ بێ، ئەوا بەس نییە تا هەموو بوار و زانیارییەکانت هەبێ و کاری رۆژنامەوانی بکەیت، بۆیە پێویستە رۆژنامەنووس هەر لەزووەوە جۆش و خرۆش و بەداواچوونی هەبێ، ئەمەش بەمەبەستی چوونی بۆ بواری رۆژنامەگەری، لەدواتریشدا هەر دەبێ وابێ، ئەم زانیارییە پێشینانە و کاراییەکانی پێشتری دەبێتە کۆڵەگەیەکی سەرەکی بۆ پێکهاتەی راگەیاندن، بۆیە پەیمانگەکانی رۆژنامەوانی و کۆلێژەکانی راگەیاندن ناتوانێ بۆت دابین بکات، لەکاتێکدا ئامادەکاری و ئامادەبوونی پێشینە زۆرجاران رۆژنامەنووسی باش و ئەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، بەو واتایەی ئەوەی دەستی بەخوێندنەوە و بەدواداچوونی گشتی لەقوتاخانەی رۆژنامەگەری دەکات وەک ئەوەیە دەیەوێ فێری زمانێکی دیکە ببێت. ئەگەر فێرخواز لەزووەوە دەستی بەفێربوون کردبێ ئەوا باشترە، لەگەڵ ئەمەش کارایی پێویستە هەبێ، ئەوا لەنێو کاری رۆژنامەوانیدا بەدەردەکەوێ بەبێ ئەوەی خۆی وا نیشان بدات، لەنێوەندی ئەو زانیاری و کاراییانە توانای رۆشنبیری و شیکاری و ساکاری زمانی هەبێ و لەرووی دەربڕینی نووسراو و ئەوانی دیکەدا.

## دووەم: پێکهاتەی ئەکادیمی:

ئەگەر ئامادەکاری پێشینە مەرجێکی پێویست بێ بۆ چوونە ناو گۆڕەپان و بواری راگەیاندن، کەچی ئەمە بەتەنیا بەس نییە ئەمەو پێکهاتەی ئەکادیمی مەرجێکە بۆ کاری راگەیاندن، چونکە ئەمە رەوەوایی بەرۆژنامەنووس دەگەیەنێت تا بێتە ناو پیشەکەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەو زانیاریی و ماریفە و کەرەستانە پێویستن بۆ پیشەکە، نەخاسمە هۆیەکە بۆ کەڵەکەبوونی زانیارییەکانی رۆژنامەنووس، کە لەپێشینەی ئامادەکاریدا هەیبووە.

ئەم زانیاری مەریفانە پەیوەستن بە بوارە سەرەکییە ناراستەخۆیەکان، ئەمەش وەک بیروکە و زانیاری رۆژانەن بۆ رۆماڵکردنی رۆژنامەنووس بەشێوەیەک زانیاری هەبێ لە کۆمەڵناسی و یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئابووری سیاسی و دەروونناسی و سۆسۆلۆژیای راگەیاندن و پەیوەندی سیاسی و بوارەکانی دیکە،لەو زانیاری و ماریفەتانەش رۆژنامەنووس دەبێتە

پێکهاتەیەکی ئەکادیمی بەهێز، بۆیە بەکەرەستەکانی ماریفی دەتواندرێ مامەڵە لەتەک هەر بابەتێکدا بکەیت.

هەر راپۆرتێکی نوێش کاتێک جێبەجێی دەکەیت راهێنانێکی نوێیە ئەمەش تەنیا لەسەر ئاستی هونەری نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی مەعریفی و شارەزایشە.

## سێیەم: راهێنانی پیشەیی:

بنەما سەرەکییەکانی پەیوەستبوو بەکاری تەلەفزیۆنی دەگرێتەوە، ئەمەو کاری مەیدانی تەلەفزیۆن یەکێکە لەهونەرەکان، بۆیە بەدەستی ناهێنیت ئەگەر نەتوانیت بنەما و تەکنیکەکانی شارەزا ببیت، تەنیاش بەفێربوون و راهێنان بەدەست دێ، چونکە راپۆرتی تەلەفزیۆنی بنەمای خۆی هەیە و لە دەستنیشانکردنی بیرۆکەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە وێنەگرتن و نووسین، کۆتاییەکەشی بەمۆنتاژ و «میکساژ»ە، ئەمەش لەپێش ئەوەی قۆناغی پەخش دەسپێبکات، ئەگەر پەیامنێرەکە ئەو بنەمایانی رێک نەبوو و پابەندی نەبوو، واتە ئەو تەنیا ناوە و پەیامنێر نییە.

## چوارەم: راهێنانی بەردەوام

بواری رۆژنامەگەری بوارێکی کراوەیە تا بەردەوام پێشبکەوێت، بۆیە ناکرێ تەنیا پشت بەو کارایانە ببەستیت کە لەقۆناغی راهێناندا وەریدەگریت، لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کاتێک رۆژنامەنووس دەگاتە برواییەک ئەمە کۆتاییە، لەرۆژنامەگەریدا فێربوون وەستانی بۆ نییە، ئەمەو فێربوون رەوتێکی بەرادەوام و کراوەیە، لەرووی ماریفەتەوە، رۆژنامەنووس هەموو رۆژێک خۆی لەبەرامبەر دۆسییەی جۆراوجۆردا دەبینێتەوە وەک دۆسییەی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵگە و بابەتەکانی دیکەدا، لەتەک ئەمەشدا زۆر جار بابەت و وڵاتەکان دەگۆڕێ، بۆیە پێویستە رۆژنامەنووس هەردەم ئارەزووی لەفێربوونی بەردەوام بێ، ئەگەر ئەم ئارەزووەش بکوژێتەوە، ئەوا کارە پیشەییەکەی دەکوژێتەوە.

لەرووی هونەرییەوە، ئەوا تەکنیکە نوێیەکان هیچ کاتێک وەستانی نییە، لەهەر ماوەیەکیش جیهان سەرسام دەبێ بەو تەکنیکانە،لێرەوە رۆژنامەش زیاتر لەوانی دیکە پەیوەستە بەگرنگە ئەو وەرچەرخانە تەکنیکیانە و لەسەریەتی خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێ و بتوانێ بەکاربهێنێ و مامەڵەی لەتەکدا بکات، هەروا لەسەریەتی بنەمای کارەکانی بگۆڕێ تا خۆی لەگەڵ هەلی تەکنیکی نوێ و دەرهاویشتەکانی دێنە پێشی بگونجێنێ.

لەبیر مەکە کاری رۆژنامەوانی لەئێستادا جێگەی سەرسوڕمان نییە، پێشتر ئەو کارە تەنیا بە دەزگا گەورەکانی راگەیاندن دەکرا وەک گواستنەوەی راستەوخۆ، بەڵام ئێستا لەرێگەی مۆبایلیکەوە لەدەستی تاکێک کارەکان دەکرێ، ئەمەش وادەکات رۆژنامەنووس لەبەرامبەر نوێبوونەوەی پیشەکەی بێ تا بمینێ، وەک پەندە کۆنەکە دەڵێت « ئەوەی خۆی نوێ دەکاتەوە ون و پەرش نابێ».

## بەشی دووەم

# راپۆرتی مەیدانی بۆ تەلەفزیۆن: خەسڵەت و جیاکارییەکانی.

### ١- راپۆرت بۆ تەلەفزیۆن: گێڕانەوەی چیرۆك بەوێنە

چەندین پێناسەی جیاجیا هەیە بۆ راپۆرتی تەلەفزیۆنی و هەمووشیان تەواوکەری یەکترن و پوختەی ئەمەش : ریپۆرتاژ یان راپۆرتی مەیدانی بۆ تەلەفزیۆن خۆی لە گێڕانەوەی چیرۆکە لەمەیداندا بەڵام بەدەنگ و رەنگە، بۆیە دەکرێ چوار وشەی وشەی سەرەتا لەو پێناسەیە دیاری بکات، ئەمانەش کۆڵەگەی راپۆرتی تەلەفزیۆنین وەک : مەیدان-چیرۆک-وێنە-دەنگ.

بۆیە لەپێش بریاردان بۆ جێبەجێکردنی راپۆرتە مەیدانییەکە بۆ تەلەفزیۆن پێویستە لەسەرەتادا پرسیاری ئەوە بکرێ : ئایا دەکرێ چیرۆکە بەدەنگ و وێنە لەمەیدان بگێڕینەوە؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بوو» بەردەوامبە بەبێ وەستان.

لەگەڵ ئەوەی هەر چوار کۆڵەگەکەی

پێشتر وەک مەرجن دەبێ لەبابەتەکەدا هەبێ تا چارەسەر بێ بۆ راپۆرتاژەکە، چونکە هەموز بابەتێک ناشێ بیکەتە راپۆرت و چیرۆکی مەیدانی بۆ تەلەفزیۆن، لەنێوەندی ئەو مەرجانەش:

هیچ ریپۆرتاژێم بێ مرۆڤ نییە، ریپۆرتاژ چیرۆکی کەسانی سادە دەگێڕێتەوە، کە تووشی دۆخێکی نائاسایی بوونەتەوە، لەوانەیە کێشەکە ئاسایی بێ، بەڵام گرنگە، ئەو چیرۆکانەی بینەر گرنگی بە بینی دەدات ئەوا بەهەر شێوەیەک بێ خۆی تیایدا دەبینێتەوە، بەتەواوەتی وەک سەیرکردنی فیلمەکان تیایدا بینەر پەیوەست دەبێ بەکەسایەتییەکانی نێو فیلمە وەک سۆز و رقلێبوونەوە یان هەر شتێکی دیکە، زۆرجاریش کاتێک چیرۆکێک سەبارەت بەشارێک یان دیاردە و ئامێرێک دەگێرینەوە، ئەوا مرۆڤ تیایدا زۆر گرنگە و چیرۆکەی شایانی ئەوەیە گرنگی پێبدەین.



بۆ نموونە:

- داهێنانێکی نوێ هیچ بەهایەکی نییە، بەڵام تا چەند کاریگەرە لەسەر ژیانی خەڵکی.

- بڵاوبوونەوەی پەتاکان وەک کۆرۆنا، خۆی لەترسناکی تەندروستی و هێزی راگەیاندن دەبینێتەوە، کە تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی خەڵک.

- شارێکی سەوز یان ئەندازەکەی جیا و تایبەتە، گرنگییەکەی لەوەدایە تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی دانیشتووانەکەی، واتە چۆن بەهۆی جیاوازی شارەکەیان دەژین.

ئەگەر رەگەزی سەرەکی لەراپۆرت و ریپۆرتاژەکەدا مرۆڤ بێت، ئەوا داینەمۆی کردە و جوولەیە، بۆیە ریپۆرتاژ یان راپۆرتی مەیدانی «چیرۆکی مرۆڤە کردەیەک دەکا یان تێدەکۆشێت» کاریگەری ئەمەش لەسەر ئاستی شێوەدا دەیبینین بۆ وێنەی جوولاو لەکاتی کردەکاندا زۆر گرنگ و جوانترە لە وێنەی بێجوولەدا، بۆیە جوولە نهێنی جوانی و هێزی راپۆرتی تەلەفزیۆنییە.

ئەم جوولەیە پێویستە راستەقینە بێ و دروست نەکرابێ، چونکە راپۆرتی تەلەفزیۆنی چیرۆکێکی راستەقینە دەگوازێتەوە، رۆڵی پەیامنێریش خۆی لەوەرچەخانی ئەو جووولەیە دەبینێتەوە، کە لەواقیعدا هەیە و دەیکاتە وێنەی تەلەفزیۆنی و تیایدا چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، بەشێوەیەک لەشێوەکانیش دەبێتە تەلەفزیۆنێک راستی دۆخەکە دەگێڕێتەوە، لەکاتێکدا پەیامنێر دەرهێنەر نییە تا کەسایەتییەکان بجوولێنێ، بەڵکو ئەو تەنیا شایەتحاڵێکە تەنیا وتەی کەسەکان و کردەکانیان نیشاندات، رۆڵی تەنیا پرۆسەی گواستنەوەیە بەشێوەیەک خۆی لەگەڵ دۆخەکەدا دەگونجێنێ، بەتایبەتی خۆی لەگەڵ ئەو گێڕانەوەیەدا دەگونجێنێ بەشێوەیەک دەیەوێ بیخاتە روو، ئەمەو کاری رۆژنامەنووس رازاندنەوەی واقیع و دۆخەکە نییە یان بێت ناشیرینی بکات، بۆیە ئەگەر وابکات ئەوا راستییەکان دەشێوێنێ، ئەمەش کاریگەری دەبێ لەسەر راستگۆیی رۆژنامەنووسەکە و دەزگاکەی.



لاوازدا بکەین؟ لێرەوە چەندین رەگەز هەن لەناو یەکتردا وا دەکا راپۆرتەکە سەرکەوتوو بێت، گرنگترینیان ئەوانەن بەپێی بنەماکان کار دەکات بۆ هەر کارێکی داهێنەرانە، واتە توانای راپۆرتەکە لەوەدایە «بیرۆکە و گەیشتن بەدەرئەنجام دەگوازێتەوە».

راستە هەواڵەکان ئامانجی یەکەمە بۆ راپۆرتی تەلەفزیۆنی، بەڵام پرۆسەی هەواڵەکان دەبێ بەپێی لۆژیک بێت و ئاگادار دەرئەنجامەکە بێت، ئەمەش یەکێکە لەرۆڵە سەرەکییەکانی تەلەفزیۆن، بۆیە ریپۆرتاژ و راپۆرتی باش کۆکەرەوەی هەردوو رۆڵە سەرەکییەکەیە لەنێوەندی رۆڵی تەلەفزیۆندا واتە: هەواڵەکان ( خۆی لەهەواڵ و رۆشنبیری و هۆشیاری) و دەرئەنجام و خۆشیدا دەبینێتەوە.١

دەرئەنجامی ئەمەش ئەوە پێوەریە کە راپۆرتەکە کاریگەری جێدەهێڵێ لەلای بینەردا بەتایبەتی لەکۆتایی راپۆرتەکەدا، لەمەوەش راپۆرتی سەرکەوتوو وا لەبینەر دەکات بەبێ بێزار بوون، بەڵکو بەجۆش و خرۆشەوە سەیری دەکات، لەکۆتاییشدا هەستە بەسۆزەکەی رۆژنامەنووسەکە دەگوازێتەوە، بەتایبەتی لەو کاتەی راپۆرتەکەی ئامادەدەکات.

## ٢- راپۆرتی مەیدانی سەرکەوتوو بۆ تەلەفزیۆن: خۆشی بینین لەهەواڵەکان

ئەگەر داوات لە دە پەیامنێری مەیدانی پێشەگەر کرد تا ریپۆرتاژێک سەبارەت بەبابەتێک بکەن، ئەوا دە راپۆرتی جیاواز بەدەست دێنیت، ئەوە جگە لەوەی لەهەندێک شوێندا لێکۆچوونێک هەیە ئەمەش بەهۆی بنەما پیشەییەکانە. هەروا جیاوازییەکی زۆر دەبینی سەبارەت بەچۆنیەتی کارکردنی تایبەتی هەر رۆژنامەنووسێک لەرووی هەستی داهێنەرانەی لەتەک تواناکانی بۆ چارەسەرکردن و لێکهەڵوەشاندنەوە و پێکهێنانی، بەڵام راپۆرتی تەلەفزیۆنی سەرکەوتوو چۆنە؟ چۆن جیاوازی لەنێوان راپۆرتی باش و مامناوەندی و

ئەمەی خوارەوەش چەند کەرەستەیەکی پێوەری سەرکەوتنە لەنێوەندی راپۆرتی تەلەفزیۆنیدا:

## ١-گێرانەوەی چیرۆکە بەشێوە و بەئاوازێکی باش

ریپۆرتاژ خۆی چیرۆکە، بۆیە چیرۆک گێرانەوە هونەر و بنەمای خۆی هەیە، هەمان چیرۆک لەوانەیە لەلایەن یەکێکی دیکە بگێڕدرێتەوە هیچ کاریگەری و شوێنەوارێک جێ نەهێڵی، بەتایبەتی ئەوانەی هیچ هونەرێکی گێڕانەوە نەزانی، بۆیە پێشبینی دەکرێ لەوەی ریپۆرتاژی سەرکەوتوو لەسەر بنەمای پێشکەوتووی گێرانەوەکە بێت، لەهەر برگەیەکدا بەشێوەیەکی سانا و ساکار و نەرم و نیان بینەر وەریدەگرێ و چاوەڕوانی برگەی دواتر دەکات، هەر چاوپێکەوتنێک و قسەکردنێک پەیوەستە بەوەی پێشترە و رێگەخۆشکەرێکە بۆ دیمەنەکانی دواتر، بۆیە شێوە و ئاوازەکەی دەبێ جێگەی سەرنج بێت، ئەمەش لەرووی دەنگ و وێنە و دەق (سکریپت)، بەجۆش و خرۆشێکی بێ زیادەڕۆیی، لێرەوە جەماوەر-بینەر هەموو بڕاردەکانی لەبەردەمە، بەڵام زیرەک و بەتوانایە بۆ جیاکردنەوەی شتی قەبە.

## ٢-ئەوەی چیرۆکی تەلەفزیۆنی لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، بەهۆی ئەوەیە وێنە رووە سەرەکییەکەتی:

راپۆرتی سەرکەوتوو بۆ تەلەفزیرن تەنیا ئەوە « بەدەردەکەوێ و بەکەسیش راناگەیەنێ» بەشێوەیەک وێنەکە توانای ئەوەی هەیە چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، چونکە ئەو بنەڕەتە و رەگەزەکانی دیکەی راپۆرتەکە تەنیا لەدەوریدا دەسوڕێتەوە، ئەگەر چەمکەکانی فیزیامان کردە خوازراو ئەوا دەڵێن وێنە گەردیلەیەکی ئەتۆمە و ئەو بنکەکەیە و رەگەزەکانی دیکە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە.

## ٣- ریپۆرتاژی باش لەسەر بنەمای ( هەستی رۆژنامەنووسە بۆ بینەر):

مەبەست لەم بنەمایە واتە رۆژنامەنووس مکورە لەسەر ئەوەی بینەر لەرووی دەروونییەوە بخاتە نێو کەشی چیرۆکەکە، وەک ئەوەی «بەکارهێنان»ی هەستی پەیامنێرە بۆ بەدواداچوونی رووداوەکان یان چیرۆکەکە. بۆیە لەنێوەندی ریپۆرتاژەکەدا ئەوەی رۆژنامەنووسەکە بینوویەتی یان گوێی لێبووە، گوێمان لێ دەبێ، لەمەش گرنگتر ئەو هەستە گشتییانە دەگوازێتەوە، کە خودی رۆژنامەنووسەکە تیایدا ژیاوە، بەمەش دەگوترێ راپۆرتی مەیدانی یاخود ریپۆرتاژ، سەرکەوتووترین راپۆرتی تەلەفزیۆنی ئەو راپۆرتانەن کاریگەری و شوێنەوارێک لەلای بینەر جێدەهێڵن.

## ٤- دەبێ چیرۆکە روون بێت و لێی تێبگەین:

تێگەیشتن لەخودی رۆژنامەنووسەکەوە دەستپێدەکات،



ئەگەر بەوردی لەچیرۆکەکە نەگەیشت کە دەیەوێ بۆ جەماوەری بگێڕێتەوە، یان نەیتوانی چیرۆکەکە لەوێنەیەکی دەربڕین و رستەی روون و کەمدا بخاتە روو، ئەوا راپۆرتەکە شکست دەهێنێ، هۆکاری روونی چیرۆک سەرەتا لەدیاریکردنی بابەتێکەوە دەستپێدەکات، هەروەها گۆشەی باسەکە بەدیاریکراوی روون بێ، چونکە زۆری بابەتەکان و چوونە ناویەکتری بۆ راپۆرتی تەلەفزیۆنی باش نییە، چونکە هەر باسێک ماوەیەکەی دیاریکراوە و ناتواندرێ هەموو شتێک بگوترێ، بۆیە دەبینی رۆژنامەنووس لێرەدا خۆی بەرامبەر بە ئاستەنگی دەستنیشانکردن دەبینێتەوە، بەلام ئەو پابەندە بەدیاریکردنی بابەتێک تا بەوردی چارەسەری بکات، دەکرێ پیوەری روونی وەلامە روونەکان بەهۆی خستنە رووی دەنگ و وێنە بێ لەوەلامی پرسیارە سەرەکییە ئاساییەکانی نێو رۆژنامەگەری بێت، وەک: چی؟ کێ؟ کەی؟ لەکوێ؟ باشترە وەلامی چۆن؟ بۆچی؟ بداتەوە.

## ٥- دەستنیشانکردنی راپۆرتێکی دیاریکراو بۆ سەرکەوتن:

پێویستە بابەتەکە گرنگ بێ بۆ بینەران و ببێتە هۆی سەرنجراکێشانیان، واتە ئاگاداری نزیکی بێ وەک لەرۆژنامەگەریدا هاتووە لەرووی جوگرافی و دەروونییەوە.

## ٦- دەبێ ئاگاداری ئاکارەکانی پیشە و بەهای مرۆڤایەتی و سۆز بێ و نەکەوێتە نێو پێچەوانەی ئەمە:

مرۆڤ دەستپێک و کۆتایی راپۆرتە تەلەفزیۆنییەکەیە، بۆیە ئاگاداری بەها و سۆز تەنیا بژاردەیەک نییە، بەلکو پێویستییەکی رەوەشت و ئاکاری پیشە و یاساکانیەتی، مەبەستیش لەسوزداری خستنە رووی بۆچوون نییە سەبارەت بە کێشەکانی رەوشت و ئاکار، چونکە ئەمە لەرووی پیشەییەوە بەهەموو شێوەیەک رەتدەکرێتەوە، بۆیە مەبەست لەمە رێزگرتنی خەلکە و نەیخەنە بارێکی ترسناکییەوە، لێرەوە رۆژنامەنووس دەبێ لەکاتی وێنەگرتندا ناوی ئەو کەسە نەلێ، کە باسەکانی پێراگەیاندووە، لەتەک بلاونەکردنەوەی ئەو وێنانەی شکۆی مرۆڤ پێشێل دەکات.

## ٣- جۆرەکانی ڕاپۆرتە مەیدانییەکانی تەلەفزیۆن: لە هەواڵەوە بۆ چیرۆك

دەکرێ جیاوازی لەنێوان ڕاپۆرتەکانی تەلەفزیۆن بکەین ئەمەش بەپێی بابەتەکانی، جیاوازی لەنێوان ڕاپۆرتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و وەرزشی و ئەوانی دیکە



دەکرێ، یان دەتوانیت بەپێی ماوەکەی جیا بکرێتەوە، جیاکاری لەنێوان ئەو ڕاپۆرتانە دەکرێ کە ماوەکەی زۆرجار دوو خولەک و نیوە، زۆر بەکەمیش خۆی لەسێ خولەک نزیک دەکاتەوە، ئەمەش بنەمایەکە بۆ کاری ئەو تەلەفزیۆنانەی ڕۆژانە هەواڵ بڵاودەکەنەوە، واتە جیایە لەو ڕاپۆرتە درێژانەی بەشێوەیەکی جیا پەخش دەکرێ، یاخود لەبەرنامەیەکی تایبەتە یان لە چوارچێوەی گۆڤارە تەلەفزیۆنییەکانە، ئەمەش ڕێک بە دیکۆمینتارییە بچووکەکان دەچێ، کە خۆی لەنێوەندی ٦ یان ١٣ یان ٢٦ خولەکدا دەبینێتەوە.

هەروا دەکرێ جیاوازی لەنێوان ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی بکەین بەو پێیەی برگەیەکی دیاریکراوە بۆ پەخش، لەتەک ئەو ڕاپۆرتانەی ئاراستە دەکرێ بۆ پەخش و لەنێوەندی ئەو بەرنامانەن هەواڵ نین، وەک (گۆڤارەکان (magazine

ئەو بابەتانەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ پەخش دەکەن لەچوارچێوەی ئەو ماوەیەیە، کە بۆیان دیاریکراوە، زۆرجاریش لەوێدا ڕاپۆرتەکان درێژە. بەڵام پێوەری سەرەکی جیاکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی ماوەکەی زیاتر لە سێ خولەک نییە و ئاراستەی لەنێوەندی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان یان بەرنامە و گۆڤارەکاندا پەخش دەکرێ، بەپێی سروشتی ڕاپۆرتەکەیە، لێرەوە ئایا ڕاپۆرتە هەواڵەکانی (pkg بەئینگلیزی یان sujet بەفەرەنسی) یان چیرۆکێکی تەلەفزیۆنی هەواڵی نییە لە (feature بەئینگلیزی یان magazine ( reportage هەمووان بەیەکتر دەچێ.


PRESS

## أ- راپۆرتە هەواڵی تەلەفزیۆنی :pkg

ئەو راپۆرتەیە پەیوەندی هەیە بە رووداوێکی سیاسی یان ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یاخود وەرزشی و ئەوانی دیکە، سروشتێکی هەواڵی هەیە خۆی لەسەر ئەژەندە هەواڵییەکانی دەزگا راگەیاندنەکان دەسەپێنێ، بۆیە دەبینی لەبڵاوکراوە هەواڵییەکانی زۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دووبارە دەبێتەوە، لەکاتێکدا چۆنیەتی چارەسەرکردنەکەی بەپێی هێڵی نووسینی هەر دەزگایەک گۆڕانکاری تیادا هەیە.

زۆرجاریش بەپێی کۆبوونەوەی دەستەی نووسین و پلان بڕیار لەسەر رووماڵی هەواڵەکە دەدرێ، ئەگەر پێشبینی بکرێ رووددا، لەکاتێکدا سەرنووسەر بەخێرایی بڕیار لەسەر رووودانی دەکات.

ئەمجۆرە راپۆرتە بەخێرایی جێبەجێ دەکرێ، چونکە شێوەیەکی خێرایی هەیە و هەر زوو کۆتایی پێدێ، ئەمە لێکچووی ژمێکی گەرمە (ئەگەر زوو نەخورێ سارد دەبێتەوە).

باس لەوە دەکرێ ئامرازی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پاڵەپەستۆیەک دەخاتە سەر رۆژنامەنووس، چونکە زۆرجار دەبینی رۆژنامەنووسەکان لەپێشتردا وێنە و زانیارییەکان بڵاودەکەنەوە، ئەمەش وا دەکا رۆژنامەنووس لەبەرامبەر خێرایی جێبەجێکردنی کارەکانیان دەبنەوە، نەوەک یەکێ دیکە پێشی بکەوێ، بۆیە ماوەی (ژیانی) راپۆرتە هەواڵی تەلەفزیۆن لەم ساڵانەی رابردوودا پاشەکشەی کردووە، لەتەک ئەوەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان مێژووی وێنەکان قۆرخ دەکەن، بۆیە پێویستە جێبەجێکردنی راپۆرتە هەواڵەکان چەند کاتژمێرێکی دوای ئەمەش بەهۆی ئامادەکردن و وێنە و مۆنتاژەکەی.

### نموونەی بابەتی راپۆرتە هەواڵەکان:

ناڕەزاییەکان بەهەموو جۆرەکانییەوە.
کارەساتە سروشتییەکان





## ب- چیرۆکی تەلەفزیۆنی
## feature :

چیرۆکی تەلەفزیۆنی یان فیچەر بەزمانی ئینگلیزی، لەقوتابخانەی فەرەنسیدا ناونراوە ریپۆرتاژ یان گۆڤار، واتە ئەو چیرۆکەیە باس لە چیرۆکێک یان کێشەیەک یاخود بابەتێک دەکات، بەڵام رووماڵی رووداوێک ناکات، ئەمەیان سروشتێکی جۆری هەواڵی نییە، بۆیە جیا دەکرێتەوە بە:

• ئەو چیرۆکە تەلەفزیۆنیانەی هەواڵ نین: شێوەی چیرۆکێکە و خودی خۆی جێبەجێ دەکات، واتە چیرۆکی خەڵکە و پەیوەست نییە بەو دیاردە و کێشانەی لەلای کۆمەڵگە جێگەی بایەخ بێ وەک: چیرۆکی کتێبفرۆشێکی کتێبە بەکارهاتووەکان و بەرامبەر بە تەکنیکی نوێ دەبێتەوە، یاخود چیرۆکی ئەو ئافرەتانەی بۆ سێ مانگ لەزەحمەتیدان و ماڵەوە جێدەهێڵن لە کێڵگەکانی فەراولەدا لە ئیسپانیا کار دەکەن، یان چیرۆکی منداڵانی سەر شەقامی شارێک. لەوانەیە ئەو چیرۆکانە دڵتەنگ بکات یان خۆشیت پێ ببەخشێ، لەلایەکی ئاڵۆز و ساکار بێ تەنیا پەیوەندی بە تاک و چەند کۆمەڵەیەکەوە هەبێ.

دەکرێ ئەو چیرۆکانە پوخت بکرێتەوە بەو پێیەی «چیرۆکێکی ئاسایی نییە بۆ کەسانێکی نائاساییی» وەک (چیرۆکێک پەیوەندیدار بێ بەژیانی پاشایەک یان میرێک یاخود سەبارەت بە یاریزانێکی ناودار بێ).

• ئەو چیرۆکانەی پەیوەندییەکانی بەئاراستەوخۆیی بەرووداوەوە هەیە: ئەم چیرۆکانە خودی رووداوەکە رووماڵ ناکات هەروا نابێتە راپۆرتە

هـەواڵ، بەڵکـو رووماڵـی ئـەو کێشـانە دەکات کـە پەیوەندیـدارە بـەو رووداوە، ئینجـا چ دەرئەنجـام بـێ یـان هـۆکار و ئاوێتەبـوون و شـوێنەوارێک لەسـەر مرۆڤ جێدەهێڵێ وەک جەنگ دەوستێ (ئەمـە رووداوە)ة کەچـی برینـدار و بێ سەرپەرشت لەدوای خۆیدا جێدەهێڵێ.
لەلایەکـی دیکـەوە کێڵگەکانـی میـن لەوانەیـە ببێتـە بابەتێـک بـۆ چەندیـن چیرۆک، هاوکات وشکەساڵی (رووداوە) ئەمەش وا دەکات زۆربەی خەڵکی گوند و دێیـەکان بـەرەو شـار بـڕۆن، هەموو ئەمانـەش پەیوەندیـدارە بـە هـەژاری و نیشـتەجێبوونی لابەلا و کاردنی منداڵان و قەیرانی سیاسـی لەنێـوان دوو وڵاتی هاوسـێ، ئەمـەش هۆیەکـە بـۆ پچڕانـی پەیوەندی لەنێوان ئەو خێزانانەی لەسەر سنووردا نیشتەجێ بوونە.

هاوکات ئەگەر بابەتەکان پەیوەسـت بن بـە رووداوێک یان بابەتێکی سـەربەخۆ، بـەڵام بنەڕەتـی چیرۆکـی تەلەفزیۆنـی پەیوەسـتە بـە کێشـەکانی مـرۆڤ و چیـرۆک و ئـەو شـتانەی پەیوەسـتە بەژیانی رۆژانەی.

بەڵام بەتەواوی بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندیـدار نییـە بەرووداوێـک، ئەمەو چیرۆکـی تەلەفزیۆنـی زۆر بەهێمنـی جێبەجـێ دەکـرێ (ئەگـەر بـەراوردی بکەیـن بـە راپۆرتـە هەواڵـەکان) هەروا دەکـرێ بەرێژەیـەک پەخشـکردنی دوا بخرێ، بەتایبەت بابەتەکانی جۆراوجۆرە وەک سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریین.

## بەشی سێیەم

# ریپۆرتاژی تەلەفزیۆنی
# لە بیرۆکەوە بۆ جێبەجێکردن

رۆژنامەنووس رۆژانە لەتەک ژمارەیەکی زۆر لە هەواڵ و کێشەکان، بۆیە دەکرێ یەکێک لەمانە دەستنیشان بکات، کە دەشێ ببێتە ریپۆرتاژ یان راپۆرتێکی مەیدانی تەلەفزیۆنی، وەک باوە لەنێوەندی کۆبوونەوەی نووسەران یەکێک لەو بابەتانە هەڵدەبژێردرێ، ئەمەش بەئامادەبوونی سەرنووسەر و رۆژنامەنووسان، لەوێدا گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە دەکرێ کە دەیانەوێ لە بڵاوکراوە رۆژانەکان جەختی لێبکەنەوە، دیارە ئەمەش بەپێی ئەژندای رووداو و چیرۆکەکان، کە لەبەردەستدایە، پرۆسەی هەڵبژاردنی بەپێی گرنگی رووداوەکە و هێڵی نووسینی دەزگاکەیە بەپێی توانای دارایی و تەکنیکی، لەمبارەیەوەش کۆرت لیفینی زانای نەمسایی لە ساڵی ١٩٤٧ چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردن داناوە ئەمەش بەپێی چەمکی «پاسەوانی دەروازە» پێیوایە پەیامی پەیوەندی لەمەوە تێپەڕ دەبێ بەو پێیەی کەناڵەکە لەدەورووبەریدا چەندین دیوار و شوێنی تێپەڕبوونی هەیە، بۆیە «پاسەوانی دەروازە» رێگە دەدات ئەو پەیامە پەیوەندیدارە تێپەڕێ، یان بەپێچەوانەوە رێگە نادات.

لەکاتێکدا دیڤید وایتی زانای کۆمەڵناسی چەمکێکی وردی بۆ پاسەوانی دەروازە وێناکردووە، ئەمەش لە توێژینەوەیەکدا گرنگی بەپێوەرەکانی هەڵبژاردنی هەواڵەکان داوە، ئەمەش لەلایەن هەواڵسازانی رۆژنامەیەکی ئەمریکی پشتی پێ دەبەستری، ئەمەش لەنێوەندی پێداچوونەوە بەهەموو ئەو هەواڵانەی لە رۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا جیاوازی لەگەڵ ئەوانە دەکرێ کە پەخش کراون لەتەک ئەوانەی پشتگوێخراون، لەبەرامبەریشدا بەرپرسانی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردن دوای پێداچوونەوە دەزانن پاڵنەری بڕیارەکانیان چی بووە.

توێژینەوەکە بەپوختکراوی گەیشتۆتە ئەوەی بڕیارەکانی «پاسەوانی دەروازە» پەیوەندیدارە بە بەپێوەری خودێکی بەهادار بەبێ ئەوەی مەبەست و هۆشیاریەکی پێشووتری هەبێ، لەوانەیە لەدوتردا پاساوی بۆ بهێنێتەوە، ئەم پێوەرانەی خود و بەهادارانە بەپلەی یەکەم هێڵی نووسین و ئاراستەی دەزگاکەیە، ئەمەش وەک هۆکارێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بابەتانەی شایستەی رووماڵکردنن لەتەک سروشت و قەبارەی ئەو رووماڵکردنە.

## ١- یەکەمجار بیرۆکەکە: پێوەری دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی بابەتەکانی راپۆرتەکانی تەلەفزیۆن:

جگە لەو گفتوگۆیە تیۆریەی، کە پەیوەستە بەو پێوەرانەی رۆژنامەنووسان پشتی پێدەبەستن بۆ دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی چارەسەری دەکەن، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو پێوەرانە تێکەڵ بە بنەمای بابەتیانەی پیشەیی و خودییەکانی دەزگاکە دەبن، ئەمەو لە پەیمانگەکانی رۆژنامەوانە قوتابی فێری دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی هەواڵ دەبن: نوێ ( دەبێ هەواڵەکە نوێ بێ)، گرنگییەکەشی لەوەدایە (گرنگ بێ)، نزیکایەتییەکی هەبێ ( لەرووی جوگرافی یان دەروونی بۆ ئەو جەماوەرەی دەزگا راگەیاندنەکە ئاراستەیان دەکات) دەبێ سەیر بێ ( توانای سەرسوڕمان و سەرنجراکێشی هەبێ)، بەڵام چەندین پێوەری دیکە هەیە و پەیوەستە بە هێڵی نووسین و ئاراستەکردنی دەزگاکە لەتەک پەیوەندییە سیاسی و داراییەکان، ئەوە جگە لەو جەماوەرەی دەزگاکە بابەتەکانی ئاراستەی دەکات.

بۆیە زۆر گرنگە لەکاتی دەستنیشانکردنی بابەتەکان و ئەو کاتەی رۆژنامەنووس کار لەسەر راپۆرتە تەلەفزیۆنییەکە دەکات پێویستە مکوڕ بێ لەسەر :

- ئاگادار بوون لەبەردەستبوونی یەکێک لەمەرجە بابەتییەکان، کە وا دەکات بابەتەکە ببێتە چیرۆکێکی تەلەفزیرنی و لەپێشتریشدا باسمان لێوەکردووە وەک: نوێ-گرنگی و نزیکایەتی و سەیرییەکەی.
- مکوڕبوون لەسەر ئەوەی بابەتەکان دووبارە نەبێتەوە: ئەمەو رۆژنامەنووسی زیرەک بەدوای گۆشەی دووبارەدا ناگەڕێ، بۆیە گونجاوترە «لەدەرەوەی سندووقەکە » بیر بکاتەوە.
- هەندێک بابەت هەن خۆی دەسەپێنێ بەو پێیەی رووداوی کاتژمێرە، بەڵام گۆشەی چارەسەرکردنەکەی دەکرێ بەردەوام دارشتێکی نوێ بەخۆیەوە بگرێ، بۆیە پێویستە گۆشەی چارەسەکردنەکان لایەنی داهێنەرانەی پێوە دیار بێ.
- پێویستە بەئاگاییەوە بابەتەکە دەستنیشان بکەی، تا لەگەڵ سۆزی بینەردا بێ، نەوەک وا هەست بکات لەپێشتردا ئەو کارەی بینووە (déjà vu).

## تیشکێك: جیاوازی لەنێوان دەستنیشانکردنی بابەتی راپۆرتە هەواڵ چیرۆکە تەلەفزیۆنییەکان چییە؟

لەرایۆرتە هەواڵی تەلەفزیۆنیدا: بابەتەکە خۆی (دەسەپێنێ) ئەمەش لەنیوەندی ئەو رووداوانەی روودەدات، زۆرجاریش لەهەمان رۆژدا دیاری دەکرێ، لەوانەشە لەنێوەندی پلانەکەدا پێشبینی کرابێ. زۆرجاران لە لەکۆبوونەوەی دەستەی نووسین پێشنیاز دەکرێ، لێرەوە سەرنووسەر رۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لەدیاریکردنی. لەکاتێکدا راپۆرتە جۆراوجۆرەکانی تەلەفزیۆن لەمجۆرە راپۆرتە هەواڵن، بۆیە هێڵ و ئاراستەی نووسین و کارایی رۆژنامەنووسی ئامادەکاری راپۆرتەکە رۆڵیکی گرنگ دەگێڕێ لەدەستنیشانکردن و هەڵبژاردن و دارشتنی راپۆرتەکە و وێنا و رووە گشتییەکەی.

نموونە: خۆپیشاندانی کریکاران دژ بەحکومەت، بۆیە چونیەتی چارەسەرکردنی لەنێوان تەلەفزیۆنێکی حکومی و ئۆپزسیۆنێک دەگۆڕێ.

بەڵام چیرۆکە تەلەفزیۆنییەکان: بابەتەکانی هەواڵی نین، ئەگەر لایەنێکی هەواڵیشی تیادا بێ. بۆیە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی لەلای رۆژنامەنووسەکەیە بۆ چۆنیەتی دیاریکردنی و هەستە رۆژنامەوانییەکەی لەتەک بەدواچوونە بەردەوامەکانی، ئەمەو چیرۆکێکی بچووک لە رۆژنامەیەکدا یان وێنەیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانەیە ببێتە چیرۆکێکی تەلەفزیۆنی.

نموونە: لەشاری تستور توونسدا خەڵک گۆڕ بۆ خۆیان هەڵدەکەنن، لەکاتێکدا ئەوان زیندوون.

هەروە چیرۆکی راهێنانی مارەکان لەنێو گۆڕەپانی «مزگەوتی ئەلفنا» لەمەراکش واتە لە «راوکردنیەوە تا راهێنانی).،

## ٢- ۆشەی باسکردن: دوورکەوتنەوە لەباسە گشتییەکان

تەنیا دەستنیشانکردنی بابەتی راپۆرتی تەلەفزیۆن بەسش نییە بۆ ئەوەی دەست بەجێبەجێکردنی بکەیت، پێویستە گۆشە باسکردن و چارەسەرکردنەکەی دیاری بکەیت، چونکە چەندین گۆشەی چارەسەرکردن بەخۆیەوە دەگرێ و ناشکرێ لەراپۆرتێکی دوو خولەک و نیو دەستی بۆ ببەیت، بۆیە لەسەر رۆژنامەنووسە هەر گۆشەیەک دیاری بکات تا لەنێوەندی راپۆرتەکەیدا جەختی لێبکاتەوە، ئەمەش بەپێی ئەو زانیاری و پێشیانەی لەلایدا هەیە.

دەکرێ گۆشەی چارەسەرکردن دیاری بکەیت ئەمەش بەپوختکردنەوەی لە پرسیارێکی روون بۆ چارەسەرکردنی راپۆرتەکە، رۆژنامەنووس ئەگەر لەباسکردنی راپۆرتە درێژەکان چەند گۆشەیەکی هەیە، بەڵام ئەمە لەنێوەندی راپۆرتە هەواڵێکدا بەدەست نایەت، کە ماوەکەی دیاریکراوە.

گۆشە خۆی لە دیاریکردنی زانیارییەکە لەسەرەتادا دەبینێتەوە، ئەمەش لەپێش ئەوەی تیمی رۆژنامەوانی بچنە گۆرەپان، هەروا خۆی لەنێوەندی داوە رێکخراوەکەدا دەبینێتەوە، کە لەدەورووبەری رییۆرتاژەکەدا دەخولێتەوە، ئەمە بەرووونی رەنگدانەوەی هێڵی نووسین و ئاراستەی ئەو دەزگایەیە کە رۆژنامەنووسەکە کاری تیادا دەکات، بەتایبەتیش لە بابەتە گەرمەکانی هەواڵ، هەروەها پەیوەستە بەهەموو شتێکی نوێوە، یاخود پەیوەستە بەو جەماوەرەی کە رۆژنامەنووسەکی ئاراستەیان دەکات، لێرەشدا رۆژنامەنووس بەپێی تواناکانی دەیخاتە روو.



## چەندین نموونەی گۆشەی باسکردن یان چارەسەرکردن:

نموونەی ١: گرفتەکانی فێرکردن لەولاتێکدا
ناکرێ بابەتەکە لەراپۆرتێکی تەلەفزیۆنیدا بەو قەبارە چارەسەر بکرێ، بۆیە لەسەر رۆژنامەنووس پێویستە گۆشەکانی باسکردنی ورد و دیاریکراو بێ.

لەوانەیە گۆشەی باسکردنەکە « پچڕانی قوتابییان لە خوێندن بێ» بەو پێیەی یەکێکە لەدیارەکانی قەیرانەکە، بەلام سەرەڕایی دیاریکردنی بابەتەکە، بەلام گۆشەی باسکردنەکەی تا ئێستا پێویستە بەوردبوونەوە هەیە، ئەمەش لەدوای پچڕانی منداڵانە لەقوتابخانەکان، لەگەڵ ئەوەی ئەم پچڕانە و نەچوونە چەندین هۆکاری هەبێ و رێژەی جیاوازی هەبێ لەنێوان دێ و گوندەکاندا، بۆیە باشترە گۆشەی باسکردنەکە وردتر بێ، بەمەش بابەتەکە دەبێتە « پچڕانی قوتابییان لە دێهاتەکان هۆکارەکەی دووری قوتابخانەکانە».

بەو شێوەیە گۆشەکە دیاریدەکرێ، بەمەش جێبەجێکردنی راپۆرتەکە روون دەبێ، بێگومان دەکرێ وێنەگرتن لەگوندێکدا بێ قوتابخانەی تیادا نەبێ، قوتابییانیش ناچار دەبن رێگەی دوور ببڕن تاوەکو وانەکانیان وەربگرن، ئەمە هۆیەکە لەپچڕانی بەشێکی زۆر لەخوێندندا، بەتایبەتی کچەکان، چونکە باوانیان ترسیان هەیە لەو تەمەنە بچووکەدا ئەو رێگە دوورە ببڕن.

ئەوەی گونجاویشە بەدوای خێزانێکدا بگەڕێن، کە منداڵەکانیان لەتەمەنێکی بچووک وازیان لەخوێندن هێناوە، هەرلەو ژینگە سروشتییەدا وێنەیان بگرین (زۆرجار شوانکارە و لەکشتوکاڵدا کار دەکەن، چونکە وێنەی چیرۆکەکە لە دێهات»دایە، لەپاشاندا لەتەک ئەو منداڵانە رێگە دوور و درێژەکان بۆ قوتابخانە دەبڕین، لەوانەشە وێنەی نێو پۆلەکە بگرین و لێدوان لەقوتابییان و مامۆستایان یان بەڕێوەبەری قوتابخانە سەبارەت بەپچڕانیان وەربگرین.

نموونەی ٢: گۆڕانی کەش و هەوا:
لەوانەیە قسەکردن سەبارەت بە گۆڕانی کەش و هەوا بابەتێکی گرنگ بێ، بەلام لەکوێوە دەست بەبابەتەکە بکەین و لەکوێدا کۆتایی پێ بێنین؟ چۆن بتوانین ناوەڕۆکە لەراپۆرتێکی تەلەفزیۆنی دوو خولەک و نیو باس بکەین؟

راپۆرتێک سەبارەت بە دووڕگەیەک لەساڵانی داهاتوو بەهۆی زیادبوونی ئاو هەڕەشەی نغرۆبوونی لەسەرە، ئەمەش بەهۆی گیربوونە گەرمییەکان لەکەش و هەوادا، دەکرێ ئەمە گۆشەیەکی گونجاو بێ سەبارەت بەگۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا و لە راپۆرتێکی تەلەفزیۆنیدا باسی لێوە بکەیت، ئەگەر نەتواندرا گەشت بکەیت، ئەوا دەکرێ بەدوای گۆشە ناوخۆییە گونجاوەکاندا بگەڕێیت، بۆ نموونەش «ئەزموونی سەرکەوتوو بۆ پاراستنی ژینگە« ئەمەش بەهۆی یەکلاکردنەوەی پاشماوەکان و دووبارە بەکارهێنانەوە، یاخود باس لە ئەزموونێکی ناوخۆیی سەبارەت بە دارچاندن بکەیت لەو گەڕەکەی ئێستا ناونراوە بەگەڕەکە سەوزەکە.

## بەشی چوارەم

# لەبیرۆکەوە بۆ پەخشکردن: قوناغەکانی ئامادەکردنی راپۆرتێکی تەلەفزیۆنی

لەپاش ئەوەی رۆژنامەنووسەکە بابەتەکەی دیاری دەکات و ئەو گۆشەی دەیەوێ جەختی لێبکاتەوە، ئایا دەبێ راستەوخۆ بچێتە مەیدانەکە و دەست بەوێنەگرتن بکات؟ ئەگەر وایکرد ئەوا هەڵەیەکی گەورەی کرد، دەرئەنجامی ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر کوالیتی راپۆرتەکە دەبێ، هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر دەدا، بەڵام لەوانەیە ئەوەی پێویستە پێی نەگات، کە دوای لێکراوە، بۆچی؟ چونکە خۆی لەنێوان قوناغی بیرۆکە و جێبەجێکردنی تێپەڕاندووە کە پێیدەگوترێ قۆناغی ئامادەکردن، لەم قۆناغەدا رۆژنامەنووسە سەرەتاییەکان بەچاوێکی سووک سەیری دەکەن، بەڵام ئەمەیان ساتێکی گرنگە بۆ دروستکردنی راپۆرتێکی مەیدانی تەلەفزیۆنی. تا چەند وردتر بیت ئەوا رەنگدانەوەی دەبێ لەسەر جوانی ئامادەکردنەکە لەمەیدان و کوالیتی راپۆرتەکە بەرز دەبێ لەکاتی نمایشکردنیدا.

بەشێوەیەکی گشتی سێ قوناغ هەن لەئامادەکردنی راپۆرتی مەیدانی تەلەفزیۆنیدا، بەمشێوەیەی خوارەوە:

- ئامادەکردنی پێشینە
- کاری مەیدانی: وێنەگرتن و تۆمارکردن
- رەهەندی بەرهەمهێنان: نووسین و تۆمارکردنی دەقەکە (سکریبت) مۆنتاژ و میکساژ

دەکرێ ئەم قۆناغانیە بەقۆناغی ئامادەکردنی ژەمێك بچوێنین:

- ئەمەو ئامادەکردنی پێشینە خۆی لە دیاریکردنی ژەمەکە دەنوێنێ، کە دەیخوات هاوکات دەستنیشانکردنەکە لەنێوان ئەوەی بەردەستە بەپێی پێوەرەکان وەک: ئارەزووی ئەندامانی خێزانەکە و بوودجەی بەردەست، ئەوەی لەبازاڕدا هەیە، گریمان خێزانەکە ژەمێکی ماسییان دەستنیشانکرد ( بیرۆکەی ژەم=بیرۆکەی راپۆرتەکە) ئەم دەستنیشانکردنەش کۆتایی بەپێشینەی ئامادەکردن ناهێنێ، بەڵکو دەبێ سروشتی ئەو ژەمە دیاری بکرێ: واتە جۆری ماسییەکەیە بۆ سوورکردنەوە، لەتەک ئەو شتانەی لەسەر مێزەکە هەیە (وردبینی لە دیاریکردنی ژەمەکە =

گۆشەی باسکردنەکە) هەروەها دەبێ ئەو بازاڕ دیاری بکرێ کە بۆی دەچیت و ئەو بڕە پارەیەی پێویستتە، لەگەڵ لیستی پێویست بۆ ئامادەکردنی ژەمەکە (ئامادەکردنی پێشینە).

• لەپاش ئەمە قۆناغی چوونە نێو گۆڕەپان و مەیدان دەستپێدەکات (چوون بەرەو بازاڕ) بۆ کڕینی ئەو پێویستیانەی لەپێشتردا دیاریتکردووە، لێرەوە پێشینەی ئامادەکردن بەدەردەکەوێ، ئەگەر شتەکان بەوردی دیاریکرابێ ئەوا پرۆسەکە بەجوانی و بەخێرایی دەکرێ، باوای دابنێین کەسێک بەرەو بازاڕ ڕۆیشت، لەپێش ئەوەی بەوردی شتەکانی دیاری نەکرد بۆ ئامادەکردنی ژەمەکەی، بێگومان هەوڵ و کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدات، لەوانەشە کاتێک دەگەڕێتەوە ماڵەوە کەموکوڕی لەکەلوپەلەکانیدا هەبێ یان زیاترە لەپێویستییەکان ( ئەوا لەلایەن هاوسەرەکەیەوە سزا دەدرێ )، ئەمەش گرنگی پێشینەی ئامادەکردن بەدەردەخا بۆ ژەمێک خواردن، بەهەمان شێوەش ڕیپۆرتاژ دەگرێتەوە.

• لەپاش گەڕانەوەی لەبازاڕ، قۆناغی لێنان دەستپێدەکات ( ڕەهەندی بەرهەمهێنان) ئەم کارەش پێویستی بە زیرەکی و کارایی هەیە، چونکە هەموو هەوڵ و ماندووبوون و داراییەکان هیچ شوێنەوارێکی نامێنێ واتە لە نێوەندی دەفری کۆتایدا.

ئەمانەی خوارەوەش هەر سێ قۆناغە لە ریپۆرتاژی تەلەفزیۆنیدا:

## ١- پێشینەی ئامادەکردن:

لەپاش دیاریکردنی بیرۆکەی راپۆرت و گۆشەی باسکردن، دەستدەکرێ بەئامادەکردن تا بابەتی ریپۆرتاژەکە، لەتەنیا بیرۆکەیەکەوە بکرێتە چیرۆکێکی وێنەدار، ئەمەو پێشینەی ئامادەکردن لە راپۆرتداخۆی لەچوار ئاستی پێویستدا دەبینێتەوە وەک: ئامادەکردنی نووسین و ئامادەکاری بۆ رێکخستن و ئامادەکاری یاسایی و ئامادەکردنی تەکنیکی.

### أ- ئامادەکردنی نووسین:

لەپاش دیاریکردنی بابەت و دیاریکردنی گۆشەی چارەسەرکردن، پێویستە بیرۆکەکە ملکەچی چەندین پرسیار بکەیت وەک: ئایا گۆشەکە بۆ جەماوەر گرنگە؟ وردە؟ روونە؟ ئایا دەکرێ بیگۆڕیت بۆ وێنەیەکی تەلەفزیۆنی.

- جێبەجێکردنی توێژینەوەیەکی بەڵگەیی: ئەمەش قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاری پێویستە، کە پەیوەستە بە راپۆرتەکەوە وەک ژمارە و ئاماری ورد و بەدواداچوون بۆ وردی زانیارییەکان.

- دیاریکردنی چاوپێکەوتن و پەیوەندیکردن: لەم قۆناغەدا دەبێ کەسانی گونجاو دیاری بکرێ بۆ چاوپێکەوتن. بەڵام ئەوانە کێن؟ چی دەکەن؟ پێویستە چ پرسیارێکیان ئاراستە بکرێ؟

- توێژینەوە لەحاڵەتی گونجاو بۆ بابەتەکە لەکاتی پێویستدا: لە راپۆرتی تەلەفزیۆنیدا دەبێ لەزاری پاڵەوانەکانەوە چیرۆکەکە بگێڕدرێتەوە، ئەوە جگە لەچاوپێکەوتن لەگەڵ کردە و بەرپرس و شایەتحاڵ و پسپۆران، هەروەها چەندین چاوپێکەوتنی دیکە تا بەرجەستەی حاڵەتەکانی دیکە ببێت و لەنێوەندی ریپۆرتاژەکەدا باس دەکرێ، وەک باسکردنی پەناهەندەکان، ئەگەر راپۆرتە باسی لەپەناهەندەیی کرد، یان مامۆستا و قوتابییەک ئەگەر باسەکە سەبارەت بە فێرکردن و پەروەردە، یاخود لەگەڵ خێزانیدا بدوێ ئەگەر باسەکە پەیوەندیدار بوو بە جەژنێک و تیایدا خێزانەکە لەیەکتر کۆدەبێتەوە..

- دیاریکردنی ناوەرۆکی بینین: لەم قۆناغەدا دیاریکردنی دیمەن و وێنە پەیوەستدارەکان بەنوێترین چیرۆک، کە لەناو راپۆرتەکەدا بەکار دەهێندرێ، هەتا ئەگەر رۆیشتن بێ لەمەیدان و گۆڕەپانەکەدا، ئەوا رۆژنامەنووس و ( هەندێکجار بەرهەمهێنەر) یەکسەر بەرەو ئامانجەکە هەنگاو دەنێ.

- دیاریکردنی سەرەتاییەکانی وێنەگرتن: لەهەموو راپۆرتێکی تەلەفزیۆنیدا چەندین گرتەی پێویست هەن، ئەمەش بڕبڕەی پشتی راپۆرتەکەیە، هەروا هەندێک گرتەی زیاتر وا لەراپۆرتەکە دەکات بەهێز و جوانتر بێ، هاوکات گرتە یەدەگەکان لەوانەیە هاوکار بێ بۆ گۆڕینی نەخشەی راپۆرتەکە، رێکخستنی ئەم سەرەتایانە لەپێش ئەوەی بچیتە مەیدان و گۆڕەپانەکە دەکرێ.

• جیبەجێکر دنی بنیاتی تیۆری راپۆرتەکە (story board) : تیایدا وێنەی بینینی راپۆرتەکە دەنووسرێتەوە، لەبنیاتی تیۆریەدا تیمی کار ناوەرۆکی چیرۆکەکە دیاری دەکات، کە ریپۆرتاژەکە دەیگێڕێتەوە وەک : برگەکان، دیمەنەکان، چۆن راپۆرتەکە دەستپێدەکات و چۆن کۆتایی دێ، ئەم بنیاتەش وەک راپۆرتێکی خەملێندراوە لەشێوە کۆتاییەکەی لەپێش ئەوەی بچیتە گۆڕەپان، ئەم بنیاتە تیۆریەش کۆمەڵێک مەبەست دەپێکی وەک:

• ریگە بەبەراوردکردنی بیرۆکەی راپۆرتەکە دەدا لەگەڵ واقیعدا، چونکە بنیاتی تیۆری هەر بەتیۆری دەمینێتەوە تا ئەو کاتەی لەگۆڕەپاندا تاقیدەکرێتەوە، هەروا هۆیەکە بۆ بەدەستهێنانی باشترین گرتە بەبێ ئەوەی ئەو پابەندە بەرزبکاتەوە کە خەملێندراوە، چونکە وشەی یەکلاکەرەوە مەیدان و گۆڕەپانە، لەوانەیە ئەم مەیدانە چەندین شتی لەناکاوی لێ بێتەکایەوە و هۆیەک بێت بۆ بەهێزبوون و لاواز بوونی راپۆرتەکە.

• دەکرێ کاتەکە لەمەیدان و گۆڕەپاند کورت بکرێتەوە، چونکە رۆیشتن بەرەو مەیدان بەبێ وێنایەکی روون واتە ئاڵۆزی، زۆرجاریش وێنە و چاوپێکەوتنێکی زۆری لێ بکەوێتەوە و لەدواتریشدا بەکار نەیێت.

• ئاسانکردنی پرۆسەی مۆنتاژ لەکاتی گەڕانەوە، چونکە وێنەگرتن بەبێ وێنایەکی روون وا دەکات کار مۆنتاژ ئاڵۆزکاو بێ، لەم کاتەدا رۆژنامەنووس و مۆنتێر خۆیان لەبەرامبەر وێنەیەکی زۆردا دەبینەوە، لەکاتێکدا ماوەی راپۆرتەکە دوو خولەک و نیوە.

• تیمی تۆمارکردن خۆیان لەو چاوپێکەوتنانە دوور دەخەنەوە کە پێویست نییە، هەندێکجار رۆژنامەنووس لەخەیاڵی وێنە و چاوپێکەوتنی زۆرە، لەمەوەش تۆمارکردن زیاتر چاوپێکەوتنەکان دەکات، کەچی ئەمانە ناچێتە ناو راپۆرتی کۆتایی، چونکە کاتەکە دیاریکراوە، ئەمەش پەیوەندیدارە بە متمانەوە، کە دەیبەستێتەوە بەسەرچاوەکان.

## ب- ئامادەکردنی رێکخستن و یاسایی:

پیشەی رۆژنامەوانی لەزۆرێک وڵاتدا دەکەوێتە ژێر باری یاسایەکی دیکە، چونکە بەپێ ئاستی ئازادی یاساکانیش گۆڕانی بەسەردا دێ، ئەگەر هاتوو وێنەگرتنەکە لەشەقامێکی گشتی بوو، لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپی پێویستی بەمۆڵەت نییە، چونکە خۆی لەئازادی دەربڕیندا دەبینێتەوە، بەڵام کارەکە لەوڵاتێکی دیکەجا جیایە و تیایدا مەرجە مۆڵەتی تایبەتی وەربگری، هەروەها لە زۆربەی وڵاتاندا وێنەگرتن لەهەندێک شوێنی گرنگدا قەدەغەیە ئەگەر مۆڵەتی تایبەتیت نەبێ وەک دەزگا سەربازی و حکومییەکان، لەلایەکی دیکەوە لەهەندێک وڵاتی ئەورووپی رێگرن لە وێنەگرتن ئەگەر تەنیا ستاند بێ بەبێ کامیرا، تەنیا ئەو کاتە نەبێ مۆڵەتی تایبەتیت وەرگرتووە، چونکە پێیوایە « موڵکی گشتی داگیر کردووە» بۆیە زۆر گرنگە

ئاگاداری یاساکانی ئەو وڵاتە بیت کە تیایدا وێنە دەگریت، دەبێ پێش ئەوەی بچیتە ناو شەقام بیزانیت، ئەمەش لەنێوەندی :

- بەدەستهێنانی مۆڵەتی پێویست: ناسنامەی رۆژنامەوانی، مۆڵەتی تایبەت بۆ چەند شوێنێک، مۆڵەتی وێنەگرتن لەو وڵاتانەی رەتیدەکاتەوە.
- جەختکردنەوە لەو یاسایانەی لەبواری وێنەگرتن کاری پێدەکرێ: وەک رێگری دەکەن لەنیشاندانی رووخساری منداڵان لەهەندێک وڵاتدا.
- جەختکردنەوە لەهەندێک کێشەی پەیوەستبوو بە مافی مولکداری: وەک میوزیک و وێنەی تایبەت.
- سەردانیکردنی هەندێک شوێن پێش ئەوەی لەکاتی پێویستدا پێویستیت بەوێنەگرتن بێ.



## ج- ئامادەکاری تەکنیکی :

١- دیاریکردنی ئامێری تەکنیکی پێویست بۆ وێنەگرتن: بەپێی پلان و کاتەکە و شوێنەکانی وێنەگرتن کەرەستە تەکنیکییە پێویستەکان دیاری دەکرێ، ئەمەش بەپێی دۆخی وێنەگرتنەکە، ئایا وێنەگرتنەکە لەشەودا دەبێ یان لەرۆژدا، یاخود لەژوورەوەیە یان لەدەرەوە؟

٢- جەختکردنەوە لە ئامێرەکان: کامیرا، رووناکی، مایکرۆفۆنەکان، رەنگدانەوەی رووناکی، پاتری، میمۆری و کاسیەتی ئامادەکراو ).هەندێکجار بەهۆی ساکاری ئەمانە دەبێتە هۆی شکستهێنانی راپۆرتەکە، یان بەدرەنگەوە ئەنجام دەدری)،

## ٢-کاری مەیدانی: وێنەگرتن و چاوپێکەوتنەکان

لەپاش کۆتایهێنان بە ئامادەکردن تیایدا رۆژنامەنووس و بەرهەمهێنەر و وێنەگر لەم پرۆسەیە بەشدارن، کاتی چوون بەرەو گۆرەپانی کار دێ یاخود چوون بەرەو قۆناغی تاقیکردنەوەی وێنا تیۆرییەکانە لەوێدا.

ئەم قۆناغە زۆر گرنگە، چونکە قۆناغێکی نێوەندە و پشت بەپێشتر دەبەستێ ( پێشینەی ئامادەکاری). لەپاش ئەمە (رەهەندی بەرهەم) دادەمەزرێ، سەرکەوتنی ئەم قۆناغەش پەیوەندیدارە بەباشی ئامادەکردنەکەوە، لەمەوەش رەوتی قۆناغی کۆتایی دیاریدەکات، لێرەوەش تەنیا ئاماژەی گشتی دەدرێ، لەبەشێکی دیکەدا تایبەت بەبنەماکانی وێنەگرتن و چاوپێکەوتنەکان دەدوێن (سەیری تەوەرەکانی تایبەت بە وێنە و چاوپێکەوتنەکان بکە).

## ٣- رەهەندی بەرەهەمهێنان:

ناونراوە رەهەند بەو پێیەی لەگۆرەپاندا دەگەڕێتەوە و ئەمانەی خوارەوەش دەگرێتەوە:

- دانانی ئەو ماددەیەی وێنەی گیراوە
- دەستنیشانکردنی برگەکان
- دەستنیشانکردنی چاوپێکەوتنەکان
- دانانی پلان بۆ مۆنتاژکردن
- کۆتایهێنان بەسکریپت
- خوێندنەوەی کۆمێنت و تۆمارکردنی دەنگ لەتەک بەهەندهەڵگرتنی ( ژێ، ئاواز، هەناسەدان)
- کۆتایهێنان بەمۆنتاژ
- میکساژ

ئەم قۆناغە لەبەشەکانی دیکە جیا دەکەینەوە، کە خۆی لەبنەمای مۆنتاژ و نووسینی راپۆرتەکانی تەلەفزیۆن دەبینێتەوە.

## بەشی پێنجەم

# پێکهاتەی راپۆرتی تەلەفزیۆن: ئامێری جۆراوجۆر..ئاوازێك

وەکچۆن دەرمانی سەرکەوتوو هەیە، هاوکات راپۆرتی سەرکەوتوو بۆ تەلەفزیۆن دەرئەنجامی تێکەڵەیەکی جۆراوجۆرە, ئەگەر یەکێک لەپێکهاتەکانی تیادا نەبێ, یان دەرمانەکە کەم و زۆری تیادا بێ, ئەوا بەروونی کار لە کوالیتی و بەهای راپۆرتەکە دەکات, لەکاتێکدا ماوەی راپۆرتەکە زۆر کورتە و ناتواندرێ بەفراوانی ئەنجام بدرێ, بەڵام پەندەکە لەوەدایە سەبارەت بەچۆنیەتی و چڕییە, قسەکردن سەبارەت بە پێکهاتەی راپۆرتی تەلەفزیۆنی پێویستییەکی بابەتییانەیە, چونکە خودی راپۆرتی تەلەفزیۆن یەکەیە تەواوکاری یەکترە, بەهەمان شێوەی پارچە میوزیکێکە, کە بەهۆی چەندین ئامێری میوزیکی دەکرێ بەبێ ئەوەی جیاوازی لەنێوان ئامێرێک و ئامێرێکی دیکەدا هەبێ, گرنگ ئەوەیە ئەو ئاوازەی دانراوە و دەیژەنێ لەچەند ئامێرێکی کۆکراوەیە, ئەگەر ئامێرێک توند بوو ئەوا نەشاز دەردەچێ پارچە میوزیکەکە تێک دەدا.

لەرووی بابەتیانەی پەتی پێویستە پێکهاتەی رەگەزەکانی راپۆرت دابەش بکرێ, دەکرێ بڵێین وێنە کۆڵەگەی سەرەکی راپۆرتی مەیدانییە, بەڵکو بنەمای سەرەکی تەلەفزیۆنە بەگشتی, هیچ تەلەفزیۆنێک بەبێ وێنە نییە, ئەمەو لەراپۆرتی تەلەفزیۆنیدا وەک ماددەیەکی بەجۆش و سەرەکییە, گرنگییەکەی هیچی کەمتر نییە لەدەرمانێکی سەرکەوتوو.

لەراپۆرتی باشی تەلەفزیۆنیدا, پێویستە وێنەی بەهێز هەبێ, لەنێوەندی ئەمەوە خەڵک چیرۆک و گێڕانەوەکان بەچاوان ببینن, چاوپێکەوتنەکانیش تیایدا گێڕانەوەی پاڵەوان و پەیوەندیدارەکانە بۆ خستنەرووی شایەتحاڵی و هەڵوێستیان, خستنە رووەکان وێنەکان بەروونی نیشان دەدات, دەنگە سروشتییەکەش بینەر دەخاتە نێو کەشی چیرۆکەکە و دەیخاتە نێو جیهانەکەی. وەستانی لەبەرامبەر کامیرا هۆیەکە تا پەیامنێری راپۆرتەکە راستگۆیی پێ ببەخشرێ, بەتایبەت ئەو کاتەی لەهەمان شوێن و چوارچێوە و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بەدەردەکەوێ.

لەم دەروازەیە باس لەهەر پێنج پێکهاتەی راپۆرتی تەلەفزیۆنی دەکەین، کە ئەمانەیە: وێنە، سکریبیت, چاوپێکەوتنەکان, دەنگێکی سروشتی و وەستان بەرامبەر بەکامیرا.

## یەکەم: وێنە، پشت و کۆڵەگەی سەرەکی ڕاپۆرتەکە

بنەڕەتی وکاری سەرەکی تەلەفزیۆنە، ئەگەر بکرێ تەلەفزیۆن لەوشەیەکدا کۆبکەینەوە ئەوا وێنەیە، بەلآم کاتێك باس لە وێنەی تەلەفزیۆن دەکەین، ئەوا ئێمە باس لەزمانێکی تایبەت دەکەین، کە پێیدەگوترێ زمانی تەلەفزیۆن یان زمانی بینین.

بەهەمان شێوەی زمانی زارەکییە، ئەمەو زمانی بینین بنەمای خۆی تیایدا تییدەگەیت بۆ پەیوەندییەکان، ئەگەر وشە بچووکترین پێکهاتە بێ لە هەر زمانێکدا، ئەوا گرتە پێکهاتەیەکی بچووکە لە زمانی بینین.

لەبەشی دواتردا جەخت لە گرتە دەکەینەوە لەرووی : جۆرەکانی، قەبارە و بەکارهێنانەکانی و پەیوەندی بەجوولەی کامیراوە.

### أ- جۆرەکانی گرتە: قەبارە لە خزمەتی ماناد‌ا

لەرووی قەبارە جیاوازی هەیە لەنێو جۆرە جیاوازەکانی گرتەکان، هەر گرتەیەک لەزمانی تەلەفزیۆندا مانا و بەڵگەیەکە:

### ١- گرتەی گشتی:

پێناسەکەی: وەک ناوەکەیەتی، ئەمەو ئەم گرتەیە فراوانە، لەدوورەوە وەردەگیرێ و وێنای شوێن و کاتەک و ئەو ڕێڕەوە بەدەردەخا، کە چیرۆکەکەی تیادایە، لەتەک ئەو کەسانەی لەو گرتانەیە، دەکرێ بەقەبارەیەکی بچووک دەربکەون و وەک ئەوەی نغرۆی ئەو دیمەنە بن، جەستەکان لەترۆپکی سەریان تا پەنجەی پێیەکانیان بەدەردەکەوێ، تیایدا دیمەنەکە تەواوکارە، لەنێوەندی ئەمەوەش کردە و جوولە لەرێڕەوە گشتییەکەی دیمەنەکەیە.

بەمارهێنانی: ئەم گرتەیە بۆ وەسفی شوێن ( شار، گوند، دارستان، کارگە. ڕێگە، ماڵێک..هتد) یان کاتی (ڕۆژئاوابوون. ڕۆژهەڵات..هتد) یان کەشێکی ( شەختە و بەفر..هتد)، ئامانجیش لەمە دەرکەوتنی وێنەی گشتی ڕووداوێکە نەک ناوەڕۆکەکەی، زۆرجار ئەو گرتەیە لەسەرەتای ڕاپۆرتەکانی تەلەفزیۆنی بەکار دێ، کە ناونراوە بە «گرتەی دامەزراندن».

### ٢- گرتەی گشتگیر:



پێناسەکەی: هاوشێوەی چەمکی گرتەی گشتییە، بەڵام جیاوازییەکی وردی هەیە، جەختکردنەوە لە گرتەی گشتگیر بۆ سەر ئەو کەسانەیە، کە بەشی سەرەکی دیمەنەکەن.

بەکارهێنانەکانی: ئەم گرتەیە دوو رۆڵی هەیە، وەک شوێن و کەشەکە وەسفدەکات و لەتەک سەرتای کردە و جوولەکانە، هاوکات بینەر دەزانێت خەڵک چی دەکات و زۆرجاریش ئەمە لەسەرەتای دیمەنەکە (برگە)کە بەکاردێ، رێخۆشکەرە بۆ دیاریکردنی ئەو شوێنەی رووداوەکەی تیادایە، بینەر روانینێکی گشتگیری دەبێ.

## ٣- گرتەی مامناوەند



پێناسەکەی: گرتەیەکە نزیکە لە گرتەی گشتگیر و گشتی، تیایدا کەسەکە بەتەواوی دەبیندرێ، لەتەک رەگەزی ئەو شوێنەی تیایدایە و جەختکردنەوە لە کەسەکان لەکاتی جوولە و کردەیەکانی، نەک شوێنەکە، ئەمەش یەکێکە لەو گرتە ئاساییانەی تەلەفزیۆرنە، چونکە رەنگدانەوەی دەبێ لەسەر شێوە سروشتییەکانی روانینی چاو بەتایبەت لە پەیوەندییە کەسییەکان، واتە کەسە وا دەردەکەوێ وەکچۆن لەواقیعدا دەیبینین.

بەکارهێنانەکانی: بەکار دێ بۆ پێشکەشکردنی کەسێک یان روونکردنەوەی کردەیەک، زۆرجار وێنەگرتنی کەسێک لەپێیەکانی تا چۆکی تا دەگاتە سەری، ئەمەش وەک گرتەیەکی نێوەند بەکار دێ لەناو گرتەی گشتی و گرتەی نزیک.

## ٤- گرتەی ئەمریکی:




پێناسەکەی: ئەو گرتەیە تیایدا کەسێک لەچۆکیەوە بەرەو سەرەوە نیشان دەدات، بە ئەمریکی ناونراوە، چونکە زۆر لە فیلمەکانی رۆژئاوایی ئەمریکی بەکار دەهات، لەوێدا دەمانچە هەڵواسراوەکانی سەر ران بەدەردەکەوێ، ئەمەش دەتواندرێ بەجۆرێک لە گرتە مامناوەندییەکان دابندرێ.

بەکارهێنانەکانی: بینەر لەکەسایەتیەکان نزیک دەکاتەوە.

## ٥- گرتەی ئیتاڵی:




پێناسەکەی: لەم گرتەیەدا خوارەوەی چۆک بەدەردەخا, بەڵام پێیەکانی نیشان نادا, هەمان شێوەی گرتەی ئەمریکی, هەروەها گرتەی ئیتاڵی وەک گرتەی مامناوەند و نزیکە.

بەکارهێنانەکانی: نزیککردنەوەی بینەر لەکەسایەتییەکان

## ٦- گرتەی نزیك:



پێناسەکەی: گرتەیەکی ناوەڕۆکەکە بەدەردەخا, ئەگەر کارەکە پەیوەست بێ بەکەسێک یان شوێنێک یاخود شتێک یان دۆخێک.

بەکارهێنانەکانی: لەتەک ئەوەی رۆڵی هەیە لەروونکردنەوەی ناوەڕۆک، ئەمەو گرتەی نزیکتر –نزیک گرنگییەکی زۆر بە چیرۆکەکە دەدات, ئەمەش بەهۆی نزیککردنەوەی بینەر لە ناوەڕۆک, مەبەست لەمەش سەرنجڕاکێشانیەتی, لەتەک ئەمەشدا تارادەیەک گرتەیەکی بەجۆشە, چونکە ئەوەی بەتەواوی بەچاوان دەبینین گرتەکانی مامناوەندی و گشتگیرە, هەروا جەخت لە گرتە نزیکەکان ناکەینەوە, تەنیا ئەو کاتە نەبێ چوارچێوەکە بەجۆشن لەنێوەندی (خێزان, هاوڕێیەکان...هتد).

هەروا ئەم گرتەیە رێخۆشکەرە بەبینینی هەڵچوون و دەربڕینی رووخسارەکان, ئەمەش شیکردنەوە و ناوەڕۆک دەبەخشێتە بینەر و سەرنجی رادەکێشێ و هەست و سۆزی بۆی دەجوولێ.

زۆرجار جیاوازی لەنێوان گرتەی نزیک و گرتەی زۆر نزیک دەکەین, ئەمەو گرتەی نزیک بۆ رووخساری کەسەکەیە, بەڵام گرتەی زۆر نزیک بۆ چاویەتی یان کاتێک فرمێسکی لێ دێتەخوارەوە, هەروەهای دەکرێ گرتەی نزیک بۆ گوڵێکی پشکوتوو بێ, بەڵام گرتەی زۆر نزیک بۆ میشەنگوینێکە کاتێک بۆن و بەرامی گوڵێک دەکات یان دڵۆپەیەک لەسەر لەسەر خونچە گوڵێکە.

## ٧- گرتەی بەرهەڵست یان گرتەی بەردەوام-بڕینەکان



پێناسەکەی: زۆرجار لەنزیکە یان زۆر نزیکە، وەک ناوەکەیەتی هاوشێوەی رستە بەرهەڵستەکانە.

بەکارهێنانەکانی: سەرەکی نییە، بەڵام بەشدارە بۆ تێگەیشتن، رۆڵی سەرەکیشی یارمەتیدەری گواستنەوەیەکی ئاسانە لەکاتی مۆنتاژدا، بۆیە دەکرێ بیچوێنین بە پارچەیەک لەزگە، ئەمەش بەکاردێ بۆ پرۆسەی بڕینەکان لەمۆنتاژدا.

نموونەی ئەو گرتانە: گرتەی ئاڵا لەنووسینگەی وەزیرێك یان بەرپرسێک کاتێک پرسیاری لێدەکەین، دەکرێ بەئاسانی لەوێنەی بەرپرسەکەوە لەراپۆرتەکە بیگوازینەوە بۆ دیمەنی چاوپێکەوتنەکە، سەرەڕایی ئەوەی ئەم گرتەیە بەهایەکی گرنگی بۆ هەواڵەکان نییە، بەڵام بەها جوانییەکەی گەورەیە بەو پێیەی رێگەدەدات تا مۆنتاژێکی ئاسانی بۆ بکەین، هەروا بەبێ ئەمەش بیگوازینەوە بەبێ پەیوەندییەکی لۆژیکی، نموونەش بۆ ئەمە:

- گرتەی یەکەم : بەرپرسەکە دەخوێنێتەوە

- گرتەی دووەم: بەرپرسەکە تەلەفۆن دەکا

گوازتنەوە لەنێوان گرتەی یەکەم و دووەم بەبێ پەیوەندییەکی لۆژیکی بەیەکتر بەستراوەتەوە، چونکە کەسەکە لەحاڵەتی خوێندنەوە بۆ قسەکردن لەتەلەفۆن ناچێ، دەبێ چەند جوولەیەکی دیاریکراو بکات، وەک دانانی کتێبەکە و هەڵگرتنی تەلەفۆنەکە...هتد.

چۆن چارەسەری نەبوونی بەیەکتر بەستنەوەی لۆژیکی بکەین؟

بەسانایی بەبەکارهێناتی گرتەیەکی بەردەوامبوو-یان بڕدراو ئەوا دیمەنەکە بەم شێوەی خوارەوە دەبێ:

- گرتەی یەکەم: بەرپرسەکە کتێب دەخوێنێتەوە
- گرتەی دووەم: گرتەیەکی نزیکی ئاڵاکە ( بەرپرسەکە بەدەرناکەوێ)
- گرتەی سێیەم: بەرپرسەکە بەتەلەفۆن قسە دەکات.

ئێستا گواستنەوەکان لۆژیکییە، بۆچی؟ چونکە بینەر پێیوایە بەرپرسەکە کتێبەکەی داناوە و تەلەفۆنەکەی هەڵگرتووە لەو کاتەی ئاڵاکە لەشاشەدا بەدەردەکەوێ.

تێبینییەک: زۆرێک لەوێنەگر و رۆژنامەنووسان ئەمجۆرە گرتانە

پەراێزدەخا، بەهۆی ئەمەشەوە رووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە یان لەکاتی مۆنتاژدا هەڵە دەکەن، بۆیە دەبێ لەکاتی وێنەگرتندا ئاگادار بێت تا ئەو جۆرە گرتانە بەدەست بێنیت، لێرەوەش چەندین نموونەی دیکە دەخەینە روو:

- وێنەی لافیتەکان لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا: ئەمە وەک گرتەیەکی بڕدراوە، ئەمە لەو کاتەدا بەهایەکی زیاتر دەداتە هەواڵەکان، ئەوەی نووسراوە زیاتر باسەگە دەوڵەمەند دەکات.

- وێنەی کتێب هیچ پەیوەندییەکی بەبابەتی نووسینگەی پزیشک و چالاکوان و پارێزەرێک نییە.

- وێنەی نیشانەیەک لەبەرۆکی سەربازێکدا.

## ٨- گرتەی دیمەنەکە:




پێناسەکەی: گرتەیەک بەڵام نزیک لەدیمەنەکە بۆ گرتەیە، ئەمەش گرتەیە چونکە پرۆسەی وێنەگرتن بەردەوامە و پچڕاندنی تیادا نییە، هەروا دیمەنە، چونکە لەکاتی مۆنتاژدا چەند گرتەیەکی بەدواداچوونی بەردەوام هەیە.

بەکارهێنانەکانی: گرتەی دیمەنێک بۆ بەدواداچوون بۆ کەسێک یان شتێک بەکار دێ، ئەمەش لەکاتی جوولەی بەردەوامی بێ پچڕان، ئەمە تایبەتە بە وێنەی جوولاو نەک وەستاو، ئامانجیش لەمە دەرکەوتنی دیمەنەکەیە بەگشتی هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی یان هێز و جوانیەتی.

نموونە:کەسێک خۆپیشاندانێکدا پۆلیس هەوڵدەدات دەستگیری بکات، بەڵام لەدەستیان رادەکات، لێرەوە دەکرێ وێنەی بگیرێ وەک چوارچێوەیەکی بەردەوامبوون لەو کاتەی هەولدەدات لەدەستی پۆلیسدا رابکات، ئەم گرتەیە درێژە ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ گرتەکانی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا ماوەکەی خودی هێزی وێنە و گرنگی هەواڵ و جوانییەکی دیاری دەکات.

ئەم گرتانە بەردی بناغەی وێنەگرتنە لە وێنەگرتنی تەلەفزیۆنیدا، پێویستە وێنەگر ئاگاداری پرۆسەی وێنەگرتنی جۆراودجۆر بێ لەبارەی قەبارەی گرتەکان بەپێی بنەماکانی زمانی بینین و بەڵگەی وێنەیی، ئەمەو دیاریکردنی گرتەیەک نەک ئەوانی دیکە پێویستە بەپێی هێڵی رێکخراو بێ تا هاوکاری بکات و چیرۆکە تەلەفزیۆنییەکەی جوان و لێی تێبگەن.

هەروەها قەبارە رەگەزێکی سەرەکییە

بۆ جیاوازی گرتەکان، ئەمەو جوولەی کامیرا دوا پێوەر دەنوێنێ لەنێوان گرتەکاندا، ناکرێ ئەو جوولانە هەر یەک لەلایەک بێ بەڵکو مانا و بەڵگە بدات بەدەستەوە.

## ب- جوولەی کامیرا: ڕێڕەو و مانا

جگە لەقەبارەی گرتە، لە وینەگرتنی تەلەفزیۆنی جیاوازی هەیە لەنێوان گرتەی چەسپاو و گرتەی جوولاو:

### ١- گرتەی چەسپاو:

پێناسەکەی: ئەو گرتەیە کامیرای چەسپاو دەیگرێ، ئەمەش بڕبڕەی پشتی ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنییە، هەروا بنەڕەتی ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنییە، چونکە بەکارهێنانی پێویستی بەپاساو نییە، بەپێچەوانەی گرتە جوولاوەکان کە پاساو هەیە بۆ بەکارهێنانی.

### ٢- گرتەی پانۆرامی-pan right Pan left-tilt up-tilt down:

پێناسەکەی : لەم گرتەیە کامیرا لەنێوان دوو خاڵدا دەجولێ (أ-ب) لەڕاستەوە بۆ باکوور یان پێچەوانە، یاخود لەسەرەوە بۆ خوارەوە یان پێچەوانە، بەڵام بەبێ ئەوەی کامیراکەی لەدەستدایە بجوولێ.

ڕۆڵی گرتە: ئامانجی ئەو گرتەیە:

- پێشکەشکردنی زانیاری سەبارەت بە قەبارە پەیوەندیدارەکانی شوێن، وەک دیارخستنی چڕی جەماوەر لە گۆڕەپانی تۆپی پێدا، کامیرا لەڕاستەوە بەرەو گۆڕەپان دەجوولێ یان لەچەپ و پێچەوانەوەکەی، یاخود بەدیارخستنی گردبوونەوەیەک لەنێو خۆپیشاندانێک کاتێک بەشەقامدا تێپەڕ دەبن، یان بەدیارخستنی تابلۆیەکی گەورە.

- دیاریکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان دوو ڕەگەز، کە لە گرتەیەکی چەسپاودا بەدەرناکەون.

نموونە: گرتەیەکی پانوورامی قوتابییان بۆ شاشەی نمایشکردن لەنێوەندی پۆلێکدا، لێرەوە بینەران ئەوە دەزانن، کە قوتابییان سەیری شاشەی نمایشەکە دەکەن.

بنەمای سەرەکی : گرتەی پانۆرامی لەسەرەتادا چەسپاوە و کۆتاییەکەشی هەر چەسپاوە، واتە کامیرا لەخاڵیکدا جوولە دەکات و لەدوای جوولەکەشی لە خاڵی أ بێ پچڕانە، ئەو کاتەش دەوەستێ کە دەچێتە سەر خاڵی ب.

لەکاتی وێنەگرتندا بۆیە لەسەر وێنەگر پێویستە ئاگاداری گرتە پانۆرامیەکان بێ لەمەڕ خێرایی جوولە و ماوەکەیدا، واباشترە ماوەکەی لەنێوان چوار تا حەوت چرکە بێ، ئەگەر ماوەی گرتەکە درێژ بێ، لەو کاتەدا ناچار دەبێ لەکاتی جوولەدا ببڕێ، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک قبوول نییە.

### ٣- گرتەی تێپەڕ travelling shot :

پێناسەکەی: لەم گرتەیەدا کامیرا و ئەوەی هەڵیگرتووە بەیەکەوە دەجوولێن و خودی وێنەگرەکەش دەجووڵێ یان ستاندی کامیراکە دەجووڵێ ئەمەش بەهۆی سکەیەک track لەسەر دادەنرێ ( ئەمەش لەبەرهەمە گەورەکان بەکار دێ)، بۆ ئەم گرتەیە دەکرێ بۆ ئاستی سێ ڕەهەند بێ ( سەروو-خوارەوە، ڕاست-باکوور، بەرامبەر-دواوە).

ڕۆڵی:

- ڕێگە بەدۆزینەوەی فەزایەکی گۆڕدرای ناچەسپاو دەدا.

- زۆر بەجۆسش، جوولەکە وا لەبینەر دەکات لەناو ڕووداوەکەدا بێ.

### ٤- زووم- نزیککردنەوە یان دوورخستنەوە in-out )zoom) :

پێناسەکەی: پرۆسەیەکزی بینینە کار لەسەر نزیککردنەوە شتێکی دوور دەکات یان پێچەوانە، لەنێوەندی زوومەوە کامیرا ناجولێت، بەڵکو لەرێگەی گۆڕینی دووری هاوێنەکەیەوە.

ڕۆڵی:

- شت و کەس و دۆخە دوورەکان نزیک دەکاتەوە، جگە لە بەرەهەندی ئاسایی دەتوانێت پێی بگەیت.

- بینەر هەست بەوە دەکات شتێکی دۆزیوەتەوە ئەگەر لە زووم ئاوت بێ zoom (out کە لە گرتەی نزیکەوە سەرچاوە دەگرێ و هاوێنەی کامیرا پلە بەپلە دەکرێتەوە تا دیمەنەکە لەدوورەوە بگوازێتەوە یان لە زووم ئینداin zoom دیمەنەکە دوورەکە نزیکی دەکاتەوە.

تێبینیەک: باشترە کەمتر ئەو جوولەیە بەکاربێنیت، چونکە نزیککردنەوەی شتێکی دوور لەرێگەی زووم کاریگەری دەبێ لەسەر کوالیتی وێنەکە، باشترین ڕێگەش نزیککردنەوەی کامیرایە لەو شتەی بابەتی وێنەگرتنەکەیە.

## ج-دانانی کامیرا: لەپێش مۆنتاژدا

نابێ جۆراوجۆری لە قەبارەی گرتەکان بکەین، لەکاتی جوولەی کامیرا و لەنێوەندی پرۆسەی وێنەگرتندا، هەروا دەبێ وێنەگرتنەکە بەشێوەیەک بێ پرۆسەی مۆنتاژ ئاسان بکات و ڕاپۆرتەکە ڕەهەندی جوانی هەبێ.

لەنێوەندی ڕۆڵەکانی تەلەفزیۆن دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کرانەوە دروست بکەین، لەمەوە پەیامێری تەلەفوزیۆن هاوشێوەی گێڕەرەوەیە کە چیرۆکە دەگێڕێتەوە، تەنیا چیرۆکە بەس نییە تا خەڵک لێی کۆببێتەوە، بەڵکو دەبێ هونەرەکانی گێڕانەوە و شێوەیەکی بەباشی بێ، ئەگەر شتەکانی نوێ و بەجۆش نەبێ، بێگومان خەڵک لێی دووردەکەوێتەوە.

وێنەی گونجاو یەکێکە لەکۆڵەگەکانی چیرۆکی بەجۆش لەڕاپۆرتی مەیدانی تەلەفزیۆنیدا، بۆیە لەسەر پەیامنێری

تەلەفزیۆن–وێنەگرە ئەوە بەهەند وەربگرێ، کە لەپاش وێنەگرتن مۆنتاژ دێ, ئەمەو مۆنتاژی گونجاو بەهۆی وێنەگرتنێکی باشەوە دێتەکایەوە.

راستە داهێنان لەوێنەگرتندا پەیوەندیدارە بە بەهرە و توانای وەرگرتنی دیمەنی باش, لەلایەکی دیکەوە راهێنان و جۆری کامیرا و دۆخی وێنەگرتن و چەندین شتی دیکە هۆکارن, بەڵام چەندین بنەمای سەرەکی هەیە یارمەتیدەرن بۆ بەدەستهێنانی وێنەی باش و ئاسانکردنی پرۆسەی مۆنتاژ, ئەمەش جوانی دەداتە راپۆرتەکە و چیرۆکەکە بەجۆش دەکات.

ئەو تەکنیکانەی پەیوەستن بە دانانی کامیرا:

• دوو وێنەی بەرامبەر بەیەک:کارەکە پەیوەستە بەدوو گرتەی لەدوای یەک لەدوو تەوەری بەرامبەر بەیەک, رۆڵی لەدوای یەکەکان شیکردنەوەی گرتەی یەکەمە، دواتر هەردوو گرتە یەکتری تەواو دەکەن.

نموونە:

– گرتەی یەکەم, بەرپرسێک وتار دەدا, گرتەی بەرامبەری ئەو جەماوەرەیە کە سەیری دەکات, لێرەوە بینەر لەوە تێدەگات ئەو جەماوەرەی سەیری دەکرد, ئەوا سەیری بەرپرسەکەیان دەکرد, کە وتاری دەدا.

– گرتەی یەکەم یاریزانەکان لەگۆڕەپانی توپی پێدانت، گرتەی دووەم بۆ ئەو جەماوەریە هاوار دەکات, بۆیە یەکسەر لەوە تێدەگەین ئەو جەماوەرەی هاوار دەکات هانی تیمەکەی دەدات.

– گرتەی یەکەم وێنەی رێبوارەکانن لە چایخانەیەکدا و چاوەکانیان بەرەو بەرزی دەڕوانێ, گرتەی دووەم شاشەی تەلەفزیۆنە, لێرە لەوە دەگەین رێبوار و دانیشتووەکانی ناو چایخانە سەیری تەلەفزیۆن دەکەن.

– گرتەی دەرەوەی بواری وێنەگرتن hors champs: باس «لەدەرەوەی وێنەگرتن» دەکەین کاتێک گرتەکە ئاماژە بەدەرەوەی چوارچێوەکەی دەکات، واتە ئەوەی لەگرتەکە بەدەردەکەوێ، مەبەست لێی وەرچەرخانە بۆ ئەو شتانەی دیار نییە، ئەم دەستنیشانکردنە هەردەم زانیاری نوێ دەبەخشێن ئەگەر نا هیچ مانایەکی نییە، گەڵا بەمانای درخت دێ، ئاوێنەی ئۆتۆمبێل واتە ئۆتۆمبیلێک بوونی هەیە، قۆپچەی کراسێک واتە کەسێک بوونی هەیە.

– گرتەی پشت شان یان گرتەیەکی دیکە amorce: ئەم گرتەیە بۆ گفتوگۆکردن لەنێوان دوو کەسدا بەکار دێ یان کۆمەڵە کەسێک، لەوێدا شان نزیکەی سێ چوارچێوەی هەیە، لەکاتێکدا سێ بەشی گرتەکە بۆ دیمەنی کەسانی دیکەیە یان بەشێکی دیکەی دیمەنەکە، شان لێرەدا رەگەزی سەرەکی وێنە نییە، بەڵام قووڵایی پێ دەبەخشێ،دەکرێ پەیوەندی بەشتێکەوە دیکەوە هەبێ جگە لە شان،وەک بەشێک لە درەخت و دیوار و رووخسارێک.

• تارمایی روون flou–net: کارەکە پەیوەندیدارە بەبەکارهێنانی جوانی هاوێنەی کامیرا، ئەمەش خۆی لەبەردەرکەوتنی دوو شتدا دەبینی لەهەمان گرتەدا، یەکەمیان روونە و

دووەمیان ناروونە، لەپاشاندا هاوێنەی کامیرا راستدەکرێتەوە، لەمەوەش روونییەکە دەبێتە تارمایی و تارمایش روون دەبێتەوە.

ئەم گرتەیە ئامانجی ئەوەیە شێوەیەکی هونەر لە روونی و لە تارمایی وێنەکە بەدەربخا، ئەمەش جۆرێک لەگرتەی جوانی دەهێنێتەئارا، لەوەشەوە بەدەردەکەوێ کە گرتەکە تارماییە.

• چوونە نێو چوارچێوەی وێنە یان چوونە دەرەوە: لەکاتی بەکارهێنانی وێنەگرتنی کەس و ئاژەڵ و شتە جوولاوەکانی وەک ئۆتۆمبێل یان فرۆکە و شتەکانی دیکە بەکار دێ.

نموونەی ١: گرتەی بەشێکی قوتابییان کاتێک مامۆستا دەچێتە پۆلەکەیان.

جگە لەو مانایەی گرتەکە بەخۆیەوە دەنوێنێ، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێ بۆ مۆنتاژ و دووردەکەوێتەوە لە هەڵە، ئەمەش ناونراوە بە جەمپی مۆنتاژ jump لەکاتێکدا هاتنە دەرەوەی کەسێک لە چوارچێوەکە ئاسانکارییە تا ئەو کاتەی بەرەو گرتەیەکی دیکەی جیا هەنگاو دەنێیت.

نموونەی دووەم: گرتەی قوتابییەک کاتێک لەماڵ دێتە دەرەوە, ئەمەش دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی وێنەکە. لەپاشاندا دەتوانین گرتەیەکی دیکە لەناو پاسدا وەربگرین یاخود لەسەر پلیەکانی زانکۆدا، چونکە چوونە دەرەوەی لەچوارچێوەی وێنەکە ئەوا توانیمان خۆمان بپارێزین لەقورسی یەک لەدوای یەکی ڕێڕەوی مۆنتاژدا .

• وێنەی گۆشە لەسەرەوە یان لەخوارەوە: کار لەسەر وێنەگرتنی کەسەکان دەکات، بەشێوەیەک کامیرا لەسەر ئاستی بەرز یان نزمە، ئەمەش کاریگەری دەبێ لەسەر سروشتی وێنە و شێوەکەی.

دەکرێ ئەم دەستنیشانکردنە ئامانجی هەبێ، چونکە کاریگەری دەبێ لەسەر قەبارەی کەس و شتەکان یان ئەوەتا بەبچووکی یان بە گەورەیی لەقەبارەی راستەقینەی خۆیدا بەدەریدەخا، وێنە لەخوارەوە بگیرێ ئەوا کەسەکە هەستی بە مەزنی دەکا، پێچەوانەی وێنە لەسەرەوە ئەوا بوونەوەرەکە بچووک بەدەردەکەوێ، زۆرجار ئەو دەستنیشانکردنە جێگرەوەی جوولەی کامیرایە.

## دووەم: دە بنەمای سەرەکی بۆ نووسینی وێنەیی: ماناکەی لەنێوەندی هاوێنەکەدا

کاتێک بەرەو مەیدان و گۆرەپان دەڕۆی، لەسەرەتا بەپرۆسەی وێنەگرتن دەست پێدەکات، پێویستە ئەوەت لەیاد بێ ئامانجی راپۆرتی تەلەفزیۆنی «گێرانەوەی چیرۆکێکە» ئەو وێنانەی دەگیرێ دەبێ توانای گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بەشێوەیەکی روون هەبێ.

دەبێ ئەوەشت لەیاد بێ سەرەتای تەلەفزیۆن وێنەیە نەک دەق، دەق هۆیەکە بۆ تەواوکاری وێنە و قەرەبووی

ناکاتـەوە، ئەمـەو بینەر ئەگـەر توانـای ئـەوەی نەبێ لەچیرۆکـی راپۆرتەکە تێ بـگات، ئەوا پێویسـت نـاکات، کەواتە بە شـێوەیەکی گشـتی لـەرووی وێنـەوە راپۆرتەکە شکستی هێنا.

وێنـەی خەسـڵەت و نیشـانە و زمانـی تەلەفزیۆنـە، بۆیـە قۆناغـی سـەرەکی وێنەگرتنـە لەبنیاتنانـی راپۆرتـی تەلەفزیۆنیدا، ئەگـەر قۆناغێکـی گرنگ نەبێ، لەکاتێکدا وێنەگرتنی سـەرکەوتوو کۆکـەرەوەی نێـوان زانیـاری روون هاوینەکەیە، ئەم کارەش ناکرێ بنەماکان لەگۆڕەپاندا بەهەند وەرنەگیرێ ئەمانەی خوارەوەش بەشەکانیەتی:

## ١- ریپۆرتـاژ لە مەیداندا بنیاتدەنرێ:

رۆژنامەنـووس دەبـێ لێگـەڕێ بـارووداوەکان بەردەوامبێ و کامیراش تۆماری بکات، دەسـت نەخاتە کاروباری کەسـانی دیکە جگە لەکارەکەی خۆی، با لێگەڕێ بەئارەزووی خۆیان هەلسوکەوت بکـەن وەکچـۆن پێشـتر بەهەمان شـێوە بـوون، رۆژنامەنـووس دەرهێنەرێکـی سـینەمایی نییـە تـا کەسـایەتییەکان بەرێوەببـات، بەڵکـو بـا لێیانگـەڕێ لـە ژینگەکـەی خۆیاندا هەڵسـوکەوت بکەن، ئەمـەش هۆیەکە تـا ریپۆرتاژە گرنگ بێ و راستگۆیی تیادا بێ.

جیاکارییەکان:

• ئەگـەر بکـرێ هەندێکجـار شـوێنی وێنەگرتنەکـە بگـۆڕدرێ ( بـەڵام ناکرێ شـوێنی دیاردەکـە بگـۆڕدرێ) ئەمـەش نەوەک تووشی گرفتی رووناکی بێ یان دووکەوێتەوە لەژاوە ژاو.

• دەکرێ وێنەگرەکە داوا لەیەکێک بکات بـۆ چوونـە ژوورەوە و هاتنـە دەرەوە لەو شوێنە تا گرتەیەک وەربگرێ مانای هەبێ، یان جوولەیـەک بکات کە رۆژانە دووبـارەی دەکاتـەوە، وەک ئـەوەی راوچی دووبارە تیرەکەی داوێتەوە.

ئاگاداربوون لە پیشەگەری و ئاکارەکان:

• لەوانەیـە رۆژنامەنـووس بچێتـە نێـو سنوورێکەوە بەشـێوەیەک رووداوەکان نەگـۆڕێ، دەبـێ دۆخەکە چۆن بێ بەو شـێوەیە بێ، جگە لەوەش دەستخسـتنە کاریان دوورە لە ئاکارەکانی پیشەکەی، لەمبارەیـەوە رۆژنامەنـووس خـۆی رووبـەڕووی بەرپرسـیاریەتی یاسـایی و پیشـەگەری دەبێتەوە، کاتێک باسـمان لە پێشـینەی ئامادەکردن کرد سەبارەت بەئامادەکردنی وێنا یان بنیاتنانی تیۆری راپۆرتەکـە، بـەڵام لێـرە رۆژنامەنووس نابێ سـیناریۆی دیکە بهێنێتەکایەوە، کە بوونـی نییە، یان هەوڵبدات راسـتییەکان بشـارێتەوە بەپێـی وێنـەی سـیناریۆیە دانراوەکـە، چونکـە مەیـدان بنەڕەتـی ریپۆرتاژەکـە و وتوێژکردنـە لەگـەڵ واقیـع تـا هەمـوو ئـەو شـتانە بکاتـە دروستکراوێکی واقیعی خەملێندراو.

• ناکرێ رۆژنامەنووس داوا لەکەسـێک بـکات کارێـک بـکات تـا رەنگدانـەوەی راسـتییەکان نەبـێ، یـان کارێـک بـکات پێچەوانەی یاسـا بـێ، یان کارێگەریەکی

نەریتی هەبێ لەسەر ئەو کەسەی وێنەی دەگرێ، نموونەی ئەمەش کاتێک ڕۆژنامەنووس داوا لە خۆپیشاندەران دەکات پۆلیس بەردباران بکەن، یان خۆی داوا لەخەڵک بکات نارەزایەتی دەربڕن تا ئەو بێ وێنەیان بگرێ.

چەند نموونەیەک لەبارەی هەڵەی پیشەییەوە:

- لەنێوەندی ئەو هەڵە پیشەییانەی ڕۆژنامەنووس تێی دەکەون، زیاتر هۆکاری دەنگی گولەیە بەتایبەتی لەکاتی ڕووماڵکردن یەکێک لەشەڕەکان، ئەو کاتەی لەبەرامبەر کامیرادا دەوەستێ لەوانەیە ڕۆژنامەنووسەکە دوورتر بکەوێتەوە وا نیشان بدات گولە هاوێشتن دەست پێدەکات و لێی دوور نییە، تا خۆی بەپاڵەوان نیشان بدا لەلای بینەران ( ئەمە بەراستی ڕوویداوە، بەڵام گرفتی گەورەی پیشەیی بۆ ڕۆژنامەنووسەکە ناوەتەوە، لەپاش ئەوەی ڕاستییەکانی ئاوەژوو کردووە).

## ٢- وێنەگرتن بەپێی هێڵی ڕێکخراوە کە بەستراوەتەوە بە گۆشەی چارەسەر:

وەکچۆن لەنووسیندا هەیە، بۆیە دەبێ هێڵێکی ڕێکخراو لەنێوان وێنەی ئەوەی لەمەیداندا دەگیرێ، ئەمەش وادەکات پرۆسەی وێنەگرتن ئاسانتر بێ و کاتەکە کەمتر بکاتەوە، بەنەبوونی ئەو هێڵە ڕێکخراوە ئەوا ڕۆژنامەنووس بۆ وێنەگرتن هەوڵ و کاتێکی زۆر بەهەدەر دەدا، لێرەدا خۆی بەرامبەر زۆرێک لەوێنەکان دەبینێتەوە بەبێ ئەوەی ڕێکیخستبێ، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی گێڕانەوەی وێنەکان و پرۆسەی مۆنتاژ ئاڵۆز دەکات.

ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیە بۆ هێڵی ڕێکخراو لەهەندێک بابەت کە دەشێت ببێتە چیرۆکی تەلەفزیۆنی:

- ڕاپۆرتێک سەبارەت بە ڕێپیوانەکانی نارەزایی ئەو پەناهەندانەی بەفەرمی نەهاتوون.

ئەوەی گونجاوە کامیراکە هەڵگریت بەرەو مەیدان بڕۆیت تا وێنەی ڕێپیوانەکە بگریت تا هێڵی ڕێکخەرەکە هەموو لایەنێکی ڕاپۆرتەکە بگرێتەوە، ئەگەر ڕێپیوانەکە ڕەگەزی سەرەکی ڕاپۆرتەکە بوو، ئەوا ئەمە تەنیا بەس نییە بۆ جێبەجێکردنی ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی ئەوا باشترە لەپێش ڕێپیوانەکە بیت و چەندین دیمەنی دیکە هەبێ تا ڕاپۆرتەکەت جێبەجێ بکەیت بەمشێوەیەی خوارەوە:

- دیمەنی یەکەم: ژیانی ڕۆژانەی پەناهەندیەک، کە بەشێوەیەکی نافەرمی کار دەکات، لەوانەشە لەوەرشەیەکی خانوو دروستکردن دابێ یان دەستگێڕە یان هەر شتێکی دیکە لەو کانەی پەناهەندە نافەرمییەکان دەیکەن.

- دیمەنی دووەم: هەمان پەناهەندە لەنێوەندی ڕێپیوانەکە دابێ و داوای چاککردنی دۆخی پەناهەندەکان دەکات.

• دیمەنی سێیەم: چەند گرتەیەکی جۆراوجۆری ڕێپیوانەکە و وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان بداتەوە وەک : چی؟ کێ؟ کەی؟ لەکوێ؟ ئەمەو لەنێوەندی قەبارەی ڕێپیوانەکە لەڕێگەی وێنە و ژمارەی ڕێپیوانەکە دەزانین، (گرتەیەکی پانۆرامی ڕێپیوانەکە لەیەکەمەوە تا کۆتایی نیشان بدات، ئەمەش شتێکی گونجاوە). لەڕێگەی وێنەکانەی شوێنەکە دەزانین کوێیە کە پەناهەندەکانی تیادا کۆبووەتەوە یان ئەوەتا شەقامە یان گۆڕەپانێکە، چونکە کارەکە پەیوەستە بە پەناهەندەکان، لەکاتێکدا هیچ نووسراوێکیان نییە و هەردەم خۆیان دەشارنەوە، کەچی ئەمجارە هاتوونەتە شەقامێکی گشتی و دەزانین ئەوانە بۆ هاتوونەتە دەرەوە ئەمەش لەڕێگەی چەندین گرتەی نزیکی لافیتەکان گکە تیایدا باس لەداواکارییەکان دەکەن و هاوار دەکەن، هەروا دەزانین کێن ئەوانەی پشتگیریان دەکەن لەوانەیە کۆمەڵەکانی ماف یان ڕێکخراوەکانی بەرگری لە پەناهەندەکان بێ.....

• دیمەنی چوارەم دیمەنی وەزارەتی ناوخۆ- پۆلیس و ئاسایش چاودێری یان ڕێگری لە ڕێپیوانەکە دەکەن- ڕووبەڕووبوونەوە..هتد.

## ٣- وێنەگرتنی دیمەن و بڕگە نەك تەنیا گرتەی تاك:

ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی کۆمەڵێک بڕگەی بەیەکتر بەستراوی دیمەنەکانە، دەتوانین گرتەیەک بچوێنین بەوشەیەک، بەڵام ئەم وشەیە بەپێی زمانەوانی هیچ مانایەکی نییە ئەگەر وشەی دیکەی بۆ زیاتر نەکرێ، بۆیە دەبێ بەهەندی وەربگرین تا ڕستەیەک دابنێین، هەروا دەبێ وێنەگرتن لەمەیداندا بێ بەپێی ڕستەکان نەک وشەیەک، واتە دیمەنەکان، نەک تەنیا چەند گرتەیەک، بۆیە بەپێی بنەماکان ئەوا دەبێ ئێمە کۆمەڵە گرتەیەکی لەدوای یەکی جۆراوجۆر بگرین کە قەبارە و گۆشەکانی لەلای بینەران زانراو بێ.

ڕاهێنان: وێنەگرتنی چەند دیمەنێکی بێدەنگ ( کۆمەڵێک لەگرتەی لەدوای یەک) بەبێ ئەوەی قسەی تیادا بێ، بەمەرجێک ئەو دیمەنانە بیرۆکەیەکی ڕوون بداتە بینەر سەبارەت بەوەی ڕوودەدا، واتە پشت بەستن بەوێنە وەک زمانێکی وتار بەبێ وشەکان.

نموونە: وێنەگرتنی کەسێک دەچێتە سەرتاش: گرتەیەکی فراوان کاتێک دەچێتە شوێنی سەرتاشەکە- گرتەیەکی مامناوەندی کاتێک لەسەر کورسی سەرتاشین دادەنیشێ-گرتەیەکی زۆر نزیکی مقەستەکە و دەستی سەرتاش درێژ دەبێتەوە-گرتەیەکی نزیکی مقەستەکە-گرتەیەکی مامناوەندی سەرتاش و ئەو کەسەی دانیشتووە لەنێوەندی بڕینی قژیدا.

## ٤- کاریگەری کۆلیتشوف:

ئەمەش ئەزموونێکی گرنگە لەلایەن « لیف کۆلیتشوف »ی دەرهێنەری

رووسی لەساڵی ١٩٢١ خستیه روو بەتایبەت ئەو کاتەی بەڕێوەبەری پەیمانگەی باڵای سینەما بوو لەمۆسکۆ، بیرۆکەکە خۆی لەوێنەگرتنی ئەکتەرێکی ناودار دەبینێتەوە، کە تیایدا لەدۆخێکدایە هەستەکانی بەدیار ناکەوێ، ناتوانیت هەستەکانی بەهۆی وێنای رووخساری بزانین ئایا ئەو تورەیە؟ ئایا ئەو دڵخۆشە؟ یان خەمبارە؟ ئەم گرتەیە بەچەندین گرتەی دیکە دەبەسترێتەوە، لەپاشاندا پرسیار لە بینەران دەکات تا دەرئەنجامی حاڵەتی دەروونی ئەو ئەکتەرە بەدەست بێنی.

دیمەنی یەکەم:

- گرتەی یەکەم: ئەکتەر لەرووخساریدا هیچ هەستێک بەدەرناکەوێ.

- گرتەی دووەم: دەفری خواردن.

لێرەوە لەم دیمەنەدا چ دەرئەنجامێکمان بەدەستدەکەوێ؟

لەم حاڵەتەدا گرتەکە وانیشان دەدات ئەو کەسە لەوانەیە برسی بێ.

دیمەنی دووەم:

- گرتەی یەکەم: ئەو ئەکتەر لەرووخساریدا هیچ بەدەرناکەوێ.
- گرتەی دووەم: منداڵێک لەناو تابووتێکدایە.

دەکرێ وای دابنێین ئەو کەسە بەهۆی مردنی منداڵەکەیەوە خەمبارە.
دیمەنی سێیەم:

- گرتەی یەکەم : کچێک لەسەر سیسەمەکە پاڵکەوتووە.

دەکرێ وای دابنێین ئەو کەسە ئەو کچەی خۆشدەوێ و بەجۆشەو سەیری دەکات.

پوختەی ئەمە لەگرتەی یەکەمدا هیچ مانایەک ناگەیەنێ وەک وشەیەکە بەتەنیا، بەڵام ئەو گرتەیەی لەدوایدا دێ ماناکەی بە روونی دیاری دەکات، لەدواتردا ئەمە بنەمای سەرەکییە لە وێنەگرتن و لەمۆنتاژ و ئەوانەی دواتر.

## ٥- دیمەنی سەرەکی:

لەهەر راپۆرتێکدا مکورین لەوێنەگرتنێک ناومان لێناوە «دیمەنی سەرەکی» کە لە کۆمەڵێک گرتەی بەهێزی سەرەکی خۆی لەراپۆرتەکەدا دەبینێتەوە، ئەمەش بۆ مانا بەخشین و جوانی راپۆرتەکەیە، بۆیە تواتای ئەوەی هەیە بیرۆکەکە بگەیەنێ و سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی رابکێشێ.

لەنێوەندی دیمەنی سەرەکی باشترە گرتەی سەرەکی لەخۆ بگرێ تا هێز و جوانی بداتە راپۆرتەکە، بەهەمان شێوەش بۆ دیمەنیش ئەوا دەبێ ئەو دیمەنە دەربڕینەکەی بەهێز بێ، ئەمجۆرە گرتەیەش دەکرێ ناوبنرێ « وێنەیەک باشترە لەهەزار وشە».

نموونەی گرتەی سەرەکی: لەنێوەندی

گرتەکەدا پۆلیسێک قژی ئافرەتێک رادەکێشێ، کە بەشداریکردووە لەخۆپیشاندانێکی پاریس!

## ٦- وێنە دەبێ مانایەك ببەخشێ:

واتە دەبێ وێنەکە دەربڕین بێ یان وێنەکە قسە بکات، بۆیە پەیوەندی بە دەقەکە تەواوکارییە نەک قەرەبووکردنەوە، ناکرێ تەنیا پشت بەدەق ببەستریٰ وێنەش هیچ مانا و بەڵگەیەک نەدا، نموونەی ئەمجۆرە راپۆرتە دەبێ کۆکراوەی وێنەکانی دەربڕ پەیوەست بێ بەسەرەتای جوانی، بەڵام مانا دەبێ لەسەرەتادا بێ.

ئاگاداربە! راپۆرتی تەلەفزیۆنی راپۆتێکی ئێزگەیی وێنەدار نییە.

ئەمجۆرە وەسفە بۆ ئەو راپۆرتە تەلەفزیۆنیانەیە تەنیا وێنەی ئاسایی لەخۆی دەگرێ و هیچ چیرۆک و زمانی بینینی نییە (وێنەی شەقام-یان وێنەی گشتی)، ئەوە زۆر روونە بەبێ ماندووبوون گیراوە و هیچ داهێنانێکی تیادا نییە، بۆیە پێویستە وێنەگر پرسیاریەک بخاتە روو: ئاماند لەو دیمەنانە چییە وێنەی دەگرم؟ چۆن بتوانم زیاتر توانای دەربڕینی هەبێ؟ جوانی وێنە بەپێوەرەکانی تەلەفزیۆن تەنیا بەسەرنج راکێشانی پێوانە ناکرێ، بەڵکو پەیوەستە بەو مانای هەڵیدەگرێ، ئەگەر بەرهەڵستییەک لەنێوان جوانی و مانادا هەبوو، ئەوا سەرەتا بۆ ماناکەیە. بێگومان خۆر لەئاوابووندا وێنایەکی زۆر جوان دەبەخشێ، بەڵام لەتەلەفزیۆندا بەو شێوەیە نابێ تەنیا ئەگەر پەیوەست بێ بە هەواڵێک یان بەڵگە و زانیارییەک، بۆیە لەکاتی وێنەگرتن لەمەیداندا بەدوای گرتەیەکدا بگەڕێ هەواڵ و بەڵگە و مانایەک لەخۆی بگرێ و دوور بکەوە لەو گرتانەی «رووکەشن» راستە ئەگەر و بەکارهێنانی دەبێ، بەڵام هیچ پێشکەوتنێک بۆ زانیاریەکی روون ناداتە دەست.

## ٧- گرتە جۆراوجۆرەکان و جۆراوجۆری گۆشەکان:

مەبەست لەگرتە جۆراوجۆرەکان سوڕانەوە لەکاتی وێنەگرتندا لەنێوەندی چەندین جۆری گرتە و قەبارە و جوولەی کامیرا، ئەمەش خزمەت بەگێڕانەوەی وێنەیی چیرۆکەکە دەدا، ئەم جۆراجۆریەش سێ مەبەست دەبەخشێ وەک: روونکردنەوەی ماناکان، جوانی گێڕانەوە، ئاسانی مۆنتاژ.

- روونکردنەوەی ماناکان: هەر گرتەیەک مانای خۆی هەیە، بۆیە دەبێ بەکار بێ بۆ ئەو مانایە، دەنا بەکارهێنانی پێچەوانەی ئەنجامی داواکراوە.

نموونە: لەراپۆرتی وەرزی گوڵ قرتاندن لەهۆڵەندا پێویستە وێنەی :

– گرتەی گشتی تیایدا درێژی کێڵگەکە

و فراوانی بەدەربخا (گرتەیەکی دامەزرێنەرە تیایدا شوێنی چیرۆکەکە بەدەردەخا).

- گرتەی پانۆرامی (لەکاتی پێویستدا) ئەگەر کێڵگەکە بەشێوەیەکی روون بەدەربخا.

- گرتەی گشتگیر تیایدا کرێکار و جوولەیان بەدەربخا (شوێن و جوولە روونەدکاتەوە).

- گرتەی مامناوەندی تیایدا پرۆسەی قرتاندنی گوڵ بەدەردەخا (نزیککردنەوەی بینەر لەدیمەنەکە).

- گرتەی نزیک بۆ رووخسار و دەست و ئەو ئامێرانەی گوڵەکان دەقرتێنێ (گرتەی بەجۆش وا لەبینەر بکات بچێتە ناو ناوەڕۆکی پرۆسەکە).

- گرتەی نزیک و زۆر نزیکی خودی گوڵەکان (گرتەی جوانکاری و دەکرێ بەئاسانی لەکاتی مۆنتاژدا بەکار بێ).

• جوانی گێڕانەوە: جۆراوجۆری بۆ جوانی ئاوازەکەیەتی، چونکە بینەر بەسروشتی خۆی بێزارە، هەر کاتێکیش جۆراوجۆری لەقەبارە و قووڵی و جوولەی گرتەی کامیرا هەبێ، ئەوا سەرنجی بینەر رادەکێشێ.

• ئاسانی مۆنتاژکردن: پرۆسەی مۆنتاژ پشت بەگواستنەوە سانا دەبەخشێ و چاو ناپێکێ و بینەر لەو کاتەدا هەست بەوە ناکات لەو گرتەیە بەرەو گرتەیەکی دیکە چوو، ئەگەر ئەمەش بزانێ ئەمە بەهۆی قەبارەی وێنەکان نایەتە دی، ئەمەو گواستنەوە لەگرتەیەکی گشتی بەرەو گرتەی مامناوەندی و نزیک ئاسان و لۆژیکییە، هەروا بەهۆی جوولەی کامیراوە بەدەست دێ، بەتایبەتیش بەچوون و رۆیشتنی کەسەکانە لەبواری وێنەگرتندا.

وێنەگرتن پێویستی بەداهێنانە و تەنیاش پرۆسەیەکی تەکنیکی نییە، هەروا دەکرێ بیچوێنیت بەزمان، کە کۆمەڵە وشەیەکی دیاریکراوە، بەمەش دەتوانیت شیعرێکەی بەجۆش و خرۆشی پێ رێکبخەیت، بەهەمان ئەو وشانەش یەکێک لەوانەیە پێت بڵێت بابەتێکی وشە، بۆیە دەستنیشانکردنی رێکخستن و پێکهێنانی جیاوازیەکە دروست دەکات، خەڵک هەموو وشەکان بەکاردەهێنن، چونکە توانای بەکارهێنانیان هەیە.

تێبینییەک: هەندێک وێنەگر ئارەزوویانە گرتەی گشتی و مامناوەندی بگرن، کەچی گرتەکاتی نزیک و زۆر نزیک پشتگوێ دەخەن، ئەمەش ئاستەنگ بۆ مۆنتاژ دروست دەکات.

## ٨- بیرکردنەوە لەمۆنتاژ لەنێوەندی وێنەگرتندا:

گرنگە وێنەگر-رۆژنامەنووس بیر لەیەک لەدوای یەکی گرتەکان بکاتەوە لەرووی هونەری و نووسینەوە بەتایبەت ئەو کاتەی لەمەیدانادایە، ئەمە تەنیا بژاردەیەک نییە، چونکە

ئەو وێنەگرەی وا نەکات لە مۆنتاژدا ئاستەنگی دێتە پێش، زۆرجاریش راپۆرتەکە لاواز دەبێ لەرووی بنیاتی وێنەیی، نموونەی ئەمانەش ئەگەر بیرت لە گرتەی بەردەوامبوو-بڕاوەکان cut away plans de coupe لەچاوپێکەوتنێکدا، یان پشت بەستن بەو تەکنیکانەی مۆنتاژ ئاسان دەکات. وەک: جۆراوجۆری گرتەکان، چوون و هاتنە دەرەوە لەچوارچێوەی وێنەگرتندا....

لەیادت بێ کاتێک وێنەدەگری مۆنتاژ لەبیر نەکەی! ئەمەو پرۆسەی وێنەگرتن دەبێ بەپێی مۆنتاژی سەرەتا بێ یان هەستپێکراو، بۆیە دەبێ وێنای زنجیرەیی هەستت بۆ مۆنتاژ هەبێ کاتێک لەنێو پرۆسەی وێنەگرتنهدای.

نموونە: راپۆرت-پۆرتریتێک سەبارەت بەدوای سەعاتجی شار، ئەو بەهەموو شێوەیەک بەرگری لە پیشەکەی دەکات. لەم راپۆرتە هێمندا هیچ شتێکی لەناکاوی تیادا نییە، لێرەوە رۆژنامەنووس زۆر بەباشی دەزانێ شوێنی وێنەگرتنەکە لەکوێدایە و چۆن وێنە گرنگەکان بگرێ، لەهەمانکاتدا شوێنی وێنەگرتنەکە تەسکە، (شوێنی چاککردنەوەی سەعات) بەڵام لێرەدا چیرۆکەکە سەبارەت بەتەنیا کەسێکە.

بۆیە نەهێنانی پلانی مۆنتاژ (سیناریۆی چیرۆکەکە) لەنێوەندی پرۆسەی وێنەگرتندا، وا لە رۆژنامەنووس دەکات لەکاتی مۆنتاژدا تووشی ئاستەنگ ببێتەوە، وەک کەمی وێنە و دووبارە کردنەوەی وێنەکان یان لەمپەر لەبەردەم پەیوەستکردنەکان دروست دەبێ.

بۆیە گونجاوە بیر لە گرتەی سەرەتا بکەیتەوە، دەکرێ:

- سەعاتچییەکە کاتێک بەیانی بەرەو دووکانەکەی دەڕوات، لەم حاڵەتەدا دەکرێ رێگەبدات تا لەچوارچێوەی وێنەکە دەربچێ ئەمەش بۆ ئاسانکردنی مۆنتاژەکە.

- کاتێک سەعاتچییەکە دووکانەکەی دەکاتەوە: لەگەڵ جۆراودجۆری گرتەکان و وەرگرتنی گرتەیەکی نزیک بۆ کلیکە وەک نموونە، یان دەسکی دەرگای دووکانەی، لەم کاتەدا دەبێ دەنگی کردنەوەی دەرگاکەت گوێ لێ بێ کاتێک دەرگاکە دەکاتەوە.

- لەنێو دووکانەکەیدا: چەندین وێنەی سەعاتچییەک دەگری کاتێک سەعاتەکان دەهێنێتە دەرەوە، بەشێکیان دەسڕێتەوە، دواتر چاکی دەکاتەوە.. بەڵام لەبیر مەکە گرتە نزیکەکانی ئەو سەعاتە کۆنانە بگرە، هەروا چەند گرتەیەک بۆ هەندێک وێنە و تابلۆی هەڵواسراوی نێو دووکانەکە بگرە.

- لەوانەیە گونجاو بێ لەدووکانێکی وا تەسکدا گرتەیەکی پانۆرامی بگرێت بۆ هەموو پێکهاتەکانی ناو دووکانەکە، هاوکات رووبەرێکی فراوانی نییە و رێگە نادات گرتەیەکی فراوان بگرێت، جێگرەوەی ئەمە گرتەیەکی پانۆرامییە لە سەعاتەوە بۆ چاوی سەعاتچییەکە و وردبینەکەی لەچاودایە، هەروا لەوێنەی

سـەعاتە هەڵواسـراوەكان تا سـەعاتی دەسـتی سـەعاتچییەكە، كـە دەیـەوێ چاكی بكاتەوە.

• گونجاوتـرە تـا چاوەڕوانـی یەكێـك بكەیـت تا بـۆ سـەعات چاككردنـەوە هاتبـێ تـا جوولەیـەك بـۆ راپۆرتەكـە بهێنیتەكایەوە.

بەشـێوەیەكی گشـتی مەیدان وێنـە دابینكـراوەكان دیـاری دەكات، بـەڵام گرنگـە بیر لە سـیناریۆیەكی سـەرەتایی بكەیتەوە واتە لەكوێوە دەست پێدەكەیت، و چۆن كۆتایی پی دێنیت، بەتایبەتی لەو چیرۆكانـەی پێشـبینی دەكـرێ مەیـدان یـان گۆڕەپان هیچ نوێیەكـی تیادا نەبێ، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ مۆنتاژ.

## ٩- دەبێ گرنگییەكی تایبەت بدرێ بە گرتەی دامەزراندن و كۆتا گرتە:

مەبەسـتیش لەمـە ئەو گرتەیە كـە وا لە بینەر دەكات لەناوەڕاسـتی راپۆرتەكەدا بـێ، ئەمەش هەر لەسـەرەتاوە بێ، بۆیە گرنگیـدان بـە گرتـەی یەكـەم و كۆتایی بدە، یەكەمیان بۆ ئەوەیە سەرنجی بینەر رابكێشـێ، كۆتایەكەشـی ئـەو خستنە رووە بێ دوا شت لەلای بینەر بمێنێتەوە، بۆیـە دەبـێ گرتـەی یەكـەم بەهێـز و سـەرنجراكێش و راسـتەوخۆ و روون بـێ، باشـترە بەشـێوەیەكی سروشـتی دەنگـەكان بـەرز بـێ وەك ( دەنگـی دروشـمەكان لەنێـو خۆپیشـاندانێكدا، دەنگـی دەریـا و راوچییـەكان هەبێ لەو كاتەی راپۆرتێك سـەبارەت بەراوكردن هەبێ).

## ١٠- وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی بە وێنە و دەنگە:

لەكاتـی وێنەگرتنـدا پێویسـتە ئـاگاداری دەنگـی سروشـتی بیـن و مكـوڕ بین لەوەرگرتنـی بەشـێوەیەكی روون و دەربـڕ، گرنگیەكەی لەوەدایـە دەنگەكان بەروونـی مانـای خـۆی دەگەیەنـێ و جوانـی پێدەبەخشـێ، ئـەو هەڵانـەی وێنەگـرەكان دەیكەن تەنیـا ئەو دەنگەیە لەكاتی وێنەكە دێ بەبێ ئەوەی دەنگێكی دەربڕدا بگەڕێن.

نموونە : لەرێپیوانێكی نارەزایی: باشترە بڕگەیەكی روون لە دروشـمەكان تۆمار بكەیـن، ئەمەش دەكرێ لـە راپۆرتەكەدا بەكار بهێندرێ، هەروەها لەكەرنەڤاڵێكی گۆرانیـدا باشـترە بڕگەیەكی تەواوكاری تۆمـار بكەیـن تا بتوانین بـەكاری بێنین، یاخـود لـە وتارێكـی سیاسـیدا دەبـێ بڕگەیەكـی روونـی مانـادار بەدەسـت بێنین.

زۆرجـار وێنەگـر كـە دەگەڕێتـەوە بـۆ هۆڵـی مۆنتـاژ بـۆی دەردەكـەوێ ئـەو دەنگـەی بەدەسـتهێناوە ناتوانێ بەكاری بێنـێ، چونكە دروشـمەكە بابەتێكی پچڕ پچـڕە هیچ مانایەكی بۆ دەرناكەوێ، یان بڕگە میوزیكەكە تەواو نییە.

## تێبینی: ئامۆژگاری خێرا لەنێوەندی پرۆسەی وێنەگرتندا

• لەپێش چوونت بەرەو مەیدان پێویستە لەگەڵ وێنەگردا بدوێی سەبارەت بەباتەکە و گۆشەی چارەسەرکردن و وێنەی پێویست، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەدەستهێنانی وێنەی باش و گونجاو.

• باشترە یەدەگی ئەو ئامێرانەت لابێ کە دەیبەیتە مەیدان وەک: پاتری زیاتر، مایکرۆفۆنێکی دیکە ئەمەش وەک ئاگاداربوونێک لەکاریگەری لەرەلەری وەرگری مایکرۆفۆنەکە لەدووروەوە.

• لەمەیدان و گۆڕەپانی کار پێشنیاز بۆ وێنەگرەکە بکە ئەوەی پێی پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی راپۆرتەکەت ئەنجامی بدا و هەروەها هەلی هەر هەڵسوکەوتێکتی وێنەیی پێببەخشە. چونکە وێنەگر کەسێکی داهێنەرە بۆیە باشترین وێنەت بۆ دەخاتە روو» لەوانەیە تۆ پێشبینیت نەکردبێ.

• وێنەگری باش کاتێکی دەوێ، بۆیە کاتی بدێ تا وێنەی باش بەدەست بهێنیت، هەندێکجار گونجاوترە پێشتر سەردانی شوێنی وێنەگرتنەکە بکەیت.

• وا باشترە پێداچوونەوە بەو وێنانە بکە، کە لەمەیدان و گۆڕەپانی کاردا گرتووتە.

• وێنەگر لەمەیداندا هاوکارتە و نیشانەی هاوکاربوونیش پێویستی بەهاوکاری و لەیەکترگەیشتنە، هەر کاتێک ئەو پەیوەندییە باش بێ رەنگدانەوەی لەسەر کاردا دەبێ.

• جەخت لەناو و خەسڵەتەکانی میوانان بکەوە، بۆ گفتوگۆ و چاوپێکەوتنەکانیش وا باشترە بەرامبەر بەکامیرا تۆمار بکرێ.

• بەردەوام ئاگاداری دەنگ بکە، ئەمەش لەرێگەی هیدفۆنەکانی کامیرا.

## بەشی شەشەم

# چاوپێکەوتنەکان: چیرۆك لەسەر زاری خاوەنەکانی

اچاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی لە راپۆرتی تەلەفزیۆنیدا پرسیار و وەڵامە تا زانیاری بەسوود بەدەست بێنیت بۆ بینەر، سەبارەت بەو راپۆرتەی دەتەوێ بیخەیتە روو، ئەمەو چاوپێکەوتنەکان کۆڵەگەیەکی سەرەکییە لەکۆڵەگەکاتی راپۆرتی تەلەفزیۆنیدا، هیچ راپۆرتێکیش بەبێ چاوپێکەوتن راستییەکان ناداتە دەستەوە.

گرنگییەکەی لەوەدایە خۆی لە گێڕانەوەی چیرۆکێک دەبینێتەوە، کە لەسەر زاری پاڵەوانەکانی وەک (بەرپرسان، قوربانیان، شایەتحاڵەکان...هتد) ئەم کارە هۆیەکە تا چیرۆکە تەلەفزیۆنییەکە راستگۆیی و سەرتجراکێشی و هێز ببەخشێ.

- بنەمای گشتی لەرێکاری چاوپێکەوتنەکاندا: چاوپێکەوتنەکان لەو مەیدانەی چیرۆکەکەی لێ روودەدا، رۆژنامەنووس دەچێتە لایان تا لە ژینگە سروشتییەکانیان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکات، ئەمەو چاوپێکەوتن لەگەڵ جوتیارێک دەکات لەناو شینایەتی و کێڵگەکەی، هەروا چاوپێکەوتن لەگەڵ قوتابدا لەپۆلدا دەبێ، چاوپێکەوتن لەگەڵ سیاسیدا لە بارەگای کۆبوونەوەکانی دەبێ، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسی ناڕازیی لەنێو رێپیوان و خۆپیشاندانادا...هەموو ئەمانە راستگۆیی بەدەردەخەن، لەسەر ئاستی شێوەش چاوپێکەوتنەکان بەباکگراوندێکی گونجاو دەبێ کە پەیوەندیدارە بەو رووداوەی رووماڵی دەکات یان ئەو چیرۆکەی دەیەوێ بیگێڕێتەوە.



• کاتێک ڕۆژنامەنووس کاتێک چاوپێکەوتن دەکات نابێ ئیفادەدانی بەردەم دادگا پرسیاری لێ بکات، هەروا وەک چاوپێکەوتنێکی کار نەبێ، بۆیە دەکرێ ڕێکاری پرسیارەکانی لەکەشێکی متمانەپێکراو بێ لەگەڵ ئەو کەسەی قسە دەکات.

• ماوەی چاوپێکەوتن لە ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنیدا زۆر کورتە (کەمترە لە ٢٠ چرکە) بۆیە دەبێ جەختکردنەوە و پوختکردنەوە و بەباشی کەسەکەی دیاریکردبێ، لەراپۆرتی تەلەفزیۆنیدا وەڵامەکە بەراستەوخۆی بەدەردەکەوێ لەکاتێکدا بەبێ ئەوەی پەیامنێرەکە پرسیار بکات، بۆیە لێرەوە مکوڕ بە لەسەر ئەوەی وەڵامەکە روون بێ، بەبێ ئەوەی گوێ لە پرسیارەکە ببێ، هاوکات ڕۆژنامەنووسەکە بەپێی وەڵامەکەی لێی تێدەگات، ئەمە بنەمایەکی رەها نییە، زۆرجار ڕوودەدا دەکرێ پرسیاریش بەکار بێ بەشێوەیەک بەهای هەواڵەکە مانادار بکات و مەبەستی ڕۆژنامەنووسەکە بپێکێ، وەک ئەوەی ڕۆژنامەنووسێک پرسیار لەوەزیرێک دەکات سەبارەت بەو تۆمەتانەی رووبەڕووی کراوەتەوە لەبارەی گەندەڵی دارایی، بۆ نموونە وەزیرەکە بەتورەیی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت چۆن بوێری دەکەیت تۆمەتبارم بکەیت بەگەندەڵی، لەم کاتەدا پرسیارەکە بەشێکە لەوەڵامەکە.

## ١- دەستنیشانکردنی کەسەکان: لەگەڵ کێدا چاوپێکەوتن دەکەی؟

دەستنیشانکردنی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکەی ب راپۆرتەکە، رەگەزێکی گرنگە لەسەرکەوتن و شکستی راپۆرتەکە، بێگومان پرسیاری سەرەکی هەر راپۆرتێک ئەوەیە، لەگەڵ کێدا چاوپێکەوتن دەکەین؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بنەمایەک پوخت دەکەینەوە و دەڵێت « باشترە چاوت بەو کەسە بکەوێ ورچەکەی کوشتووە، یان کێ شایەتحاڵی ئەوە بووە ئەو کەسە ورچەکەی کوشتووە»، بەو واتایەی کەسێکی راستەوخۆ گرنگ بێ بۆ راپۆرتەکە.

بۆیە لە راپۆرتی تەلەفزیۆنی قسە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەین:

• بکەر: ئەو کەسەی کارەکەی کردووە یان رووبەڕووی بۆتەوە، لە چاوپێکەوتنەکەدا زانیاری رووداوەکە باس دەکات (ئەو پەناهەندەی تووشی ناردنەوە بوو، بەتایبەت لەو راپۆرتەی تایبەتە بەناردنەوەی پەناهەندەکان، یان ئەو گەنجەی کچە بچووکەکەی لەسەرووی باڵەخانەکە رزگارکردووە، ئەمەش لەراپۆرتێک سەبارەت بەو بابەتە، یاخود داهێنەری ئەو ئامێرەی یارمەتی کوێرەکان دەکات بۆ دوورکەوتنەوە لە تاسەکان).

• بەرپرس: لێدوانێک سەبارەت بە هەڵوێستێک یان زانیارییەک لەبوارەکەیدا دەخاتە روو و ئەو لێدوانە بۆچوونی فەرمی دەگەیەنێ.

• شارەزا: ئەو پسپۆڕەی خوێندنەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بۆ رووداوەکە دەکات، چاوەڕوانی لێ دەکرێ شیکردنەوەکانی «بابەتیانە» بێ ئەمەش بەپێی بنەما پەیرەو و پرۆگرامەکان.

• شایەتحاڵ: باسی ئەو شتانە دەکات بینوویەتی یان گوێی لێ بووە یاخود تیایدا ژیاوە ( باشترە چاوپێکەوتن لەگەڵ بکەرەکە بکرێ نەک شایەتحاڵەکە )، چونکە دەستنیشانکردنی کەسە کاریگەری دەبێ لەسەر چاوپێکەوتن و سروشتەکەی.

چییە؟ بۆچوونتان چییە؟ چۆن هەڵیدەسەنگێنن؟ دەداتەوە.

• چاوپێکەوتنی راڤە و شیکار: ئامانجی شیکردنەوەی رووداو و دیاردەکانە، ئەوەی داواکراوە کەسەکە شیکار و خوێندنەوە بکات بەپێی بنەمای ئەکادیمی ماریفی، لەو شێوە چاوپێکەوتنانە ئەو کەسە بانگ دەکەین شرۆڤەکارە یان شارەزایی بوارێکە.

• چاوپێکەوتن لەرێرەوی کەسی (پۆرترێت): چاوپێکەوتنەکە سەبارەت بەرێرەوی کەسی بانگکراوە ئەو وەک (پاڵەوان)ی چیرۆکەکەیە، خاسیەتەکەشی ئەوەیە زیاتر بەجۆش و خرۆشە و جیایە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، تیایدا پێشینە و دەسکەوت و هەڵوێستی کەسی باس دەکات، ئەوەی باوە ئەمەیان ئەرێنی دەبێ، بەتایبەت لەگەڵ کەسێکدا پسپۆڕی و کاری لەبوارێکدایە وەک زانستی و رۆشنبیری یان وەرزشی و هونەری.

• بۆچوونی شەقام (فۆکس بۆبس-ترۆتوار): لەمجۆرە چاوپێکەوتنانە دەبێ بەئاگاییەوە مامەڵەی لەتەکدا بکەیت، چونکە زۆرجار هەڵوێستی رای گشتی بەرامبەر بەکێشەیەک بەدەردەخا، بەبێ ئەوەی مەرجی زانستی تیادا بێ بۆ دیاریکردنی هەڵوێستەکەی، زۆرجاریش بەشێوەیەکی رەوا بەکار نایەت ئەمەش بۆ بەدەرکەوتنی هەڵوێستی رۆژنامەنووسەکە یان دەزگایەکە سەبارەت بەکێشەیەک.

## ٢- جۆرەکانی چاوپێکەوتنەکان چین؟

• چاوپێکەوتنی زانیارییەکان: مەبەستیش لەمە بەدەستهێنانی زانیاریەکی تەواو وەک ( راستییەکان، ژمارە، پێشینەکان..هتد) ئەمجۆرە چاوپێکەوتنەش لەگەڵ بکەر یان بەرپرس یاخود شایەتحاڵێک دەکرێ.

• چاوپێکەوتنی هەڵوێست: تیایدا کەسەکە هەڵوێستی خۆی یان دەستەکەی بەدەردەخا لەرووداوێک یان کێشەیەک، لەمجۆرە چاوپێکەوتنانە بەرپرسێکی (سیاسی) لەزۆرکاتدا وەڵامی پرسیارەکانی وەک : هەڵوێستتان

## ٣-چاوپێکەوتن لەسەر ئاستی شێوە:

سەبارەت بەرێکخستنی شێوەکان لەچاوپێکەوتندا چەندین بنەما هەیە بۆ ڕێکاری چاوپێکەوتنەکان و تیایدا قەبارەی گرتە و سروشتەکەیەتی، بنەمای سەرەکی ئەوەیە چاوپێکەوتنەکە لەگۆرەپان و مەیدان و لە ژینگەی سروشتی خۆیدا بکرێ کە کەسەکەی تیادایە، بەشێوەیەکی گشتیش سێ جۆر گرتە لەچاوپێکەوتنەکان هەیە:

• لەلێدوانە گشتییەکان: پشت دەبەستین بە گرتەی مامناوەندی یان نزیک لەسەر ئاستی سک، وەک باوە ئەم گرتەیە پشت دەبەستێ بەگرتەی چاوپێکەوتنی بەرپرسێک یان شارەزایەک.

• لێدوانی بەجۆش: لەنێوەندیدا هەست و کاریگەر هەیە ( دایکێک کورەکەی لەدەستداوە، پەناهەندەیەک لەنێو خێوەتدا..)، لێرەدا پشت دەبەستین بە گرتەی نزیک تا ڕووخساری بەدەربکەوێ.

• لێدوانێکی بەگڕوتین: سیاسیەک لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا یان لە ئاهەنگی دانانی وتار بدات، دەکرێ گرتەیەکی گشتگیر تیایدا کەسەکە لەسەر ئاستی بەژن و باڵای بەدەربکەوێ، ئەمجۆرە چاوپێکەوتنانە زۆرجار بەشێکە لە وتارەکە.

• چاوپێکەوتنی جووڵاو: لەکاتی هەنگاونان، زیاتر لەنێوەندی خۆپیشاندان یان لەئامادەکردنی پۆرتریتدا.

• چاوپێکەوتن لەکاتی چالاکی ئاساییدا: واتە هەر کەسێک کاتێک قسە دەکات لەکارکرنی ئاسایی دابێ، چیرۆکەکەش سەبارەت بەوە، ئەمەش جوانی و جۆش دەداتە وێنەکە، لەمجۆرە چاوپێکەوتنان وەک باوە ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن خەسڵەتی بینینیان هەیە وەک (پیشە دەستییەکان...).



## ٤-چاوپێکەوتن لەسەر ئاستی ناوەڕۆك:

لەپێش ئەوەی کەسە وەڵام بداتەوە، ئەمەو چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی لەسەرەتادا ڕۆژنامەنووس پرسیارێك دەکا، سروشتی پرسیارەکە توانای ڕۆژنامەنووسەکەیە بۆ زیاتر گفتوگۆ کردن لەبارەی گرنگتر، وا لەمیوانەکە بکات گرنگترین شت بخاتە ڕوو.

جیاوازی لەنێوان چاوپێکەوتنی سەرکەوتوو ئەوی دیکە کەمتر سەرکەوتوو بووە پەیوەندی بەوەیە بەباشی یەکێکت دەستنیشانکردبێ بۆ چاوپێکەوتن، لەلایەکی دیکەوە پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسەکەیە بە بنەمای ڕێکاری چاوپێکەوتنەکان، تا کەسی داواکراو باشترین شت بخاتە ڕوو، گرنگترین بنەماش:

• هەڵبژاردنی کەسی داواکراو بۆ چاوپێکەوتنەکە:
هەندێك لەڕۆژنامەنووس دەکەونە هەڵەوە لەدەستنیشانکردنی میوانێك بەردەست بێ, نەك میوانێك دەستنیشان بکەن گونجاو بێ, لێرەوەش بەهۆی خێرایی جێبەجێکردن کارە ڕۆژنامەوانییەکان لەکاتی ناسکدا بۆیە بەدوای کەسێکدا دەگەڕێن تا چاوپێکەوتنی لەتەکدا بکەن, دیارە ئەمە پاساو نییە تا بەئاسانی بگەیە کەسێك، بەڵام دەبینی کەسەکە گونجاو نییە.

هاوکات ڕۆشنبیری ئاسان هۆیەکە تا ئەو میوانە دووبارە ببێتەوە ئەمەش لەهەموو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دووبارە دووبارە دەبێتەوە, زۆرجاریش هەمان کەس لەبابەتە جۆراوجۆرەکان لەهەمان کەناڵ دووبارە دەبێتەوە بەتایبەتیش «شیکاری سیاسی» واتە بەبێ ئەوەی هەوڵێکی بدەن تا میوانێکی بەسوود میوانداری بکرێ لەکەناڵەکە.

• ئامادەکارییەکی باش: ئامادەکارییەکی باش خۆی لەچاوپێکەوتنێکی سەرکەوتوو دەبینێتەوە, مەرجیش نییە هەمان پرسیاری ئاراستە بکەیت لەو کاتەی چاوت بەمیوانەکە دەکەوێ لەمەیداندا, بەڵکو زۆر گرنگە ئامادەکارییەکی باش و میوانێکی باش ئامادە بکەیت.

• دیاریکردنی ئامانجی چاوپێکەوتنەکە : لەپێش ئەوەی کەسی میوان دەستنیشان بکەی گونجاوترە ئامانج و سروشتی چاوپێکەوتنەکە دیاری بکەیت, تا بتوانیت هەڵوێست و شیکارەکانی لێ وەربگریت.

• خستنە ڕووی پرسیاری ڕوون تا وەڵامی ڕوون بەدەست بێنیت: وا باشترە پرسیاری ئاڵۆزی, ئەمە میوانەکە تووشی ئاڵۆزی دەکا, هەروا میوانەکە هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێ بەشێك لەپرسیارەکە وەڵام نەداتەوە.

• هەڵوێستە کەسییەکانت تەنیا بۆ خۆت دەگەڕێتەوە: ڕاپۆرتە تەلەفزیۆنییە سەروتار نییە! بۆیە بەبێ ئەوەی هەڵوێستی خۆت دیاری بکەیت بۆیە مکوڕ بە لەوەی پرسیارەکانت بابەتیانە بێ.

• دوورکەوە لەوە پرسیارەکانت داخراو بێ وەک وەڵامە یان نەخێرە یان بەڵێ, ئەگەر وەڵامەکەی بەڵێ بوو ئەوا ئەمە دەبێتە هەواڵ وەک: پرسیارێک لە سەرۆک وەزیران دەکرێ: ئایا دەستکێشانەوەکەت پێشکەش دەکەیت؟ وەڵامەکە لێرەدا بە بەڵێ یان نەخێرە, ئەمە خۆی لەخۆیدا هەواڵە.

• گوێگرێکی باش بە بۆ ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکەی, لەکاتی قسەکردنی میوانەکە بەردەوام لەقسەکردن مەیپچڕێنە پێویست ناکات رۆڵی دادوەر یان پارێزەر وەربگری, لەپێشتردا گوتمان چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی بەدواداچوونی پۆلیس و چاوپێکەوتنی هەلی کار نییە!

• هەوڵبدە راستەوخۆیانە بێت: پرسیارەکانت بەهێمنی بکە وەک ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکت گفتوگۆ دەکەیت.

• هەندێک میوان وەک سیاسییەکان یارییەکانی پرسیار و وەڵام دەزانن و بەشێکیان ئارەزوویانە رۆژنامەنووس وەرس بکەن وەک گۆڕینی رۆڵەکە, هەندێکیان زیرەکانە بابەتە لا دەدات و بەروونی وەڵامت ناداتەوە ئەمەش ناونراوە بە «زمانی دار» تا لەوەڵامەکە رابکات, بۆیە رۆژنامەنووس ئاگادار بێ تا نەکەوێتە تەڵەوە! بۆیە بەردەوام پرسیارەکە دووبارە بکاتەوە, بەڵام بەشێوەیەکی دیکە و چەندین پێشینە و باسی دیکە بخاتە روو تا دەگاتە وەڵامێکی روون مانای هەبێ, تەنیاش قسە نەبێ, هەروا نابێ رێگە بەمیوان بدات تا بێزار و وەڕسی بکات, یان نابێت رێگە بەمیوانەکەی بدات پرسیارەکە بەپرسیارێکی دیکە بگۆڕێ.

• گونجاوە لەراپۆرتەکە هەڵوێستەکان هاوسەنگ بکەی, بەتایبەتی لەگفتوگۆیانەی مقۆ مقۆی تێدەکەوێ, بۆیە هەوڵ بدە هاوسەنگی بهێتەکایەوە, تەنیاش دەبێ هەموو لایەک وتەی خۆیان سەبارەت بە کێشەکە بخەنە روو.

تێبینیەک: چاوپێکەوتنی باش تیایدا میوانەکە وتەبێژێکی باشە, زۆرجار کەسەکە لەشوێنی خۆی گونجاوە تا لەراپۆرتەکەدا هەبێ, لەلایەکی دیکەوە هەندێکجار وتەبێژێکی باش نییە بەتایبەتی دەبینی تووشی ئاڵۆزی و دووبارە بوونەوە دەبێ, بۆیە واباشە لەمانە دووربکەویتەوە, تەنیا ئەگەر پێویست بێ!

## ٥- بنەمای گشتی رووکەش:

• کەسی نێو دیدارەکە سەیری رۆژنامەنووسەکە و کامیرا دەکات.

• پێویستە رۆژنامەنووس لەتەک کامیراوە بێ تا میوانەکە بەرامبەری بێ, ناکرێ بەگرتەی تەنیشت وێنەی بگیرێ (پرۆفایل).

• لە چاوپێکەوتنە یەک لەدوای یەکەکان لەگەڵ چەند کەسێک لای وێنەگرتنە پێچەوانە دەکەینەوە تا میوانەکان سەیری هەمان لا نەکات.

• وێنەگرتنی چاوپێکەوتنەکە لەسەر ستاند بێ نەک لەسەر شان. تەنیا ئەگەر زۆر پێویست بوو, ئەمەش تا وێنەکە لەرەلەر نەکات.

• پێویستە وێنەی میوانەکە لەچەند دیمەنێکدا نیشان بدرێ ئەمەش دوور لەوێنەی چاوپێکەوتنەکە, نەوەک

لەکاتی مۆنتاژدا پێویستیت پێی هەبێ (وەک دیمەنێک ئەو کار دەکات یان لەکتێبخانەیە یان هەر شتێکی دیکە.

• چاوپێکەوتنەکە بەپلەی یەکەم دەنگە, بۆیە پێویستە دەنگەکە روون بێ, بۆیە دەکرێ ئامێری گونجاوت لەلا بێ.

## ٦- حاڵەتێکی تایبەت:

لەکاتێکدا کەسە نەیویست رووخساری نیشان بدرێ، بۆیە دەبێ پابەند بیت، ئەگەر پابەند نەبیت بەو کەسە لەوانەیە تووشی ترسناکی و خراپەکاری ببیتەوە، بۆ نموونە: ئەو کەسەی تووشی نەخۆشی ئایدز بووە و نایەوێ نەخۆشییەکەی نیشانی کەس و کۆمەڵگەکەی بدات، یان کەسێک هەست بەکەمایەتییەک دەکات و لەلای خەڵک خۆشەویست نییە، یان شایەتحاڵێک نایەوێ ژیانی تووشی مەترسی ببێتەوە کاتێک رووخساری نیشان دەدرێ...

زۆرجار لەسەر رۆژنامەنووس پێویستە, ئەگەر کەسە رارزایش بوو رووخساری بەدەربکەوێ، بە کەسەکە رابگەیەنێ تووشی گرفت دەبێتەوە, ئەگەر بۆی دەرکەوت کەسەکە هۆشیار نییە یان نازانێ تووشی چ گرفتێک دەبێتەوە, بۆیە بەرپرسیاریەتی رەوشت و ئاکارەکانی رۆژنامەنووس ئەوەیە سەرچاوەکانی یان کەسەکان تووشی گرفت نەکاتەوە, هەروا نابێ ئەوانەی لەگەڵیشیدا کار دەکەن تووشی گرفت بکاتەوە, ئەوەی باوە سێبەر یان تارمایی یاخود وێنەگرتنی پێچەوانە بەکار دەهێنێ واتە وێنەگرتنەکە لەپشتەوەی شانی بێ واتە بەرامبەر رووناکییەکە.

• لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتییەکی تایبەت: بەرپرس- شارەزایەک- بکەرێک لێرەدا وێنەگر –رۆژنامەنووسەکە دەبێ مکوڕ بێ بۆ بەدەستهێنانی چەند دیمەنێک لەکاتی چالاکییە ئاساییەکانی, ئەم دیمەنانەش لە مۆنتاژدا بەکار دێ.

• لاری لەوە نییە کاتێک رۆژنامەنووس دوا لەکەسە دەکاتەوە بەوەی ئەوەی گوتووە دووبارەی بکاتەوە, بەلام بەشێوەیەکی چڕ تا پچڕان لەکاتی مۆنتاژدا روو نەدا.

• ئەگەر هاتوو چاوپێکەوتنەکە بەزمانێکی بیانی بێت و پێویستیت بەوەرگێڕانە, دەکرێ رۆژنامەنووس چەند پارچەیەک لەوتەی میوانەکە وەربگرێ بەشێوەیەک گونجاوە بۆ راپۆرتەکەی, بەمەرجێک ئەمە بە ئەمانەتەوە بێ بەبێ ئەوەی ماناکان بگۆڕدرێ.

• لەحاڵەتی تایبەت ئەوا هەندێکجار رۆژنامەنووس دەتوانێ هاوکاری میوانەکە بکات کە دەبینێ زمانەمەی لارییەکە یان لاوازە, بۆیە دەکرێ وتەکانی کورت بکرێتەوە، بەلام بەمەرجێک ئەمانەت بپارێزێ, بۆیە نابێ شتێک بڵێ ئەو مەبەستی ئەو شتە نەبێ, ئەوانەی ناتوانن بەزمانی کوردی شێوەی ستاندارد بدوێن و زمانی کوردی و بیانییەکان تێکەڵ دەکەن، ئاساییە یارمەتیان بدەی تا رستەکانیان دابڕێژنەوە بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ناوەڕۆک هەبێ.

## بەشی حەوتەم

# دەنگی سروشتی: گوێیەکانت.... بدە بەبینەران

ئەو چیرۆکەی پەیامنێر باسی لێوەدەکات، روو نادات ئەگەر بەبێ دەنگ بێ، سروشتییە راپۆرتی تەلفزیۆنی جگە لەگێڕانەوەی چیرۆکەکە لەدۆخی وا قیعیدا گوێت لە دەنگی دیکە بێ، لەپێشتردا گوتوومانە پەیامنێر لە راپۆرتی تەلەفزیۆنیدا «هەموو هەستێکی بۆ بینەران دەبێ و گوێڕایەڵیان دەبێ»، بەوە شێوەیەی پەیامنێرەکە دەبێتە چاوی بینەر کە پێی دەبینێ و ئەو گوێیەی پێی دەبیستێ، ئەمەش بەبێ ئەو دەنگانە نابێ کە لەتەک راپۆرتەکەدا گوێت لێ دەبێ. بەڵکومەبەستیش لە دەنگی سروشتی ئەو دەنگە نییە لەباکگراوەندی باسەکان گوێت لێ دەبێ، وەکچۆن دەنگی دروشمەکان لەلایەن نارەزایەتییەکانەوە لەوتارێکدا دەخوێندرێتەوە، مەبەست لەو دەنگەیە بەبێ ئەوەی بیگوازیتەوە گوێت لێ دەبێ و پەیامنێر هەلێک دەداتە دەنگی سروشتی تا بینەران بەبێ خستنە روو و هۆکارێک گوێت لێ دەبێ.

نموونە:

- راپۆرتەکان لەبارەی خۆپیشاندان: دەنگە بەرزەکانی دروشم گوتنەوە.

- راپۆرتێک لەبارەی کەرنەڤالێکی میوزیک: دەنگی میوزیکە کاتێک گر دەبێ.

- دەنگی فلاشەکانی کامیرایە لەکاتی کۆنگرەکاندا.



## ١-گرنگی دەنگی سروشتی :گوێ عاشقی هەموو جوانێك دەبێ.

• راستگۆیی: دەنگی سروشتی هۆیەکە تا راستگۆیی بە راپۆرتەکە بدا، کاتێک بینەر گوێی لەوە دەبێ کاتێک خۆپیشاندەرێک دەنگی بەرزدەکاتەوە و دەڵێت « گەل دەیەوێ بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە» ئەمەش جۆرێک لەراستگۆیی دەبینێ، کاتێک رۆژنامەنووسەکە دەڵێ « نارەزاکان داواکارن گەندەڵی بنبڕ بکرێ»

• جوانی : راپۆرتی تەلەفزیۆنی تەنیا گواستنەوەی زانیاری و هەواڵ نییە، بەڵکو سەیرکردن بۆ خۆشی یەکێکە لەکارەکانی تەلەفزیۆنە، ئەمەو دەنگی سروشتی بەشدارە ئەمەش بەشە بنەڕەتییەکەی نێوەندی تەلەفزیۆنە.

نموونە: راپۆرتێک سەبارەت بە کەرەنەڤاڵێکی میوزیکی، کارەکە جوان نابێ ئەگەر بینەر گوێی لەبەشێک لەمیوزیک بێ لەو کەرەنەڤاڵە.

• کاریگەری لەسەر تێگەیشتن و هەستەکاندا: چەندین تاقیکردنەوە کراوە سەبارەت بەکاریگەری میوزیک کە لەتەک دیمەنەکەدایە ئەمەش بۆ زیاتر تێگەیشتن و هەستی بینەرە، ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوانە جەخت لەوە دەکاتەوە میوزیک کاریگەریەکی زۆری هەیە، ئەمەو گۆرینی میوزیکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ گۆرانە لە تێگەیشتنی بینەر بۆ ماناکان بەتایبەتیش ئەو هەستەی لەدیمەنەکە جێدەهێڵێ و وەک: جۆش و خرۆش، ترس، دڵتەنگی.. بینەر ناوەرۆکی راپۆرتەکەی بیر ناکەوێتەوە تا تەواو دەبێ، تەنیاش هەستە بەجۆشەکەی دەمینێتەوە کە لەنێوەندی راپۆرتەکەدا بەدی کرد وەک: سۆز-خۆشی- خۆشی بینین..هتد ئەمەو دەنگی سروشتی بەشدارە لە پێکهێنانی ئەو هەستە.

• راپۆرتەکە هەلێک بۆ هەناسەدان دەبەخشێ ئەمەو لەنێوەندی خوێندنەوە و دەنگە سروشتییەکان وا دەکا راپۆرتەکە زیاتر سەرنجراکێش بێ، هەتا لەگۆرانی گوتندا گۆرانییێژ لەنێوان گۆرانی و بێدەنگیدا و کاری میوزیکژەنەکان جوانییەکان هەموویان ئاوێتەی یەکتر دەبن، کاتێک رۆژنامەنووس باسەکەی دەخاتە روو ئەمەو لەنێوەندی خوێندنەوە و دەنگی سروشتی وا لە راپۆرتەکە دەکات زیاتر جوان و سەرنجراکێش بێ.

• بەشێک لەدەقەکە ئەوەی رۆژنامەنووسەکە لەبرگەیەدا دەیڵێتەوە، ئەوا دەکرێ لەبێدەنگییەکی سروشتی چەند چرکەیەک کاتێک (دروشمێک لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە دەگوترێتەوە بەشێک بێ لە ئاوازەکە..هتد)

• گواستنەوە لەبرگەیەک بۆ برگەیەکی دیکە و لەنێوەندی هەمان برگەدا بەشدارە لەپێشکەشکردنی ئەو دیمەنەی لەدواتردا دێ.

نموونە: گوێگرتن لەدەنگی ئەمبوڵانس لەپێش ئەوەی بەدەربکەوێ، بینەر پێشبینی دیمەنێکی دیکە دەکات.

## چۆنیەتی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی: پەندەکە لەچۆنیەتیدایە نەك برەکە

هیچ وەسفێکی دیارکراوی ورد نییە بۆ بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لەنێوەندی راپۆرتی تەلەفزیۆنیدا، کارەکە بەهۆی تواتای رۆژنامەنووسەکەیە، بەڵام هەندێک بنەما هەیە بۆ باشتر بەکارهێنانی دەنگی سروشتی وەک:

- دوودڵ مەبە لەبەکارهێنانی دەنگی سروشتی لەهەر کاتێک هەبوو، رێگەی پێبدە، چونکە ئەم دەنگە لەدەربرین بەهێزترە.

- لەسەرەتای هەر برگەیەک لە راپۆرتەکە مکورِبە لەوەی دەنگی سروشتی لەتەکیدا هاوکاتە، لێرەوە بینەر بۆ چەند چرکەیەک دەنگی سروشتی گوێ لێ دەبێ واتە چەند چریەک لەپێش ئەوەی رۆژنامەنووسەکە قسە بکات.

- بەباشی دەنگی سروشتی بەکاربێنە ئەمەش وەک نووسینێکی ئاسۆییە بۆ رستە کورتەکان.

- دەنگی سروشتی بەراستی دەبێ سروشتی بێت و دروستکراو نەبێ یان لە مۆنتاژدا دانرابێ، هەتا کاتێک کارەکە پەیوەست دەبێ بەمیوزیکەوە پێویستە ئەو میوزیکە لەژینگەی سروشتیدا بوونی هەبێ، کاتێک راپۆرتەکەی تیادا وێنەی دەگیرێ.

تێبینی : بۆ زانینی گرنگی دەنگی سروشتی لە بنیاتی راپۆرتی تەلەفزیۆنیدا، ئەوەندە بەسە گوێ لە راپۆرتێکی تەلەفزیۆنی بگریت، کە چەندین دەنگی سروشتی جۆراوجۆری تیادایە، هەروا گوێ لەهەمان راپۆرت بگرە بەڵام هیچ دەنگێکی سروشتی تیادا نەبێ.

# بەشی هەشتەم

# گوتەی تەلەفزیۆنی: کارایی نووسینی وێنەیی

نووسینی دەقەکان یەکێکە لەکارە قورسەکانی قۆناغەکانی هێنانەئارای راپۆرتی تەلەفزیۆنیدا، زۆرجار ئەمە جیاوازی لەنێوان راپۆرتێک و راپۆرتێکی دیکەی دەهێنێتەکایەوە، هەروەها لەنێوان رۆژنامەنووسێک و رۆژنامەنووسێکی دیکەیە، ئەمەیان لەسەر دوو مەرجی سەرەکی دەوەستێ وەک: یەکەم خۆی لە زمانی و خستنەروویەکی باش و چۆنیەتی گوتنی، دووەم خاڵیش پەیوەندی بەتەکنیک و مەرجەکانی نووسینی تەلەفزیۆنییە، لەکاتێکدا مەرجی دووەم پەیوەستە بە رێکخستن و بنەماکان ئەمەش زۆر بەئاسانی بەدەست دێ بۆ ئەو کەسەی هەوڵی بۆ دەدا، ئەمەو باش زانینی زمان و بەباشی بەکارهێنانی پێویستی بەهەوڵێکی زۆر نییە، تا وا لەخاوەنەکەی بکات شێوازێکی زمانەوانی هەبێ و لەکەسانی دیکە جیاواز بێ، ئەمەو نووسینی داهێنەرانە بۆ تەلەفزیۆن لەدەرئەنجامی شێوازێکی ئاسان و زانینی بنەما و رێزمانەکەیەتی، هاوکات لەتەوەرەکانی دیکەدا باس لە گرنگی و بنەمای نووسینی دەق دەکەین لەراپۆرتی تەلەفزیرنیدا.

## ١- گرنگی دەق لەراپۆرتی تەلەفزیۆنیدا: وێنە بەتەنیا بەس نییە

تەلەفزیۆن واتە وێنە، بەڵام تەنیا وێنە بەس نییە، زۆرجاریش چەندین رووی هەڵخەڵەتێنەری هەیە وای دەبینێ ئەمە خودی بابەتەکە نییە، لێرەوە رۆڵی دەقی تەلەفزیۆنی دێ تا هەموو لایەنەکانی پێکهاتنەکە روون بکاتەوە و کەموکورییەکانی ماناکان تەواو دەکات. بەشێوەیەکی گشتی دەق کۆڵەگەیەکە لەخاڵە سەرەکییەکانی راتپۆرتی تەلەفزیۆنیدا، لێرەوە چەندین ئامانجی هەیە و گرنگترینیان ئەمانەیە:

- وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکانە، کە پەیوەستە بەو رووداوەی پەیامنێرەکە رووماڵی دەکات: چی؟ کێ؟ کەی؟ لەکوێ؟ چۆن؟ هەندێکجاریش بۆچی؟
- ئەو زانیاریانە پێشکەش دەکات، کە بینەر لەنێوەندی وێنەکاندا نایبینێ.

• وێنەکە لەسەر بنەماکان شیدەکاتەوە: پێم بڵێ بۆچی ئەم وێنەیە دەبینم. پێم مەڵی بۆچی ئەم وێنانە دەبینم.

• لەنێوەندی بابەتی رۆماڵەکەدا زانیارییە ئاڵۆز و تەماوییەکان ئاسان دەکاتەوە.

• هەموو لایەنە پەرت وبڵاوەکانی بابەتەکە کۆدەکاتەوە ئەمەشس لەنێوەندی رێکخستنی پێشینە لابەلایەکان، زۆرجاریش ئەمە پەیوەستە بەشوێن و ماوە جۆراوجۆرەکان.

• دووریی پێویستەکانی رووداوەکە دەپارێزێ، ئەمەش بەرامبەر بەوێنە و دەروونی تایبەتە، ئەو کاتەی پەیوەست دەبێ بەرێز و شکۆی مرۆییەوە.

• رێژەی دەقە تەلەفزیۆنییەکان لەنێو راپۆرتدا : (تێبینیەکان، خوێندنەوەکان).

بۆ زانینی رێژەی خوێندنەوە لەنێو راپۆرتەکەدا دەکرێ پرۆسەی ژماردنەکان بەم شێوەیە بێ.

- ماوەی راپۆرتەکە ٢:٣٠ واتە نزیکەی ١٥٠ چرکەیە (زیاد دەبێ یان کەمێک کەم دەبێتەوە).

- گریمان ئەگەر راپۆرتە تەلەفزیۆنییەکە ٢٠ چرکە بوو، ئەوا کۆی کاتی دانراو بۆ چاوپێکەوتنەکان ئەوا نزیکەی ٤٠ چرکەیە.

- وەستان بەرامبەر بەکامیرا نزیکەی ٢٠ چرکە دەخایەنێ.

- نزیکەی ١٠ چرکە تایبەت دەکرێ بۆ دەنگی سروشتی. زیاد دەبێ یان کەمترە بەپێی سروشتی بابەتەکە.

- بەو شێوەیە ٨٠ چرکە دەمێنێ ئەمەش تایبەت دەکرێ بۆ گوتەی خوێندنەوە، واتە دەقەکە کە خۆی لەنیوەی راپۆرتەکە دەنوێنێ، ئەمەو نیوەکەی دیکە ئەوا بۆ چاوپێکەوتن و وەستان بەرامبەر کامیرا و دەنگی سروشتییە.

- گریمان کۆی شروشتی خوێندنەوە دوو وشە بێ لە چرکەیەکدا ئەوا هەموو دەقەکە لە ١٦٠ وشە تێ ناپەڕێ.

لەوانەیە پرسیار بکەی: چۆن ئەم وشە کەمانە رۆڵی دەق دەگێڕن و ماناکان روون دەکەنەوە و زانیارییە ئاڵۆزەکان ئاسان دەکا و هەموو پێشینە لابەلاکان و ئەوانی دیکە کۆدەکاتەوە؟

ئەمە پرسیارێکی لۆژیکییە! وەڵامەکەشی لە نێوەندی بنەکانی نووسینی دەقی تەلەفزیۆنە، کە خۆی لەگونجان و جەختکردنەوە و دووبارە نەکردنەوە و تەواوکاری لەنێوان دەنگ و وێنەدا دەبینێتەوە، هەروەها ئەم خاڵە لەتەوەرێکی دیکە روون دەکەینەوە.

## ٢- بنەمای سەرەکی لەنووسینی دەقی تەلەفزیۆنی: نزیکبوونەوە لەوێنە و دوورکەوتنەوە لەدانان

جیاوازی هەیە لەنێوان نووسین بۆ تەلەفزیۆن و نووسینی هەواڵ و راپۆرتی تەلەفزیۆنیدا، هەریەک لەمانە ژینگە و شێوەی داڕشتنی خۆی هەیە. هەواڵی تەلەفزیۆنی لەلایەن بێژەر –پێشکەشکاری هەواڵەکان دەخوێندرێتەوە، لەکاتێکدا دەنگی پەیامنێرەکە لەراپۆرتە تەلەفزیۆنییەکە دەبیستین.

نووسینی هەواڵ بۆ تەلەفزیۆن:
نووسینی هەواڵ بەرێگەی ئاسۆیی دەنووسرێ و پشت دەبەستێ بە رستەی کردەیی راستەوخۆی روون و ساکاری ماماوەند درێژ، هیچ بوارێکی تیادا نییە مەجازی بێ، هەروەها بەپلەی یەکەم مامەڵە لەگەڵ وێنە دەکەی و بەدوای مانایەکی دیکەدا ناگەرێن.

نموونە:
رێکخراوی تەندروستی جیهانی مۆڵەتی پێکوتەی جۆنسۆن ئاند داوە و جۆنسۆن زۆر تەندروستە بەتەواویی، هەروەها رێکخراوەکە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی لەجنێفدا ئەوەی روونکردەوە کە رێژەی سەرکەوتنی پێکوتە ئەمریکییەکە گەیشتۆتە هەشتاو پێنج لەسەدا، هاوکات دەستەی ئەورووپی دەرمان ئەوەی راگەیاند کە لەیەکێتی ئەورووپادا رێگە و مۆڵەتدراوە بەو پێکوتەیە، ئەمەش چوارەم پێکوتەیە لەو یەکێتیەدا بەفەرمی ناسراوە، جیاوازی ئەم پێکوتەیەش لەوەدایە تەنیا ژەمێک بەسە، ئەمەش بەپێچەوانەی پێکوتەکانی دیکەیە کە مەرجە دوو ژەم وەربگیرێت تا بەرگری بەدەست بێنێت.

ئەم هەواڵە نووسراوە بۆ تەلەفزیۆنە، لەلایەم بێژەرەوە دەخوێندرێتەوە ئەو کاتەی وێنەی گونجاو لەسەر شاشە نیشان دەدرێ (وێنەی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی، لەوانەشە وێنەی پێکوتەکە لەکۆگا یان لەکاتی پرۆسەی لێدانی پێکوتەکە..).

بنەمای سەرەکی لەنووسینی هەواڵی تەلەفزیۆنیدا لە دەربڕینێکی بەناوبانگی ئینگلیزدا هەیە keep it short and simpe واتە هەواڵی دەبێ کورت بێ یان ساکار، بەمەش پشت بەو بنەمایانە خوارەوە دەبەستێ:

- دەبێ رستەکان کورت بێ.
- راستەوخۆ بێ.
- روون و ساکار بێ، نەک ماناکەی وشک بێ.
- کردەیی بێ، چونکە ئەمە یارمەتیدەرە بۆ راستەوخۆیی و روونی.
- هیچ بوارێک نییە بۆ بەکارهێنانی رەوانبێژی یان چاکردنەوەی زمانەوانی.

داڕشتنی گوتەی راپۆرتی تەلەفزیۆنی:
جیاوازی لەنێوان داڕشتنی راپۆرتی تەلەفزیۆنی و داڕشتنی هەواڵ هەیە، ئەمەو

راپۆرتی تەلەفزیۆنی یەکەیەکی تەواوکارە، با بڵێین ئەمە بریتییە لە تێکەڵەیەک لەوێنە و دەق و چاوپێکەوتن و دەنگی سروشتی، ئەم رەگەزانەش دەبێ لەیەک یەکەی تەواوکاردا بتوێتەوە، هیچ کەموکورییەک لەنێوان رەگەزەکانی نەبێ واتە نەشاز نەبێ، وەکچۆن لەپارچەیەک میوزیکدا کەخۆی لە ژەنینی بەیەگەیشتنەی هەر ئامێرێکە بەتەنیا، دەنا نەشاز دەبێ. هاوکات دەقی گوتەکە دەبێ لەنێوەندی ئەو یەکە ئاوێتەبووەدا بێ و لەیەکتر جیا نەبنەوە، ئەمەش پەیوەندییەکی پتەوی بە وێنە و چاوپێکەوتن و دەنگی سروشتییەوە هەیە.

ئەمەی خوارەوە روونکردنەوەی چەند بنەمایەکی سەرەکی نووسینی راپۆرتی تەلەفزیۆنییە:

- لەپێش نووسیندا
نووسینی گوتە یان دەق پرۆسەیەکی پێشکەوتووە لەبنیاتنانی راپۆرتی تەلەفزیۆنیدا و چەند قۆناغێکی سەرەکیش لەپێش ئەودایە، بۆیە ئەمە هێنانەئارای ئەوانەی پێشترە، ئەوەی نووسین لەتەلەفزیۆندا جیا دەکاتەوە لەوانی دیکەی دەقەی نووسراوەکان وەک بۆ ئێزگە و رۆژنامەی نووسراو، بوونی وێنەیە، بۆیە نووسین بۆ تەلەفزیۆن نووسینی وێنەیە بۆ وێنە. نووسین بۆ وێنە یەکێک لە ئاڵۆزترین و قورسترین کارایيە و بەپێی مەرجەکان دەبێ زۆر باش بێت تیادا وەک: زمانت باش بێ لەرووی هێز و شێوازەوە، لەتەک بوونی ئامادەیی و توانای گوتن، دەتوانین بڵێین لەنێوان کارایی و بەهرەدایە ئەمەش رۆژنامەنووسان لەیەکتر جیا دەکاتەوە.

بۆیە لەپێش نووسینی دەقی تەلەفزیۆنی دەبێ سێ پرسیاری پێویست بکەین وەک:

- چ زانیارییەک وێنە و دەنگی سروشتی باسی ناکات؟
- چۆن دەتوانین گوتە-دەق بەشێوەیەک بنووسین بەها و جوانی بداتە راپۆرتەکە؟
- چۆن گوتە- دەقێک دەنووسین و وەڵامی پرسیارە پێویستەکان دەداتەوە بۆ تێگەیشتن لەچیرۆکەکە لەتەک پاراستنی ئاواز و جۆش و خرۆشی؟

بۆ بەدەستهێنانی ئەم مەرجانە پێویستە پابەند بیت بەهەندێک بنەما:

یەکەم: نووسین بۆ وێنە نەک وەسفکردنی وێنەکە (بنەمایەکی بەناوبانگ: پێم مەڵێ چی لەوێنەکە دەبینی، بەڵکوو پێم بڵێ بۆچی ئەم وێنەیە دەبینم) ئەمەو گوتە-دەقی تەلەفزیۆنی تەنیا وەسفکردنی ئەو وێنەیە نییە کە بینەر دەیبینێت، ئەمە بەشی سەرەکی چیرۆکەکەیە، هەروها تەواوکاری چیرۆکە نەک بەسەریدا زاڵ بووە.

ئەم لقانەی لێ دەبێتەوە بەشێوەیەک:

أ- وێنەی پێشتری دەقەکە و زاڵبوون بەسەریدا: سەرەتا بۆ وێنە و دەنگی سروشتییە، دەق دەبێ تەواوکار و یارمەتیدەری بێ، هەروا ناکرێ وشە و زانیارییەکان دووبارە بکەیتەوە کە

وێنەکە باسی لێوە دەکات، بۆیە لەپێش سەیرکردنی وێنەکە دەقەکە مەنووسە، دەتوانیت دەقێکی سەرەتایی بنووسیت بەپێی ئەوەی پێشبینی دەکەی لەوێنە دابیندراوەکان هەبێ، ئەمەش لەپێش وێنەگرتندا بوونی نییە، بەڵام ئەو دەقەی لەپێش سەیرکردنی وێنەی کۆتایی دەینووسیت تەنیا وەک ڕەشنووسێکی سەرەتایە هەر بۆ زانیاری خۆت، ئەو وێنانەی بەدەستی دێنیت ئەو دەقی کۆتایی دیاری دەکات.

ب- بەشێوەیەکی ئاوێنەیی و باش سەیری وێنەکان بکە: هەوڵبدە ئەو وشانەی دەیخەیتە ڕوو بەجۆش و خرۆش بێ، لەپاش سەیرکردنی وێنەکانیش وشەی جوان و گونجاوی بۆ دادەنێیت.

نموونە:
لەخۆپیشاندان یان ڕێپیوانێکی نارەزایی، پێویست ناکات بڵێیت ئەوانە هاوار دەکەن، چونکە بینەر ئەمە دەبینێ، پێویستە دەقەکە لایەنی دیکە بەخۆیەوە بگرێ، لەوانەیە وێنەکە ئەوە نیشان نەدا، بۆ نموونە دەتوانین بڵێن : لەهەفتەیەکدا بۆ جاری دووەم پزیشکەکان نارەزایی دەردەبڕن...

هەروەها دەق زانیارییەکی نوێت پێ دەبەخشێ، تیایدا پزیشکەکان بۆ جاری دووەم دێنە دەرەوە.

ج-بەکارهێنانی «نیشاندانی وێنە» : ئەمەش تەکنیکێ بەکارهێندراوە لەجیهانی سینەمادا، بەڵام هۆکاری نیشاندانەکە ببێتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی خراپ دەربڕینەکان بخەیتە ڕوو.

نموونە سەبارەت بەبەکارهێنانی نیشاندانی وێنە:

• ڕۆژهەڵاتن واتە سەرەتای ڕۆژێکی نوێیە، دەکرێ بۆ باسکردنی ژیانێکی نوێ بۆ کەسێک یان وڵاتێک بەکاربهێندرێ، باسی ئەوە دەکەین: تیشکی هیوایەکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

• کرێکارێک بارێکی گرانی هەڵگرتووە: ئەمەی ئاماژەیە بۆ حاڵەتی ئەو وڵاتە، تیایدا ئابوورییەکە لەژێر باری قەرزدایە.

• ڕۆژئاوابوون: بەکاردێ بۆ کۆتایی قۆناغێک.

• شووشەی شکاو لە نارەزایەتییەکان: ئەمە نیشانەی پەیوەندییە شکاوەکانە لەنێوان دەسەڵات و خۆپیشاندەرەکان.

بەمەرجێک ئەم وێنانە لەنێوەندی دیمەکانی ڕاپۆرتەکە هەبێ و لەدەرەوەی ژینگەکە نەبێ، ئەو کرێکارەی بارە گرانەکەی بار کردووە، ئەوا دەبێ لەنێوەندی ڕاپۆرتەکەدا بەشێوەیەکی سروشتی بێ، نەک وێنەکەی بۆ دابنێیت، بەهەمان شێوەش لەمەڕ شووشە شکاوەکە یان ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوون.

نموونە ١: لەڕاپۆرتێک لەبەنگلادیش هاوکارمان عەباس ناسر باسی لەهەژارییەک دەکرد کە کۆمەڵگەی بەتەواوی کرتۆتەوە.

لەوتەیەکی سەبارەت بە بارودۆخی خەڵک، کە بەردەوام زەحمەت دەکێشن، کەچی ناتوانن ژیانێک نیمچە خۆشیش بژین، ئەو وێنەی ئەو کەسانەی نیشاندەدا، کە کاریان دەکرد، بەڵام بەهۆی تینی خۆرەوە رووخساریان بەتەواوی دیار نەبوو.

گوتەکە: لێرە رووخسارەکان دیار نین.. نە هەستێک هەیە و نەهیچ وێنایەک ... نە هەڵچوونەکان.. تەنیا کار دەکەن!

نموونەی دووەم:
لەراپۆرتێک سەبارەت بەجەنگی کاراباخ و لەناو شاری سیباناکیرت وێنەی شووشە شکاو دەبیندرا بەهۆی مووشەک باران و لێرەدا دەڵێ « ئەرمینیا پەیوەندییەکی نەماوە دۆستە رۆژئاواییەکان، ئەمەش شکا ئەو کاتەی بەفریای نەکەوتن».

گرتەکە لێرەدا لەرێڕەوێکی سروشتی شوێنەواری موشەک بارانە بوو، ئەمەش بەشێوەیەک بەکارهێندرا تا خزمەت بەچیرۆکە هەواڵییەکە بکات، نەیانهێناوە تا دایبنێن.








نموونەی ٣:
لەراپۆرتێکی هاوکارمان عەباس ناسر لەئەزەربایجان، سەبارەت بەکەمبوونەوەی نەوت و هەژاری لەو وڵاتەدا ئەم وێنەیە یارمەتیدەرە:



لەنێو وێنەکەدا ئامێرێک بەکاردێ بۆ دەرهێنانی نەوت لەتەک ماڵە هەژارەکاندا.

گوتەی : لێرەوە لەدەوروبەری باکۆ تا سنوور، هیچ دیمەنێک ململانێ لەگەڵ نەوت ناکات جگە لەهەژاری نەبێ..دوو دژ لەئەزەربایجاندا کۆکراوەتەوە.

نموونەی ٤:
لەراپۆرتێکدا لەبارەی بەرزبوونەی ڕێژەی دەنگەکانی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لەهەڵبژارنی خوارووی باشووری فەرەنسیدا، لێرەوە پەیامنێرەکە گرتەیەکی نزیکی بەکارهێنا بۆ سەر چاوەی یەکێک لەراستڕەوەکان، لەپشتیەوەش وێنەیەکی هەڵواسراوی مارین لۆینی سەرکردەی راستڕەوەکان و گوتەکەشی «زۆرێک جیهان بەچاوی خۆیان دەبینن» ئەمەش لەو کاتەی باس لەپشکەکانی مارین لۆین دەکرا، وەک لەوێنەکەی خوارەوەدا هاتووە.




نموونەی ٥:
لەهەمان راپۆرتدا لەبارەی ڕاستڕەوەکان پەیامنێرەکە باس لەئەگەریبەدەستهێنانی دەنگێکی زۆر لەهەڵبژاردن دەکات لەلایەن ئەو پارتەوە، لە گوتەکەدا دەڵێت:

« بەپێی را و بۆچوونەکان باس لەوە دەکرێ کە مارین لۆبن دەگاتە خولی دووەمی هەڵبژادنەکانی سەرۆکایەتی.. پێدەچێ پارتەکە هەنگاوکانی بۆ ئەوە بێ بەوردی ئامانجەکانی بپێکێ».

ئەم گرتەیە لەنێو یانەیەکی تۆپی ئاسنین بەکارهێندراوە، لەوێدا هەواداره توندڕەوەکان بەتۆپێک ئامانجەکانی دەپێکێ، لەم وێنەی خوارەوە







نموونەی ٦:
راپۆرتێک لەبارەی شکستی راستڕەوەکان لەهەڵبژاردنەکانی هۆڵەندا، سەرەڕایی ئەوی پێشبینییەکان ئەوەیان دەردەخست ئەنجامێکی بەهێز بهێنن:

– پێشبینیەکان ئاماژەیان بەدەرئەنجامێکی گەورە دەکرد، کەچی دەنگدەرەکان لەدوا کاتدا هەڵوێستیان گۆڕی.

لێرەدا وێنەی شەمەندەفرێک لە ئەمستردام بەکاردەهێندرێ لەدوا کاتدا بەلای چەپدا دەسورێتەوە.




– تۆماس چالاکوانێکی راستڕەو سەرەڕایی دۆڕانیان لەهەڵبژاردنەکان ئەو پێیوایە ئەو هەڵبژاردنە دەروازەیەکی فراوانی لەرووی پارتەکەی کردەوە.

وێنەی دەرگا کردنەوەی ماڵی ئەو چالاکوانە بەکارهێندرا، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ فراوانبوونی دەرگا، کە لەرووی راستڕەوی توندڕەودا کرایەوە.



نموونەی ٧:
لەراپۆرتێکدا لەبارەی پارتی سەوز لەهۆڵەندا و هەبوونی ترس لەلای چالاکوانەکانی بەهۆی سەرکەوتنی راستڕەوی توندڕەو.

– ئەمارینز، چالاکوانێکی ئافرەتە لە پارتی سەوز. نیگەرانی خۆی ناشارێتەوە لەبارەی داهاتووی وڵاتەکەی، ئەگەر هاتوو تایەری وتارەکانی توندڕەوەکان بەخێرایی بڕوا.




وێنەی کچێک لەپارتی سەوز لەگەڵ وێنەیەکی نزیک بەکارهێندراوە لەو کاتەی پایسکیلەکەی لێدەخوڕێ و تایەرەکانی دەسوڕێ.




– ئەو وڵاتەی تواتای ئەوەی هەیە ڕەنگەکان تێکەڵ بەیەکتر بکات، دژ بەو وتارانەشن کە باس لەوە دەکات تەنیا ڕەنگێک بەسە.







وێنەی بازاڕی گوڵ بەڕەنگە جۆراوجۆرەکان.

• هەوڵبدە بنیاتی راپۆرتەکە بەپێی چیرۆکە یەک لەدوای یەک و لۆژیکی بێ و شێوەکەی ئاواز و جۆش و خرۆشی هەبێ، لەمەوەش رستەی کورتی بەهێز بەکاردەهێندرێ، هەروا دەنگی سروشتی ڕەگەزێکی بنەڕەتییە بۆ بەکارهێنان لەنێوەندی ڕەگەزەکانی راپۆرتەکە.

دووەم: نووسینی ستوونی

بەپێچەوانەی هەواڵ کە دەکرێ وا وەسف بکرێ نووسینەکەی ئاسۆییە، ئەمەو راپۆرتی تەلەفزیۆنی ئەوا بە نووسینی ستوونییە، بەهۆی چەند رستەیەکی کورت و مامناوەندییە، وەک ئەوەی بەشێوەیەکی ستوونی نووسراوە و نیشانەیەکە بەئاوازێکی خێرا و بەجۆشی نووسین.

دەکرێ ئەو رستە کورتانە لەدەقدا ناو یان فرمان بن، بەپێی مەبەستەکە، بەڵام پێویستە کورت بن، ئەمەو نووسینی رستەی کورت کۆمەڵێک مەبەست دەگەیەنێ وەک:

١- بەئاسانی تێگەیشتن، چونکە بینەر دەقەکە ناخوێنێتەوە، هەر کاتێکیش رستەکانی بیستراو درێژ بن ئەوا ئاڵۆزی لەلای بینەردا زیاتر دەبێ.

٢- بەئاسانی مۆنتاژکردن، چونکە هەر کاتێک رستەکان کورت بن، ئەوا دەتوانیت وێنەیەکی لەگەڵ دابنێیت گونجاو بێ.

٣- ئاسانی لەهەناسە لەکاتی خوێندنەوە، لەکاتێکدا رستە درێژەکان لەکاتی خوێندنەوە هەناسەت دەپچڕێنێ.

نموونە:

راپۆرتێک سەبارەت بە پەناهەندەی نافەرمی، دەکرێ پەیامنێرەکە سەرەتا بەچیرۆکی پەناهەندەیەک دەست پێ بکات، لەپاش ئەوەی بەلەمەکەیان نغرۆ بوو، لەکاتێکدا ئەو بەلەمە دەیان کەسی دیکەی تیادا بوو، رزگاربوونی ئەویش وەک موعجیزەیەک وابوو، چونکە نغرۆبوونی بەلەمەکە لەو کاتەدا بوو کەشتییەکی بار گواستنەوە لەنزیک ئەو تێپەڕ دەبوو.

بەشی یەکە راپۆرتەکە:
ئەو وێنانەی هەیە، پەناهەندەکان لەو کەشتییە دادەبەزن، کە لەگەڵ تیمی رزگاکردن رزگاری کردوون:

دەقەکە:
• ژیانێکی دیکەیان بۆ نووسراو ( رستەیەکی کورتە لە چوار وشە پێکدێ).

• دەیان کەس لە هاوڕێیەکانی گەشتەکە لەناو دەریادا لەناوچوون ( رستەیەکی کورتی ٨ وشە).

• زۆر بەسەیری رزگاریان بوو زۆری نەمابوو خەونی پەناهەندەیی ببێتە کارەسات ( رستەیەکی مامناوەندی لە دە وشە پێکدێ).

• چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێک لەرزگابووەکان و تیایدا زۆر بەسەیری باسی لەوە دەکرد رزگای بووە «ئێمە حەوت کەس بووین لەناو بەلەمەکە، بەهۆی شەپۆلەکانەوە نغرۆ بوو، ئەگەر لەو کاتەدا بەرێککەوت بەلەمێک بەوێدا تێپەڕ نەبووایە ئەوا دەخنکام، لەکاتێکدا بۆ ماوەی کاتژمێرێک دەستم بەپارچە دارێکی بەلەمە شکاوەکە گرتبوو، زۆری نەمابوو بەتەواوی سڕ بم، بەڵام لەناکاوێکدا کەشتییەک بەدەرکەوت، من و چەند هاوڕێیەکمی رزگار کرد».

٤- پشت بەستن بەبنەمای «بیرۆکەی رستە« ئەمەش هۆیەکە تا دوور بکەویتەوە لەبەکارهێنانی ناو و رستەی بەرهەڵست، ئەمەش ئەو مانایە ناگەیەنێ ناوە گەیەنەرەکان لەفەرهەنگ رەتبکەیتەوە، بەڵکو دەڵێن لەو رستەیەدا زۆر دووبارەی مەکەوە.

٥-چڕکردنەوەی ماناکان و جەختکردنەوە لەرستەکان: رەوانبێژی لەزمانی کوردی بەشێوەیەک زانیارییەکانت بەچەند وشەیەک ببەخشیت، هاوکات راپۆرتی تەلەفزیۆنی وەک لەپێشتردا باسمان لێوەکرد ماوەکەی کورتە، هەروا دەبێ زانیاری و پێشینەیەکی زۆری تیادا بێت، بەشێوەیەک بابەتە پەرش و بڵاوەکە کۆدەکاتەوە،ئەم کارەش نابێ، ئەگەر پشت بەبنەمای «چڕی» نەبەستیت واتە کورتکراوەی بەسوودی دوور لەزڕاندن.

٦- روونی بەبێ وشکی بابەتەکە: بۆ تەلەفزیۆن بەزمانێکی روون دەنووسین بەبێ ئەوەی وشکی تیادا بێ، بۆ ئەوە نانووسین تا خۆمان بەرۆشبیر بزانین و توانای رێکخستنی زمانمان هەیە، چونکەی تەلەفزیۆن بۆ جەماوەرێکی فراوان ئاراستە دەکرێ، ئەمەو دەقی تەلەفزیۆنی شیعر و رۆمان نییە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ بابەتەکەت وشک بێ، چونکە تەلەفزیۆن رۆڵێکی فێرکاریشی هەیە و نابێ پەراوێز بکرێ، بۆیە هاوسەنگییەکی ورد هەیە دەبێ لەنووسینی دەقەدا مکوڕ بیت تا بەزمانێکی روون و ساکار و پوخت بیخەیتە روو، لەگەڵ جەختکردنەوە لەبەکارهێنانی فەرهەنگێکی زیندوو و دەوڵەمەند، هەروەها دوورکەوتنەوە لەزمانێک ماناکەی بەروونی دەرناخا: (وەک هەردوو سەرۆک سەبارەت بەبەرژەوەندییە هاوبەشەکان گفتوگۆیان کرد).

٧- دوورکەوتنەوە لە دووبارەکردنەوە: دووبارەکردنەوەی لەپێشکی راپۆرتەکەدا هاتووە یان لەو کاتەی لەبەرامبەر کامیرادا دەوەستیت، یاخود دووبارەکردنەوەی زانیارییەکان بەدارِشتنێکی جیاواز، یان دووبارەکردنەوەی قسەی ئەوانەی چاوپێکەوتنت لەگەڵدا کردوون، ئەمەو گوتەکە سەرەتایەکە بۆ چاوپێکەوتنەکە لەوانی دیکەدا دووبارە ناکرێتەوە.

نموونەی ١:
لەراپۆرتێک لەبارەی پرۆسەی کوتان دژ بە پەتای کۆرۆنا لەئیتاڵیا راپۆرتەکە باس لە ژنێکی بەتەمەن دەکا و بەرەو شوێنی لێدانی پێکوتە دەچێ بەبێ ئەوەی ترسی لەنیشانەکانی هەبێ، چونکە ئەو زیانر لەمردن دەترسێ نەک لەنەخۆشییەکە.

دەقەکە:
لەتەمەنی هەشتاو نۆ ساڵیدا لویزا توانی کاتی لێدانی ژەمی پێکوتەکە وەربگرێ... نمایشکاری پێشووی جلوبەرگ ترسی لەنیشانە پێشبینیکراوی پێکوتەکە نییە... کەچی ترسێکی هەیە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ لویزا، ئەو دەڵێت: نامەوێ بمرم، لەراستیدا نامەوێ نەخۆش بکەوم، تەنیا ئەوە دەمترسێنێ، گوێم لەوە بووە ئازارەکانی زۆرە.
ئەوەی تێبینی دەکەین ئەو گوتی ترسی لەنیشانەکانی نەخۆشییەکە نییە، بەڵام

ترسێکی هەیە، ئەو هاتووە ئەوەی لێی دەترسێ مردن و نەخۆشییە.

وەک ئەوەی ئێمە شتێکمان دووبارە کردبێتەوە وەک:
نمایشکاری پێشووی جلوبەرگەکە ترسی لە نیشانە پێشبینیکراوەکانی پێکوتەکە نییە...
چونکە ئەو ترسی لە مردن و نەخۆشی و ئازارەکانی هەیە...

نموونەی ٢:
راپۆرتێک سەبارەت بەو دژایەتییەی ئاسیاییەکان لەپاریس رووبەڕووی دەبنەوە, هەروەها دزیان لێدەکرێ ئەمەش وایکردووە چەندین رووداوی کوشتن لەریزەکانی رەوەندەکەی لێ بکەوێتەوە, بۆیە ناڕەزایەتی دەردەبڕن.

لەکاتێکدا راپۆرتەکە وێنەی کەسێک دەگرێ دایکی کوژراوە, ئەمەش بەهۆی ئەو دزیەی لێی کراوە, ئەمەو کەسەکە دەچێتە ئەو شوێنەی رووبەڕووی هێرشەکە بۆتەوە.

دەقەکە:
لەنزیک ئەم شوێنە و لەپێش دوو ساڵدا دایکی کوژرا, تا ئێستا نەزاندرا بکوژەکان کێن, بەڵام بەتەواوی دەزانێ بۆچی ئەم کردەوەیان ئەنجامدا...

چاوپێکەوتن لەگەڵ شینگ, ئەو دەڵێت:
تاوانباران وێنایەکیان هەیە لەبارەی ئاسیاییەکان, دەزانن ئەوان پارەکانیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و بەرگری لەخۆیان ناکەن, ئەگەر رووبەڕووی دزی بوونەوە سکاڵا پێشکەش ناکەن, چونکە زمانی فەرەنسی نازانن..ئەمەش وا دەکا دژایەتیمان بکەن, لەراستیدا جگە لەمە لەو کاتەی دایکم کوژرا تەنیا سی یۆرۆی پێ بوو...

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین و تەنیا دەڵێت «بکوژەکان ناناسین, بەڵام دەزانین بۆ ئەو کارەیان کرد..» ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کرا هۆکارەکانی دیاریکرد ئەمەش چەندینجار دووبارە کراوەتەوە, ئەگەر لەدەقەکەدا هاتبوو ئەوا تەنیا ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە دووبارەی دەکاتەوە.

٨- سەرەتای راپۆرتەکە بەدەربڕێمی بەهێزە و بەفەرەنسی نانراوە lattaque واتە هێرشکردن, ئەمەش بەڵگەی بەهێزیەکەیەتی, کە بریتییە لە رستەیەکی کورتی سەربەخۆ و توانای ئەوەی هەیە سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی رابکێشێ, ئەو دەربڕینە کورتە ناوەڕۆکی چیرۆکەکەیە کە چارەسەری دەکەین.

نموونەی ١:
راپۆرتێک سەبارەی بەتەقینەوەیەک لەئەفغانستان (هاوکارمان عەباس ناسر) تا ئێستا دەنگی مردن لە ئەفغانستان خامۆش نەبۆتەوە (وێنەی ئەمبۆلانسێکی فریاکەوتن –دەنگەکەشی هاوکاتە لەگەڵیدا) ئەمە رستەیەکی کورت و دەربڕینێکی بەهێزە.

لێرە لەناوەڕاستی پایتەختێکی پڕ لەخەم..تەقینەوەیەکی دیکە و مردنێکی دیکە..(وێنەی شوێنەواری تەقینەوەکە)- رستەیەکی کورت کە خۆی لەدە وشەدا دەبینێتەوە و هەرچی هەیە لە رستەی یەکەمدا روون بۆتەوە.

زمانێکی روون و کورت, هەروەها لەنووسینی وێنەدا دەنگی سروشتی بەکاردەهێندرێ!

نموونەی دووەم:
راپۆرتێک لەبارەی هەڵبژاردنەکان لەهۆڵەندا, کە خۆی لەبەستنی دیداری هەڵبژاردن دەبینێتەوە بەتایبەت لە مزگەوتەکان ئەمەش دیاردەیەکی دەگمەنە لەجیهاندا, ئەمەو پشت بەستن بە شوێنەکانی پەرستن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا لە هۆڵەندا قەدەغە نییە, کە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپییە, کاتێک پەنا بۆ مزگەوتەکان دەبەن تا دەنگی مووسڵمانان بەدەست بێنن, هاوکات ئەنجامدانی دیدار لەبارەی ئیسلام و پەناهەندەیی و چەندین بابەتی دیکە.

بەشی یەکەمی دەقی راپۆرتەکە:
تەنیا بۆ نوێژکردن نییە (وێنەی مزگەوت و بانگدان لەدوورەوە) رستەیەکی کورتە خۆی لەچوار وشەدا دەبینێتەوە- دەربڕینێکی بەهێزە و توانای ئەوەی هەیە سەرنجت رابکێشێ, بەتایبەتی کاتێک بینەر گوێی لە بانگ دەبێ و وێنەی مزگەوت نیشان دەدری, بەڵام لای سەیر دەبێ کاتێک پەیامنێرەکە دەڵێت «تەنیا بۆ نوێژکردن نییە».

مزگەوتەکان لەهۆڵەندا دەکرێ بۆ گفتوگۆی سیاسیش ببێت ( وێنەی ئەوانەی لەنێو مزگەوتدا گفتوگۆ دەکەن..) رستەیەک شەش وشەیە, دەنگی پەیامنێرەکە دەوەستێ و گوێمان لەدەنگی سروشتی ژاوەژاوی دیدارەکانی ناو مزگەوت دەبێ.

لەپێش هەڵبژاردندا پارتەکان لەسەر ئەوە رێککەوتن بۆ دیدار و گفتوگۆ لە مزگەوتی رۆتردام یەکتردەبینەوە ..(رستەیەکی مامناوەندیی درێژە-خۆی لە رستەی کورت و رستەی مامناوەندی درێژدایە).

دیدارەکان لەبارەی ناسنامە و ئاین و بیانییەکان ...بوو، ئەمەو سیاسەت لەشوێنەکانی پەرستن, پەیوەندی بەعلمانیەتی هۆڵەنداوە نییە (زمانێکی ساکار و روون، بەڵام وشک نییە, لەراپۆرتەکەدا باس لەدەوروبەری مزگەوتەکەش دەکات).

چاوپێکەوتن: لەگەڵ کەسێک بەشداری کردووە لەو دیدار و گفتوگۆیانە و تیایدا هۆکارەکانی دەستنیشانکردنی مزگەوت روون دەکاتەوە تا ئەو دیدارەی تیادا ئەنجام بدرێ.

٩- پوختی و وردبینی: ناکرێ هەموو شتێک لەراپۆرتی تەلەفزیۆنیدا بڵێیت, زۆربوونی زانیارییەکان هەموو زانیارییەکان دەکوژێ بۆیە پوخت و وردبین بە, ئەمەو راپۆرتی تەلەفزیۆنی دەستنیشانکردن و بڕیار و دەستنیشانکردنی بابەتێکە جیاوازی دەهێنێتەکایەوە.

١٠- لەدوای یەکی لۆژیکی لە نووسیندا: بڕگەکانی دیکە وێنە دەگیرێ, ئەوا دەقە یەک لەدوای یەکەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی دەنووسرێ تا چیرۆکەکە بەئاواز و جۆش و خرۆشەوە بگێڕێتەوە.

## بەشی نۆیەم

# وەستان بەرامبەر بەکامیرا.. بەدەنگ و وێنە واژوو دەکەی

وەستان بەرامبەر بەکامیرا یان piece to camera-plateau ئەو بەشەیە پەیامنێرە تەلەفزیۆنییەکە بەرامبەر بەکامیرا بەدەنگ و وێنەوە قسە دەکات و بەدەردەکەوێ, واتە لەشوێنی ڕووداوەکە و ئەو شوێنەی چیرۆکەکەی ڕوومالّ دەکات.

پەیامنێر حەزی بەو بەشەیە، بەلاّم ترسیشیان لێی هەیە، بۆیە حەزی پێدەکەن چونکە هەلێکە تا جەماوەر بیان ناسێت, بۆیە ترسیان لێی هەیە، چونکە پێویستی بەکارایی زیاتر هەیە, وەک زالّبوون بە زمانی جەستە، متمانە بەخۆکردن و زالّبوون بەسەر هەناسەدا.. هتد, بەو شێوەیە لەلای ڕۆژنامەنووس گومان دروست دەبێ، بیر لەوە دەکاتەوە ئایا لەلایەن جەماوەرەوە پەسەندە یان شتێکی پێ دەلّێن «ئەوەی گوێت لێ دەبێ زۆر باشترە لەوەی دەیبینیت».

## ١- ئامانج لەوەستان بەرامبەر بەکامیرا: یەکەم شت ڕاستگۆیییە

• ڕاستگۆیی: وەستان بەرامبەر بەکامیرا پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە شوێنی ڕووداوەکە یان چیرۆکەکە, بەمەش



ڕاپۆرتەکە ڕاستگۆیی پێدەبەخشرێ, بەو پێیەی پەیامنێرەکە ڕووداوەکە لەهەمان شوێندا دەگوازێتەوە، ئەمەش بنەمایەکی زێڕینە لەبەرامبەر کامیرادا (لەهەمان شوێن)، چونکە هیچ مانایەکی نییە لەدووری شوێنی ڕووداوەکە و بابەتی ڕاپۆرتەکە تۆمار بکرێ.

• کارایی تایبەتی پەیامنێرەکە: لەکاتی وەستان بەرامبەر بەکامیرا بینەر لەڕووی دەنگ و وێنەوە پەیامنێرەکە دەناسێ, ئەمەش ڕێگەیە تا پەیوەندی لەنێوان پەیامنێر و بینەراندا بنیات بنرێ.

• خودی خۆت بخەرە نێو ڕاپۆرتەکە: لەم بەشەی ڕاپۆرتەکەدا تەنیا ڕێگە بەپەیامنێرەکە دراوە دەبڕینی خودی بێنێتەکایەوە, ئەمەو دەبێ بە شایەتحاڵ یان ڕاڤەکار یاخود دەرئەنجامەکە بەدەردەخا, بەڵام ناکرێ هەڵوێستی خۆت دەربخەی یان بڕیارێک بدەی.

## ٢- جۆرەکانی وەستان بەرامبەر بەکامیرا: وشە جیاکەرەوەی شوێن و ڕێڕەوەکەیە

لەبنەڕەتدا وەستان بەرامبەر بەکامیرا پەیوەندیدارە بەشوێنی ڕووداوە, ئەمەش دیاریکردنێکی سەرەکی دەستنیشانکردنەکەیە, بۆیە ڕۆژنامەنووس دەبێ ئاگاداری ئەو بابەتە بێ لەو کاتەی ڕاپۆرتەکەی ئامادە دەکات، لەو شوێنە تۆماری دەکات, کە ڕووداوە سەرەکییەکەی لێ هاتۆتەکایەوە (لەشوێنی نارەزاییەکان ئەگەر بابەتەکە پەیوەست بوو بە خۆپیشاندان, یان لەشوێنی تەقینەوەکە ئەگەر بابەتەکە پەیوەست بوو بە تەقینەوە، لەکێڵگەیەکدا ئەگەر بابەتە پەیوەست بوو بە کشتوکاڵ..لەشوێنی دەنگدان ئەگەر ڕاپۆرتەکە سەبارەت بە هەڵبژاردن بوو...) لەکاتی گەڕانەوەی لەشەقامەکە تۆمار نەکات یان لەشوێنێکی نزیکی نووسینگەکە, ئەمەش دەچێتە نێوەندی ئاسانکردنێکی ناڵەبار. ئەگەر ئەم بنەما سەرەکییە بەهەند وەربگرین ئەوا دەتوانین جیاوازی لەنێوان سێ وەستان بەرامبەر بەکامیرا بکەین.

١- لەکۆتایی ڕاپۆرتەکەدا، کە ناوی وەستانی کۆتاییە concusive or ending piece to camera ئەمەش ڕاپۆرتە تەلەفزیۆنییەکان زۆر باوە, ئەمە وەک ئیمزای پیامنێرەکەیە لەکۆتایی ڕاپۆرتەکە.

٢- لەناوەڕاستی ڕاپۆرتەکەدا بەمەش دەگوترێ پرد bridge وەک ناوەکەی پردێکە لەنێوان پەیوەستکردنی دوو بابەت یان دوو کات و شوێن, ئەوەی دیاریکراوە ئەوە لەشوێنی ڕووداوەکەدا ئەنجام دەدرێ, لەپێش ئەوەی بچێتە شوێن وڕێڕەوێکی دیکە, بۆ ئەمەش چەند بابەتێک بەکاردەهێنین:

• بابەتێکە خۆی لەنێوەندی ڕووبەرێکی سیاسی و مەیدانیدا دەبینێتەوە وەک گەیشتنی پەنابەرەکان بۆ ئەورووپا, لەم ڕاپۆرتەدا بەشێکی مەیدانی پەیوەستە بە پەنابەرە هاتووەکان کە لەدۆخێکی

قورسدان, روو و بەشەکەی دیکە سیاسییە و پەیوەستە بەهەڵوێستی سیاسی دەوڵەت یان ئەو دەوڵەتانەی پەیوەندیدارن، بۆیە گونجاوە تۆمارکردنی وەستان بەرامبەر کامیرا لەگەڵ پەنابەرەکان بێ ( وەک لەخیوەتەکەیان لەپێش ئەوەی بەرەو هەڵوێستی سیاسی بچیت, کە لەنێو بارەگا حکومییەکان و جێگەکانی دیتەئاراوە.

• پەیوەندییەکان لەنێوان شەو ورۆژ بەکار دێ یان دوو شوێنی جیا هەمان دیاردەی تیادایە، بەڵام بەدوو ڕێگەی جیاواز، ناوچەیەک کەوتۆتە نێو قەدەغەیەکی گشتی بەهۆی ڤایرۆسی کرۆناوە، کەچی قەدەغە بوونەکە لەشوێنێکی دیکە سووکترە, لەم حاڵەتەدا دەکرێ بەرامبەر بەکامیرا بوەستین و یان دەکرێ لەناو ئۆتۆمبێل بەرامبەر کامیرادا بوەستین کاتێک لەناوچەیەکەوە دەچینە ناوچەیەکی دیکە.

٣- لەسەرەتای راپۆرتەکە، کەناوی یەکەمین کرانەوەیە opening piece to camera ئەمە زۆر بەکەمی لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە بەکار دێ، زیاتریش لەهەندێک راپۆرتدا بەکار دێ، کە وێنەکان دیاریکراین و یارەمەتیدەر هەر لەسەرەتاوە بەدەربکەوێ بەتایبەت لەرێرەوی رووداوەکە یان کاتێک بابەتەکە پەیوەستە بەرووداوێکی گەورە یان تایبەتە بە رووماڵکردنێکی تایبەت, یاخود لەبارەی شوێنێکە کەسی دیکە نەیگەیشتووە پێی, لێرەوە رۆژنامەنووس دەیەوێ سەرنجی بینەران بۆ لای خۆی رابکێشێ ئەمەس بەهۆی دەرکەوتنی هەر لەسەرەتاوە.

## ٣-بنەمای شێوەکان بۆ وەستان بەرامبەر بەکامیرا: ئەو ناوەڕۆکانەی جیاوازی دروست دەکات

• شوێنی وێنەگرتنەکە: لەشوێنی رووداوەکە، دەبێ تیایدا بتوێیتەوە، ئەگەر راپۆرتەکە پەیوەندی بەرێپیوانێک هەبوو ئەوا دەبێ لەپشت رێپیوانەکە بێت بەبێ ئەوەی پەیامنێرەکە بەدەربکەوێ وەک ئەوەی بەشدار بێ.

نموونەی توانەوە لەنێو رووداودا: پەیامنێر راپۆرتێکی لەبارەی ئەو ئاستەنگانەی کە رووبەڕووی ئەو مامۆستایە ئافرەتانە دەبێتەوە، کە لەگوندە دوورەکانن لەیەکێک لەوڵاتە عەرەبییەکان، بەتایبەتی ئەو گوندەی دوورە لەشوێنی کاری پیاوەکەی، پەیامنێر پێدەچێ کەمێک بەجۆش بێ، بۆیە منداڵێکی مەلۆتکەی هەڵگرت لەو کاتەی لەبەرامبەر کامیرا وەستا، ئەمەش وەک بەڵگەیەک بۆ قورسی دۆخی ئەو مامۆستایە ئافرەتانەی لەو ناوچانەن.

ئەوەی روونە پەیامنێرەکە لەنێو بابەتەکە تواوەتەوە ئەمەش بەهۆی کاریگەرییبوونی بەرووداوەکە، هەروا هیچ دوورییەکی نەهێشتۆتەوە لەنێوان خۆی و راپۆرتەکە، ئەمەش کاریگەری دەبێ بۆ سەر راستگۆیی راپۆرتەکە، گە پێچەوانەی وەستانییەتی بەرامبەر بەکامیرا بەشێوەیەک دەیەوێ زیاتر راستگۆیی بنوێنێ لەنێو راپۆرتەکەدا، لەکاتێکدا ماوەی وەستان بەرامبەر کامیرا لەنێوان

١٥ و ٢٠ چرکەیە، ئەمەش بەشێوەیەک جەخت و پوخت و روونی بەرستە کورتە دەربڕاوەکان دەخاتە روو.

• وێنەگرتن : زۆرجار گرتە مامناوەندیەکە بەستراوەتەوە بە وێنەگرتنی وەستان بەرامبەر بەکامیرا واتە گرتەی ئەمریکی American shot تیایدا پەیامنێر لەسەرووی چۆکیەوە بۆ سەرەوە بەدەردەکەوێ، یان گرتەی فەرەنسییە French shot (لەناوقەدەوە بۆ سەرەوە)، بەڵام ئەمە بنەمایەکی رەها نییە، بەڵکو دەکری داهێنان بەپێی سروشتی بابەت و باکگراوند و ئامرازەکانی وێنەگرتنی بەردەستە بێتەکایەوە، هەروەها دەکرێ دوو گرتەی جیاواز کۆبکرێتەوە لەوەستان بەرامبەر بەکامیرا وەک گرتەیەکی فراوان تیایدا پەیامنێر لەدوورەوە بەدەردەکەوێ لەپاشاندا گرتەیەکی مامناوەندی دێ، ئەمەش پێویستی بەوەیە دووجارلەبەرامبەر کامیرا بوەستیت، جارێک بەگرتەی فراوان و جارێکیش بە گرتەی مامناوەندی لەپاشاندا هەردوو گرتە رێکدەخری.

• شێوەی جۆراوجۆر بەپێی رێڕەوەکە : وەک شتێکی باو وەستان بەرامبەر بەکامیرا بەپێوە دەبێ، بەڵام ئەمجۆرە وەستانە جۆرێک لەترس دروست دەکات لەکاتی گۆڕاندا، ئەمەو وەستان بەرامبەر بەکامیرا دەتواندرێ بەپێوە ئەنجام بدرێ یاخود بەرۆیشتن (لەرێپیوان یان هەر شتێکی دیکە) دەشکرێ وێنەکە بەزووم ئین و زووم ئاوت بکرێ، جگە لەوەی دەکرێ سوود لەتەکنیکی نوێی وێنەگرتن وەربگیرێ بۆ زیاتر داهێنان، وەک وێنەگرتن لەسەرەوە بەفڕۆکەی درۆن بۆ نموونە بەپێی بنەما هیچ بنەمایەکی نییە بۆیە داهێنان هیچ سنووریکی نییە.

• جوولەی جەستە زۆر گرنگە : جیاوازی لەنێوان وەستان بەرامبەر کامیرا بەو پێیەی ئەو ساتەی پەیامنێرەکە بەدەنگ و وێنە بەدەردەکەوێ، کارەکەش پەیوەست نییە بە خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ دەقێکی نووسراو بەرامبەر بەکامیرا، بەڵکو کارەکە پەیوەستە بەپەیامنێرەوە بۆ لای بینەران لەرێگەی کامیراوە، وەک لەواقیعدا ئەوا قسە کردن و ئاواز و خێرایی و جوولەی جەستە هەموویان رەگەزی سەرەکین لەراکێشانی گوێگر و رازیکردنی.

چەندین بنەما هەیە پێویستە فێری ببین، وەک پاڵەپەستۆکردن لەسەر وشەکانی سەرەتا و رەنگکردنی ئاوازەکە نەوەک قسەکردنەکەت خراپ دەربچێ، بەڵام بنەمای گرنگ ئەوەیە: وەک خۆت بە! چونکە کامیرا ئاڵۆزاوت دەکات، پەیامنێر کاتێکی دەوێ تا لەسەری رادێ، بەڵام کاتێک خۆت نەبیت نیشانەکان ون نابێ، ئەمەو بینەری ئەمرۆ ژیرە، چونکە لەئێستادا نەکامیرا و نە پەخشی راستەوخۆ سەرسوڕهێنەری دەکات، ئەو دەتوانێ هەموو ئەو کارانە لەژوورەکەی خۆیدا بکات بۆیە سادە بە.

## ٤- ناوەڕۆکی وەستان بەرامبەر کامیرا: بژاردەی قورس

کاتێک دەوەستین بەرامبەر بەکامیرا چی دەڵێین؟ ئەمە پرسیارە رووبەڕووی

پەیامنێرەکە دەبێتەوە لەهێنانەئارای هەر راپۆرتێک، زۆرێک لەپەیامنێرەکان پێ لەسەر ئەوەدادەگرن دارشتنی وەستان بەرامبەر بەکامیرا یەکێک لە دەستنیشانکردنە قورسەکانە لەئامادەکردنی راپۆرتدا لەتەک دیاریکردنی سەرەتای راپۆرتەکە، ئەوە جگە لەو ئاگاداربوونانەی پەیوەستە بەدووبارەکردنەوە و دەرکردنی بڕیاری بەهادار یاخود هەڵوێستە کەسییەکان لەو کاتەی دەتەوێ داهێنان بکەی و خۆت زۆر ماندوو بکەی.

بەشێوەیەکی گشتی پێویستە جەخت لەوەستان بەرامبەر بەکامیرا بکەی بەو شێوەیە:

- پوختەیەکی گشتی بابەتەکە، کە پەیوەستنە بەهەستی بینەر تا راپۆرتەکەی لەیاد نەچێ.

- دەرئەنجامێکی لۆژیکی کە هیچ پێچەوانە و هەڵوێستێکی کەسی تیادا نییە.

- بیرۆکەی نوێ هیچ وێنەیەکی گونجاو ناداتە دەست، بۆیە پەیامنێر پەنا دەباتە بەر وەستان بەرامبەر کامێرا.

- خستنەرووی کێشەیەکی دیکە، بەڵام پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەبابەتی سەرەکیەوە هەیە.

لەگەڵ هەموو ئەو شتانە پێویستە ئاگادار ئەو شتانە بیت کە پێشتر باسمان لێوە کردووە وەک:

- دووبارە نەکردنەوەی ئەو شتانەی لەراپۆرتەکەدا هاتووە یان لەسەرەتادا باسکراوە، چونکە ماوەی راپۆرتەکە کورتە، تەنیا پێویستەکان بڵێ، چونکە بەشی دووبارە کردنەوە ناکات.

- هیچ بڕیارێکی کەسی مەدە یان بڕیاری هەڵسەنگاندن مەدە، چونکە تۆ رۆژنامەنووسیت نەک دادوەر، خەڵک چاوەڕوانی هەڵوێستی تایبەتی لەتۆ ناکەن، چونکە هەڵوێستی خۆیان هەیە لەوانەیە وەک هەڵوێستی تۆ بێت یان پێچەوانەی هەڵوێستی تۆ بێت، ئەوەی پێویستە زانیاری و باکگراوەندەکانی بخەیتە روو، هەندێکجار رێگە بەتۆ دەدرێ شیکردنەوە بکەیت، بەڵام بەبێ ئەوەی بڕیاری کەسی خۆت بدەیت.

- کەمێک رێگە بەکەسیەتی و خودی خۆت دەدرێ کاتێک بەرامبەر بەکامیرا دەوەستیت، کاتێک وەک شایەتاڵێک یان شرۆڤەکارێک قسە دەکەیت، ئەمەش نابێتە هۆی ئەوەی بڕیارە کەسییەکانی خۆت بدەی.

## بەشی دەیەم

# شێوازی بنیاتنانی راپۆرت: چۆن چیرۆکەکە دەگێڕیتەوە؟

پەیامنێر لە هەر راپۆرتێکدا چەند پرسیارێک بەدەستی دەهێنێ: چۆن راپۆرتەکە بنیات دەنێ؟ لەکوێوە دەست پێدەکات و لەکوێوە کۆتایی دێ؟ چۆن راپۆرتێکی جیاواز کۆکەرەوەی نێوان هەواڵ و خۆشی بێت؟ چۆن چیرۆکەکە دەگێڕیتەوە؟

بەم پرسیارانە وا لەئارەزوومەندان دەکەی راپۆرتێک بەهەناسەکی داهێنەرانە دابڕێژیت، ئەمەش دوور لەو کلێشانەی دانراوە و بەردەستە، لەراستیدا هیچ دانراوێکی سیحری نییە بۆ جێبەجێکردنی راپۆرتێکی باس، ئەمەو چەندین بنەمای سەرەکی هەیە، وەک نیشانەکانی هاتوچۆیە، بەڵام ئەم نیشانانە بەتەنیا ناتکاتە شوفێرێکی کارا.



لەم بەشەدا بەشێک لەبنەما سەرەکییەکان لە بنیاتنانی راپۆرت و دارِشتنەوەی دەخەینە روو:

### • لەسەرەتادا چیرۆکێك بوو، راپۆرت چیرۆکێکی تەلەفزیۆنییە بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵە بکە

گرنگ نییە ئەگەر زاراوەی «چیرۆک» بۆ وەسفکردنی راپۆرتی تەلەفزیۆنی بەکاربهێنم، چونکە خەڵک ئارەزوویان لە چیرۆکە هەر کاتێکیش راپۆرتەکەت کردە چیرۆک ئەوا سەرکەوتوو بوویت لەسەرنجراکێشانی خەڵکی، بۆیە خەڵک کاتێک سەیری بڵاوکراوەکانی هەواڵ دەکات زیاتر سەیری ئەو بابەتانە دەکەن کە خۆی لەراپۆرتی تەلەفزیۆنیدا دەبینێتەوە؟ سەبارەت بە هەواڵ و زانیارییەکان؟ بەڵێ ئەمە راستە، بەڵام بەدوای خۆشی دەگەڕێن، مەبەستیش لەخۆشی بەدەستهێنانی راپۆرتێکی گاڵتەجاڕی نییە، مەبەست لەمە نەکەوتنە لەنێو بێزاری و وەڕسبووندا لەنێوەندی هەواڵ و زانیاریی و هاوێنەدا، لەمەش باشتر کۆکردنەوەی هەواڵ و هاوێنەیە کاتێک چیرۆکەکە دەگێڕیتەوە، ئەمە بنەمایەکی گەورەیە یان دەتوانین ناوی بنێین دایکی بنەماکان لە بنیاتنانی راپۆرتی تەلەفزیۆنیدا، لەمەوەش چەندین لقی دیکەی بنەماکانی لێ دەبێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە بۆ پێکانی ئەو بنەمایە یان شیکردنەوە و بەستنەوەی بەدرێژەی ناوەڕۆکەکەیە.

### • ئەو چیرۆکانەی لەسەر زاری خاوەنەکانیەوە دەگێڕدرێتەوە: بەدوای نموونەی نواندی چیرۆکەکەدا بگەڕێ

هیچ کەسێک وەک خاوەنەکەی چیرۆکەکەی ناگێڕێتەوە، بۆیە راپۆرتی باش رێگە بەخاوەنەکانیان دەدا تا خۆیان چیرۆکەکانیان بگێڕنەوە، لەزەوی لەرزێکدا دەیان کەس مردن، زۆر کاریگەرە ئەگەر ئەم رووداوە لەزاری منداڵێک بگێڕدرێتەوە، کە باوکی و دایکی لەدەستداوە تا باس لە قوربانیان بکات بەشێوەی کۆ.

مردنی دەیان کەس لەو زەوی لەرزەدا تەنیا ژمارەیەکە بۆ کەسێکی دوور و هیچ پەیوەندیەکی بەوەوە نییە، لێرەوە کاری رۆژنامەنووس ئەوەیە پەیوەندییەک لەنێوان پاڵەوانی چیرۆکەکە و بینەران بهێنێتەکایەوە، ئەمەش لەرێگەی پێشکەشکردنی چیرۆکەکە دەبێ لەسەر زاری ئەو تاکانەی تیایدا دەژین، ئەم رێگەیەش بە «سۆزداری چیرۆکەکە» ناودەبرێ، واتە روویەکی مرۆییانەی لەنێوەندی بەرجەستەبوونی ئەو کەسانەی تیایدا دەژیت پێببەخشیت.

بەمای سەرەکی : چیرۆکە تەلەفزیۆنییەک بەهەر شێوەیەک دەتەوێ بەدەست بهێنیت، ئەوا بیر لە «سۆزدار»ی بکەوە.

نموونەی ١: راپۆرتێک لەبارەی ئاوارەکان

تەنیا ئەوەندە بەس نییە بەشێوەیەکی گشتی باس لەئاوارەکان بکەیت ئەمەش بەبەکارهێنانی وێنەی ئاوارە و بێ لانەکان، بەدوای کەسێکدا بگەڕێ لەشەقامدا

دەژیت، بۆ چەند کاتێک لەگەڵیدا بژی، لەژینگە سروشتییەکەی وێنەی لەگەڵ بگرە، ناوی بۆ بینەر باس بکە لەتەک هەندێک لەناوەڕۆکی ژیانی تەنیا وەک ژمارەیەکی نێو ژمارەکان سەیری مەکە.

نموونەی ٢: راپۆرتێک سەبارەت بەچاکبوونەوەی ئەوانەی تووشی حاڵەتی کۆرۆنا بوو بوون
هیچ لەوە گرنگتر نییە بەدواداچوون لەحاڵەتی کەسێک بکەی، ئەو لەتەک هاوکارەکانی لەنەخۆشخانەدایە و لەو کاتەوە بەرەو ماڵەوە دەڕوا.
راپۆرتێک سەبارەت بە بەڕێز مۆنگ، کە جارێکی دیکە ژیایەوە:
راپۆرتەکە لەناو نەخۆشخانەوە دەست پێدەکات لەوێدا کەسێک بەناوی مۆنگ راهێنانی هەناسەدانی بۆ دەکرێ.

دەقەکە:
هێدی هێدی بەرەو ژیان دەگەڕێتەوە (وێنەی بەڕێز مۆنگ لەسەر قاوشی نەخۆشخانە، راهێنانی هەناسەدان دەکات) ئەم جوولەیە وەک شتێکی ساکار واتە توانای هەناسەدانی بۆ گەڕاوەتەوە لەپاش ئەوەی وایزانی لەم نزیکانە دەمرێ (وێنەی ئەو پیاوە کاتێک هەناسە دەدات، هەروەها سەیرکردنی شاشەی ترپەی دڵ)...
دەنگێکی سروشتی بەرێز مۆنگ کاتێک قسە لەگەڵ سستەرێک دەکات...

لەو کاتەدا فرمێسکی نەخۆشەکە و سستەرەکە تێکەڵ بەیەک دەبێ (کامیراکە لەبەڕێز مۆنگەوە دەگوازرێتەوە بۆ سستەرەکە، کە فرمێسک لەچاوانی دێتەخوارەوە).

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مۆنگ...
سوپاسی سستەرەکە و کەرتی تەندروستی دەکات بەهۆی ئەو بەهاناهاتنەوەیان بۆی.

ئێستا بەڕیز مۆنگ چاکبۆوە و دەتوانێ نەخۆشخانە جێبهێڵێ (وێنەی بەڕێز مۆنگ کاتێک نووسراوی چوونە دەر واژوو دەکات)..

کارەکە وەک موعجیزە وابوو..بۆیە ئەو کاتەی دەرچوو شایستەی ئەوە بوو ئاهەنگی بۆ بگێڕدرێ لەتەک ئەوانەی هاوکاری بوون و ئەوانەی سەرپەرشتی چارەسەرکردنیان دەکرد..(وێنەی سستەر و ئەو پزیشکانەی کاتێک چەپڵە لێدەدەن و بەدەنگی بەرز بانگی بەرێز مۆنگ دەکەن، کاتێک لەژوورەکە دەچێتە دەرەوە) دەنگی سروشتی..وێنەی چەپڵەلێدانەکە و هاوارەکردنێکی خۆشی بەچاکبوونەوەی.

لەوانەیە تیمی پزیشکییەکە زیاتر لەنەخۆشەکە هەست بەخۆشی بکەن ( وێنەی ئەو پزیشکانەی لەدەوربەری مۆنگ دان)...

لەپێناو ئەو ساتەدا تیمی شەو و رۆژ کارەکانیان بەیەکتر بەستەوە ( چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو پزیشکەی سەرپەرشتی چارەسەکردنەکەی کردووە)..

لەپاشاندا لەگەڵ مۆنگدا بە، چونکە هاوسەرەکەی چاوەڕوانی دەکات.

تێبینیەک: سۆزداری تەنیا پەیوەست نییە بە راپۆرتە مرۆییەکان، بەڵکو زۆر گرنگە هەتا لەو راپۆرتانەی روویەکی سیاسیشیان هەیە ( سیاسەت لەکۆتایدا مرۆڤ ئەنجامی دەدات و بەدەوری مرۆڤدا دەسوڕێتەوە).

نموونەی ٣: راپۆرتێک لەبارەی پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردن لەنێوان راستڕەو و سەوزەکان لەوڵاتێکی ئەورووپیدا:
دەکرێ چیرۆکەکە لەرێگەی دوو گەنج بگێڕینەوە، یەکێکیان سەر بە راستڕەوەکانە و ئەوی دیکەش سەر چەپڕەوەکانە یان یەکێکیان سەر ئۆپزسیۆن کەچی ئەویتر سەر پارتی دەسەڵاتداری حکومەتە.

نموونەی ٤: گەشتوگوزاری پزیشکی لەفەرەنسا، بۆ ئەمە دەتوانین چیرۆکێک لەرێگەی بریکاری کارە پسپۆڕییەکان بۆ هەماهەنگی لەنێوان نەخۆشەکانی وڵاتانی دیکە و نەخۆشخانە و ئەوانی دیکە بگێڕدرێتەوە سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکان، چیروکەکە بەوێنەی خانمێک دەست پێبکەین کە بەرەو نەخۆشخانەیەکی تایبەت هەنگاو دەنێ و لەوێدا لەگەڵ بەرپرسێک کۆدەبێتەوە و گفتوگۆ سەبارەت بەناوەڕۆکی پەیوەستوو بە نەخۆشێکی وڵاتێکی کەنداو دەخەنە روو، لەپاشاندا کامیرا لەخانمەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەو هوتێلەی نەخۆشەکە تیایدا نیشتەجێ بووە.

لەپاشاندا وێنەی نەخۆشەکە دەگرین لەپاش ئەوەی دەگات.

## • دەربڕین لەبارەی بیرۆکەی گشتی بۆ ناوەڕۆکە بچووکەکان

لەراپۆرتی تەلەفزیۆنیدا چوونە ناو گشتییەکان زیان بەئاواز و جوانییەکان دەدات، بۆیە دەتوانین باس لەبیرۆکەی گەورە بکەین لەرێگەی ناوەڕۆکی وێنەوە.

نموونە: لەجیاتی ئەمە دەڵێین راستڕەوی توندڕەو لەشارێکی فەرەنسی دەنگێکی بەرزی هێناوە لێرەوە هەوادارانی بەرەو نێو چینە جۆراوجۆرەکان دەچن.

دەتوانین بڵێین:
لەم شارەدا مارین لۆبن ترسی لەخراپی پێشوازیکردن نییە (وێنەی مارین لۆبن لەشارەکەدا دەسوڕێتەوە و چەند کەسێک لێی نزیک دەبنەوە)...
وێنەگرتن لەگەڵیدا هیچ بێزارییەکی تیادا نییە (وێنەی گەنجێک سێلفی لەگەڵدا دەگرێت)..



ئەمەو ناوەڕۆکێکی بچووک وەک کۆبوونەوەی خەڵک لە مارین لۆبن تا وێنەی لەگەڵدا بگرن، ئەمەش وەک خواستێکە بۆ قسەکردن لەبارەی بیرۆکە گەورەکە و کاتێک پارتێکی سیاسی دەچێتە نێوەندی دانیشتووانەوە.
ئاوێتەبوونی دیمەنەکان لەچیرۆکەکەدا:
لەبنەڕەتییەکانی راپۆرتی تەلەفزیۆنیدا، بینەر هەست بە چیرۆکەکە بکات، لەنێوەندی رووداوەکاندا بژیت، کاتێک تۆ پێشکەشی دەکەیت کەسەکانی بەشوێنەکانیان دەناسێنیت لەتەک ناوەڕۆکی ژیانیان، دەکرێ ئەمە لەرێکەی ئەم خاڵانەوە بێکی:

• وێنە نزیکەکان: یارمەتیدەرە بۆ ئاوێتەبوونی بینەر لەکەشی چیرۆکەکە، بەڵام بەمەرجێک بەبێ ئەوەی زیاد لەپێویست بەکاربهێندرێ، بەڵکو بەپێی بنەما و جۆراوجۆری قەبارە و گۆشەکانی پێشتر بێ.

• تەکنیکی ئاماژە: ئەمەش لەرێگەی بەکارهێنانی پیتەکانی ئاماژەکردن لەگوتەدا، بەشێوەیەک بینەر بتوانێ بچێتە نێو دیمەنەکە.

نموونەکان :

– ئەم دەرگایە چیتر ناکرێتەوە...چونکە کارگێڕی کارەگە دایخستووە و ترسی لە پەتاکەیە (وێنەی دەروازە گەورەکەی کارگە..)...

– ئەم ژاوەژاوە وایکردووە خەڵک نەتوانێ بخەوێ (گوێمان لەدەنگی ئامێری زەوی هەڵکەندن دەبێ وەک نموونە)...

- کاتێک یەکێک پەنجەرەکەی دەکاتەوە.... ئەو دەنگەی گوێ لێ دەبێ...(ناوی یەکێک و ئاماژەیەکمان بەکارهێنا)...

– ناوهێنانی کەس و پاڵەوانەکان و خستنەرووی ناوەڕۆکی ژیانیان:

نموونە : لەراپۆرتی قەیرانی بێکاریدا: ئەحمەد ...لەپێش دوو ساڵ خوێندنی تەواوکردووە..بەڵام تا ئێستا کارێکی نەدۆزیوەتەوە....

• ئاناژەیە بۆ ئەوەی دواتر دێ: ئەمەش وەک سەرنجڕاکێشانی بینەرەکە و ئاوێتەکردنی بۆ ناو ئەو چیرۆکەی بۆی باس دەکەیت.

نموونە : ئەمە هەموو شتێک نییە، کارەکە تەواو نەبوو، رادەی خراپی تا ئێستا رووی نەداوە.

• ئاماژەکردن بۆ گۆڕینی شوێنەکە: ئەمەش بەوێنە دەکرێ لەرێگەی گرتەیەک بەشێوەیەکی روون دەریدەخا کە شوێنەکە گۆڕاوە، وەک گرتەی گواستنەوەی گرتەیەک لەرێگەی ئۆتۆمبیل یان گرتەیەگ بۆ رووی شوێنە نوێیەکە، ئەگەر کارەکە پەیوەست بوو بە دەزگایەک وەک نموونە.

# بەشی یازدەیەم:

# مۆنتاژ: دارشتنی کۆتایی چیرۆکەکە

مۆنتاژ لەقوناغەکانی کۆتاییە بۆ بەدەستهێنانی راپۆرتێک، ئامانجی سەرەکیش پرۆسەی مۆنتاژکردنی وەرچەرخانی مادده خامەکەیە یان پییدەڵێن: راشەر rushes بۆ گرتەی کورتر و (خاوێن)تر ئەمەش خزمەت بەرێڕەوی گێرانەوە و رێکە بەگێرانەوەی چیرۆکەکە دەدا و بنیات و ئاوازی پێدەبەخشی.

بۆ زامینکردنی ئاسانی پرۆسەی مۆنتاژ دەبێ ئاگاداری ئەم بنەمایانە بین:

- دەبێ بیرۆکەیەکی روونمان هەبێ سەبارەت بەوەی باسی دەکەین لەتەک وێنای شێوەی کۆتایی راپۆرتەکە لەپێش ئەوەی بچینە ناو هۆڵی مۆنتاژ.
- مۆنتاژ خستنەڕووی هەموو شتەکانی پێشترە بۆ پێشینەی ئامادەکاری و کارکردن لەمەیداندا، ئەگەر ئامادەکاری یان کارە مەیدانییەکە بەشێوەیەکی باش نەکرا، ئەوا پرۆسەی مۆنتاژ قورس و دوور و درێژ دەبێ، دەرئەنجامەکەشی زۆر لاواز دەبێ لەشێوە کۆتاییەکەی.
- وێتەگرتن کە بەهەند وەرگیراوە ئەوا پرۆسەی مۆنتاژ ئاسان دەکات.

## أ- قوناغەکانی مۆنتاژ:
## دابەشکردنێکی پەیڕەوکراو

دابەشکردنی قۆناغەکانی مۆنتاژ بەپرۆسەیەکی پرۆگرام و پەیرەوکراو دەبێ، پلانەکان لەقۆناغە سەرەتاییەکان دەست پێدەکات واتە لەپێش وێنەگرتن، بەدیاریکراویش لەنێوەندی دارشتنی وێنای گشتی راپۆرتەکە، بۆیە پرۆسەی مۆنتاژ بەپێی ئەم قۆناغانە دەکرێ.

- سەیرکردنی وێنەکان: سەیرکردنێک ئاوێتەی بیت بۆ هەڵبژاردنی وێنە و دەرهێنانی ماناکانی لەتەک تۆمارکردنی تێبینییەکان لەبارەی ئەوانەی بەکاریان دەهێنیت، هەروا دەکرێ خشتەیەک دابنێیت تیایدا گرتە و کات و وەسف و گۆتەی گونجاو لەخۆ بگرێ.
- دەستنیشانکردنی چاوپێکەوتنەکان.
- دەستنیشانکردنی برگە سەرەکییەکان.
- برین.

لەگەڵ شارەزایی و ساڵەکانی کارکردن, چەندین بابەت دەچنە نێو یەکتری, ئەمەو رۆژنامەنووشە پیشەگەرەکان

زیاتر ئەو برگانە دەستنیشان دەکەن, کە گونجاوترە, لەکاتی پرۆسەی بینین بەشێوەیەکی کورت دیاری دەکەن, هەروا توانای خێراکردنی گرتەکانیان هەیە بەبێ ئەوەی خشتەکە هەموو گرتەکان وەسف بکات.

بەشێوەیەکی گشتی دوو ڕێگە هەیە لەپرۆسەی مۆنتاژدا:

• دابەزاندنی هەموو ئەو وێنانەی دەستنیشانت کردووە وەک: لێرەدا پەیامنێرەکە بەو ڕێگەیە توانی جەخت لەهەموو وێنەکان بکاتەوە, لەکاتی مۆنتاژدا ناچاریش نابێ جارێکی دیکە بگەڕێ بەدوای وێنەی دیکەدا.

• لەسەر ەتادا «خاوێنکردنەوە»ی وێنە گونجاوەکان دواتر دابەزاندنی: ئەم ڕێگەیە یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی ڕاشەر و دەستنیشانکردنی کات, بەڵام پەیامنێر و مۆنتێر ناچار دەبن بۆ گەڕان بەدوای گرتەی دیکە لەوکاتەی پێویستیان بوو.

## ب- پلانی مۆنتاژ: گرێیەکە کارە سەرەکییەکەیە

مۆنتاژ نووسینی چیرۆکە بەوێنە و دەنگ, سەرەتا و کۆتایی و ناوەڕاستی هەیە بەمەش گرێیەکە بەرز دەبێتەوە, زۆر گرنگە ڕۆژنامەنووس ئاگاداری ئەو خاڵانەی خوارەوە بێت:

• پلانی مۆنتاژ کۆکردنەوەی کۆمەڵێک «برگەی» ڕێکخراو و ڕێکە, لەگەڵ ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی لەدەرەوەی بابەتەکە و گۆشەی چارەسەرن.

• کارەکە پەیوەستە بە دەستنیشانکردنی باشترین برگە و چاوپێکەوتن و دانانی لەسەر ڕێکۆردەکە Raccord وەکچۆن کارەکە بۆ وێنەگرتنیش وایە.

• مۆنتاژ برگە برگە لەدوای یەکتر بنیات دەنێ ئەوەی باوە ٣ بۆ ٤ برگەیە.

• مۆنتاژ ئاوازی ڕاپۆرتەکە دیاری دەکات, وەک برگەیەکی میوزیکە, ئەویش دابەشکردنی کات و قسە و کردەیە, نابێ بینەر هەست بەوە بکات ڕاپۆرتەکە وەڕسکەر و درێژە، ئەگەر ئەمە ڕوویدا واتە مۆنتاژکردنەکە شکستی هێناوە.

• مۆنتاژکردنی ڕاپۆرت لەدەوری برگە سەرەکییەکان دەسوڕێتەوە, واتە ئەو وێنانەیە کە دێتەوە یادت لەپاش پەخشکردنی ڕیپۆرتاژەکە.

• برگەی سەرەکی دەکرێ بەشێوەیەک بێت: کارێک یان شایەتحاڵییەک, یاخود چاوپێکەوتنێکی کاریگەر و بابەتیانە, لەپاش ئەمە پێویستە ڕێکبخرێ بەپێی ئەو ئاوازە لەدەوری برگەکانی دیکەدا دەسوڕێتەوە.

## ج- بنیاتنانی مۆنتاژ: گەڕان بەدوای هێڵی ڕێکخەر

وەکچۆن لەوێنەگرتندا دەکرێ:

• مۆنتاژکردن لەدەوری هێڵی ڕێکخەر بنیاتدەنرێ, لەوانەیە کەسێک «کارێکی کردبێ یان شوێنێک ڕووداوەکەی تیادایە, یان بابەتێک بەدواداچوون بۆ پێشکەوتنەکانی دەکەین.

•دەکرێ ریپۆرتاژ بەهۆی چاوپێکەوتنەکان بنیات بنرێ: ئەو کاتەی کارەکە پەیوەستە بەبابەتێک مقۆمقۆی لەسەر بێ تیایدا هەڵوێستەکان لەیەکتر جیان, بۆیە چاوپێکەوتنەکان کۆڵەگەی سەرەکییە.

• لەراپۆرتە هەواڵە مەیدانییەکانی تەلەفزیۆندا: زانیارییە نوێیەکان گرنگی سەرەکییە.

• مۆنتاژکردنە بەپێی دیمەنەکانە نەک گرتەکان:

نموونە : راپۆرتێک لەبارەی راوکردنێکی ئاسایی: دیمەنەکە بەدواداچوون بۆ راوچییە دەکات کاتێک لەناو بەلەکەیدایە و ماسی راو دەکات (کۆمەڵێک گرتەی جۆراوجۆر و گونجاو). لێرەدا دەبێ دوورکەویەوە لە گرتەی تاک تیایدا بەشێوەیەکی نەشاز بەدەردەکەوێ و هیچ پەیوەندی بەدیمەنەکەوە نییە, تەنیا ئەگەر گرتەکە دەربڕینەکەی بەهێز بێ و پێویستی بەوانی دیکە نەبێ.

• بەردەوامبوون : بنەمای بەردەوامبوون زاڵە بەسەر پرۆسەی مۆنتاژدا.

نموونە : قوتابییەک دەچێتە قوتابخانە: تەنیا دوو تا سێ گرتە بەسە : (کاتێک لەدەرەوەی ماڵەوەیە-دواتر هەنگاو دەنێ بەپێ یان سواری پاسی گواستنەوەی قوتابیان دەبێ- کاتێک دەچێتە بەشەکەیەوە), لەدیمەنەکان تێدەگەین ئەو لەدەرەوەی ماڵەوەیە و ڕێگاکانی بڕی پێش ئەوەی بچێتە بەشەکەی.

• ئاسان و ساکار: گواستنەوە لەگرتەیەک بۆ گرتەیەکی دیکە لەبڕگەیەک بۆ ئەوی دیکە, بەشێوەیەک بینەر هەست بەوە نەکات گرتەکان بڕدراوە, یەکێک لەرۆڵەکانی مۆنتاژکردن وا لەبینەر دەکات ڕێگە بەبینەر نەدات هەست بەبڕینەکانی نێوان گرتەیەک و گرتەیەکی دیکە نەکات, وا سەیری بکات بەو پێیەی راپۆرتەکە یەکەیەکی تەواوکارییە.

• یەک لەدوای یەکتریکی لۆژیکە لە گواستنەوە لەگرتەیەک بۆ یەکێکی دیکە: مەبەست لە بەدوای یەکە لۆژییەکان پرۆسەی وێنەگرتنە بەشێوەیەک ئاگادار بێ تا گرتەکان بەدوای یەکدا بێن و گونجانبوونی بنەماکانی دیمەنی ببینین لەژیانێکی ئاسایدا, بۆ نموونە ناکرێ گرتەیەک نیشان بدەیت کەسێک لەماڵەوە دەردەچێ و دواتریش گرتەیەک نیشان بدەیت لەنێو ماڵەوە بێ, ئەمەو لۆژیکی بینین وای دادەنێ کەسەکە لەماڵەوە دەرچووە, دواتر لەشەقامدا بەپێی دەڕوا یان سواری یەکێک لەئامرازەکانی گواستنەوە دەبێ, لەپاشان دەگاتە ئەو شوێنەی بۆی دەچێ.

پێویستە ڕێز لەو یەک لەدوای یەکەی لۆژیکی ببین لەو کاتەی گرتەکان یەک لەدوای یەکتردا نمایش دەکرێن, سەرەڕایی ئەوەی ئەمە لەئاستی مۆنتاژدایە, بەڵام لەکاتی وێنەگرتندا بەهەند وەرنەگیراوە, ئەمەو ڕۆژنامەنووس-مۆنتێر خۆی لەبەردەم کەمی وێنە و نەبوونی گرتەی بەردەوام دەبینێتەوە, زۆرجار وێنەکە مانایەکی ڕوون ناداتە دەستەوە.

ئەمە خۆ دوورخستنەوەیە ناو دەنرێ faux raccord یان جەمپ jumping ئەمەش وەک هەستکردنێک چاو دادەپۆشێ کاتێک دوو گرتەی لەدوای یەک بەشێوەیەک دوور لەلۆژیک دەبینین, لەگرتەیەک کەسەکە ڕاوەستاوە کەچی لەگرتەیەکی دیکە دەبینی دانیشتووە بەبێ ئەوەی هیچ گرتەیەک لەنێوەندیان هەبێ, بۆیە کامیرا دەبێ بەپێی لۆژیکی چاو کار بکات.

- جۆراوجۆری لەقەبارەی گرتە و بەهاکانی: لەدوای گرتەی فراوان دەبێ گرتەی مامناوەندی بێ یان نزیک, نابێ گرتەکان لەدوای یەک بێ و هەمان قەبارەی هەبێ کەچی نێوەندێکی نییە.

- دەنگی سروشتی: نابێ دەنگی سروشتی لەبیر بکەین, واتە لەنێوان بڕگەیەک و ئەوی دیکە و لەکاتی پێویستدا.

- بەهای هەواڵ: لەو وێنانە دوور بکەوە کە هیچ مانایەک و بەهایەکی هەواڵی ڕاستەقینەیان نییە.

- گرنگیدان بە گرتەی سەرەتا و کۆتایی: گرتەی سەرەتا هۆیەکە بۆ سەرنجڕاکێشان و گرتەی کۆتایش هەستەکان لەلای وەرگر بەجێدەهێڵێ, بۆیە زۆر پێویستە گرنگییەکی تەواوی پێبدرێ!

- پێویستە باسی ئەو شوێنە بکەیت کە ڕووداوەکەی لێ هاتۆتە کایەوە ئەمەش لەڕێگەی ئەو گرتانەی شوێنەکە بەدەردەخا.

# بەشی دوازدەیەم

# رووماڵی زیندوو

رووماڵ راستەوخۆ یان رووماڵی زیندوو وەک لەناوەکەی دیارە: چاوپێکەوتنی راستەوخۆیە لەلایەن پەیامنێرەوە لەرووماڵی رووداوێک یان کێشەیەک دەکرێ، ئەوەی پێویستە بۆ ئەو رووماڵە کارایی پیشەگەریی و زمانزانین و توانای گفتوگۆکردن و قسەکردن و کارکردنی هەیە لەدۆخە قورسەکان، چونکە ئەو لەنێوان قورسی کارەکە و راستەوخۆدایە.

## خەسڵەتەکانی رووماڵی زیندوو: لێرە و ئێستا

أ- دەستپێکردن : خەسڵەتێکی سەرەکییە بۆ رووماڵی زیندوو و جیایە لەهەموو شێوە و کلێشەکانی رووماڵەکانی دیکە، چونکە ئەو کاتە بۆ بینەران پەخش دەکرێ کە رووداوەکە هاتۆتە کایەوە، ئەم خاڵەش هێزەکەی لەوەدایە لەوانەیە ترسناکی لەو ناوەدابێ.

ب- یەکسەر : رووماڵکردنی زیندوو هۆیەکە بۆ پێشکەشکردنی دوا پێشهات، بەو پێیەی هەر لەو ساتەدا پەخش دەکرێ، ئەمە پێچەوانەی چاوپێکەوتن و راپۆرتە تۆمارکراوەکانە.

ج- راستگۆیی: رووماڵی زیندوو لەشوێنی رووداوەکەیە واتە لەساتی هاتنەکایەوەی رووداوەکە یان کەمێک لەپێشتر روویدابێ، ئەمەش دەکرێ راستگۆیی ببەخشێتە رووماڵەکە.

د- رێگەیەکە بۆ خستنەرووی زانیاریەکی زیاتر کە لەراپۆرتەکەدا نەهاتووە : راپۆرتی تەلەفزیۆنی زیاتر ماوەکەی دوو خولەک و نیوە زۆرجار هەموو لایەنەکانی کێشە و پێشهاتەکان رووماڵ ناکات، بەڵام راپۆرتی راستەخۆ تەواوکاری کەموکورییەکانی راپۆرتەکەیە.

ە- رێگە بەگوتنی ئەو زانیاریانە دەدا، کە وێنەی نییە : هەندێک رووداو وێنەکانی دابین ناکرێ وەک نموونە بەیانێکی نووسراوی وەزارەتی دەرەوە، بۆیە چاوپێکەوتنی راستەوخۆ دەستنیشانکردنێکی باش بێ بۆ رووماڵکردنی رووداوەکە بەبێ وێنە.

## رووماڵكردنە زیندووە سەركەوتووەكان: گەڕان بەدوای رازیكردن

ئەو كاتە رووماڵەكە سەركەوتوو دەبێ ئەگەر پەیامنێرەكە توانی بینەران بەراستگۆیی رووماڵەكەی, هەروەها زانیاری تەواو بەزمانێكی روون و بەشێوەیەكی ئاسان بەبێ دڵەڕاوكێ و تێكچوون, لەمەوە رووماڵی راستەوخۆی سەركەوتوو وەك بەرهەمێكە:

١- بوونی پەیامنێر لەهەمان شوێندا : ئەمە مەرجێكی سەرەكییە تا راستگۆیی بداتە رووماڵەكە، وەك ئەوەی رۆژنامەنووس بە بینەران بڵێ لەم رووماڵكردنە پشتی بەئاژانسەكان نەبەستووە بەڵكو چووەتە هەمان شوێن, بۆیە دەیەوێ راستگۆیی نیشان بدات.

٢- زانیاری تەواو : رووماڵكردنی زیندوو تەواو نابێ, ئەگەر زانیاری تەواوت نەبێ, چونكە ئەو بینەرەی گوێ دەگرێ بەدوای زانیاریدا دەگەڕێ.

٣- پەیرەوێكی روون: بوونی زانیاری تەنیا بەس ئەگەر بەشێوەی پەیرەكراو تەندروست نەبێ تا ئەو زانیاریانە بگوازیتەوە, ئەمەو زۆر گرنگە پەیامنێر زانیاری لەسەر دۆسیە یان بابەتەكە هەبێ, ئەگەر پەیرەوكردنێكی تەندروستی نەبێ ئەوا سەركەوتوو نابێ لە پرۆسەی گواستنەوەی رووداوەكە.

٤- زمانێكی تەندروست: زمان هۆكارێكی سەرەكی بەردەوامبوونە لەپەیوەندییەكانی لەگەڵ بینەر, نەك كەناڵەكە بگۆڕێ چونكە پەیامنێرەكە توانای زمانەوانی باش نییە هەروەها هەڵەی زۆرە لە نێو رەستە و رێزماندا.

٥- نەرم و نیانی و تواتای قسەكردن: هەرچەند پەیامنێرەكە ئاگاداری دۆسییەكە بێ و هەرچەند زمانیشی باش بێ ئەگەر بەنەرم و نیانی و بەجوانی نەتوانێ دەربیڕێ لەبەرامبەر كامیرادا, ئەوا جێگەی رەزامەندی بینەران نییە, هاوكات نەرم و نیانی و بە ئلسانی قسەكردن بەهرەیەكە لەرووی زمان و متمانەبەخۆبوون لەبابەتەكە, ئەو پەیامنێرەی دەشێوێ لەگفتوگۆ و چاوپێكەوتنەكان ئەوا باش نییە, ئاسانی و نەرم و نیانی بەئەزبەركردن نییە تا بەرامبەر بەكامیرا بیلێت, بەڵكو پەیوەستە بەوەی تا چەند لەكارەكە تێگەیشتووە.

٦-ئامادەبوون لەبەرامبەركامیرا:ئامادەبوون لەبەرامبەر كامیرا چەمكێكی رووتە, وەك كارێزما,ئەمەش پەیوەندی بەسیفەتی متمانە بەخۆ بوونە و زانینی بابەتەكە و نەترسان, چونكە جەماوەر توانای ئەوەی هەیە لەم ئامادەبوونە تێبگات, هەروەها ئامادەبوون پەیوەندی بە كەسایەتی رۆژنامەنووسەكە هەیە, ئەمەش لەرێگەی راهێنان و زاڵبوون بەسەر ترسدا و راهێنانەكانی هەناسەدان و خاو بوونەوە بەرەو پێشەوە دەچێ.

٧- گرنگی زمانی جەستە: تۆ تەنیا بەزمانت قسە ناكەی بەڵكو بەجەستەشت قسە دەكەی, بۆیە بەگونجاوی مكور بە لەبەكارهێنانی زمانی جەستە وەك جوولەی هەردوو دەست و گۆرانكاری

لەرووخسارت, بەڵام بەشێوەیەکی پەسند نـەک زیادەڕۆیی, وای دانەنێ خۆی وایە, هەروەها بەرەقیش رانەوەستێت.

٨- پوخـت و جەختکردنەوە: چاوپێکەوتنی سـەرکەوتوو ئـەوە نییـە پەیامنێر بـەدوور و درێـژی قسـە بـکات، تەنیـا ئەوانـە نەبـێ کاریگەری هەر دومێنێتەوە، ئەم کاریگەری و شوێنەوارەش بەزاڵبوونی چۆنیەتی لەسەربڕ نییە،ئەمەوماوەی چاوپێکەوتن بەستراوەتەوە بەسیاسـەتی گشـتی کەناڵەکە و بەسروشـتی رووداوەکـە لەتـەک چەندین رێـرەوی دیکە، بەڵام لەرووداوێکی ئاسـایدا وا باشـە لەسـێ خولەک تێنەپەڕێ و زۆرجاریش لەمەکەمترە، ئەمەش لەپێناو پاراستنی ئاگاداربوونی بینەرە بۆیـە دەبێ بەکورتییەکی بەسـوود بێ، لەم خاڵەدا هەرچەند تواناى زماوانیت بەهێز بێ باشترەبۆبەکارهێنانی وشەی دەربڕلەجیاتی ئەوەی رستەی دوور و درێژ بەکاربێنیت و هەروا دووبارەکردنەوە خراپ نەبێ.

٩- هێمنی و هاوسەنگی: کاتێک دەشێوێی ئـەوا لەسـەر شاشـە بەدەردەکەویـت واتلێـدەکات بەخێرایـی قسـە بکەیـت، لەکاتێکـدا هیـچ بنەمایەکـی ورد نییـە لەبارەی خێراییەوە لە چاوپێکەوتنەکاندا، بـەڵام دەبـێ بینەر تێبگـات بەبێ ئەوەی زیاتـر هەسـت لەپەیامنێرەکـە رایگـرێ، هەروا دڵەڕاوکێی تووش نەکات.

## ئامادەکردنێکی باش بۆ رووماڵکردنی زیندوو: لەپاش وەستان لەپێش کامیرا

رووماڵکردنـی بـاش دەرئەنجامـی بـوون و ئامادەکردنێکـی باشـە، ئەمـەو ئامادەکردنێکـی باشـی چاوپێکەوتنە لەرێگەی چەند خاڵێکەوەیە وەک:

- کۆکردنـەوەی زانیارییـەکان: رووماڵکردنـی زینـدوو لەپێش هەمـوو شـتێکدا کۆکردنەوەی زانیارییەکان بۆیە مکوڕبـە گرنگیـدان بەودۆسـییەی کاری لەسـەر دەکـەی، لەبارەی ئـەو بابەتەش زۆر بخوێنەوە.

- مکوڕبـوون لەجۆراوجـۆری سـەرچاوەکان: زۆربـەی بابەتـەکان پێویستیان بەخوێندنەوەیەکی جۆراوجۆر هەیە، بەتایبەت لەبواری سیاسەتدا، بۆیە جۆراوجۆری سەرچاوەی زانیارییەکانت وا دەکا ئامانجەکانت بپێکی، هەروا دوور دەکەوێتـەوە لەو هەواڵانەی ورد نین کە لەسـەرچاوەیەک یـان رۆژنامەیـەک و ئاژانسێک بڵاوکراوەتەوە.

- دەبێ بەپێـی پەیـرەو و پرۆگرامێکـی روون ئـاگاداری زانیارییەکانـت بیـت، ئەمـەش یارمەتیت دەدا بۆ رێکخسـتنی بیرۆکەکانـت و بـۆ بینەریش هاوکارە تا لەبابەتەکە تێبگات.

- دەبێ بزانیت بە چـی دەست بەچاوپێکەوتنەکـە دەکـەی و چـۆن کۆتایی پێ دەهێنیت، چونکە شـێوانەکان زیاتـر لەسـەرەتاوە روودەدا و هەمـوو شـتێک تێـک دەدا، باشـترە چەند خاڵێک تۆمار بکەیت و لەپێش ئەوەی بچیتە ناو پەخش پێداچوونەوەی لێ بکات.

- ئەگەر لەسەرەتای کارکردنت دابووی: باشـترە راهێنـان لەسـەر چاوپێکەوتن بکەی واتە چەندینجار، بەڵام هیچ شتێک

ئەزبەر مەکە، چونکە ئەزبەرکردن جوانی و جۆشی چاوپێکەوتنەکە ناهێڵێ. بەشێوەیەکی گشتی پەیڕەو و پرۆگرامی باش بەهۆی دابەشکردنی بابەتەکەیە بۆ چەند تەوەرێک: لایەنی مەیدانی و سیاسی –لایەنی سەربازی و سیاسی –هەڵوێستی ئۆپزسیۆن، هەروا هەڵوێستی حکومەت...

نموونە: خۆپیشاندانێک دژی توندوتیژی پۆلیس لەفەرەنسا

شوێن: پەیامنێرەکە لەناوەڕاستی ڕێپیوانەکە بەدەردەکەوێ، ئەمە هۆیەکە بۆ ڕاستگۆیی.

ناوەڕۆک :

ڕووداوێگی وا پێشبینی لێدەکرێ هەر سێ لایەنەکە وەک خۆپیشاندەران-پۆلیس یان سەندیکا –حکومەت (وەزارەتی ناوخۆ یان هەڵوێستی سەرۆکایەتی حکومەت بەیانێکی دەرکردووە) هەروا دەتواندرێ هەڵوێستی کۆمەڵە چالاکوانەکان لەبواری دژایەتی ڕەگەزپەرستی یان هەڵوێستی دانیشتووانی ئەو شارە بێ.

• لێرەوە پەیڕەوکاری ئەوە دەردەخا تا لەسەرەتادا هەڵوێستی خۆپیشاندەران دەربخەیت بەپێی ئەو شوێنەکە، ئەم بۆ پەیامنێرەکە سەرەتایەکی باشە، باسکردنەکەی پەیوەستە بەڕێپیوانەکە: ژمارەی خۆپیشاندەران-بەشداربووان-ئەو دروشمانەی بەرزی دەکەنەوە-پێشنەی خۆپیشاندەران و ڕێڕەوەکەی. لەپاشاندا پەیامنێر باس لەهەڵوێستی سەندیکاکانی پۆلیس دەکات، دواتر هەڵوێستی حکومەت کە دەیەوێ گۆچانەکە لەناوەڕاستەوە بگرێ. (بێگومان ئەم ڕێکخستنە دەکرێ بگۆڕدرێ ئەمەش بەهۆی گرنگی هەواڵەکە و سروشتی ئەو پرسیارەی دەخرێتە ڕوو، بەڵام لەپەیڕەوکاریدا سەرەتا دابەش دەکرێ بەو شێوەیە یان شێوەیەکی نزیک لەمە).

## جۆرەکانی چاوپێکەوتنە زیندووەکان: لەهەواڵێکی ئاساییەوە بۆ چاوپێکەوتنێکی پێشکەوتوو

• چاوپێکەوتنی هەواڵی ئاسایی: سەبارەت بە ڕووداوێکی پێشبینیکراو یان دەیەوێ ڕووبدا، بەڵام پێشینەکانی پەیوەست بەپێشکەوتنەوەکەوە نییە واتە بەخێرایی نابێ وەک (کۆبوونەوە-کۆنگرە-دانوستاندن) ئەمەو ئەو بنەمایانەی پێشتر باسمان لێوە کرد هۆیەکە بۆ سەرکەوتنی ئەو چاوپێکەوتنانە.

• چاوپێکەوتنی هەواڵە پێشکەوتووەکان:
– ئەمەیان قورسە، چونکە پەیوەندی بەڕووداوێکی پێشکەوتوو هەیە و خێرایە وەک (کارێکی تیرۆریستی-نارازایی و ڕووبەڕووبوونەوە-کاری توندوتیژی). ڕۆژنامەنووسیش وەک باوە دەبێ لەمەیدان و شوێنی ڕووداوەکە و لەناو خۆپیشاندان و ڕێپیوانەکە بێ.

– لەنێوەندی ئەو چاوپێکەوتنانە ئەو بابەتەی زیاتر لە پەیامنێر داوا دەکرێ پێشکەشکردنی زانیاری نوێ و وردە.

- بینەر سەیری شتی نوێ دەکات، چونکە رووداوەکە گەشەی کردووە و داوا دەکات هەواڵی وردی پێبگەیەنیت، چونکە هەواڵی قەڵپ زۆر بڵاوبۆتەوە، ئەمە بارگرانیەکی دیکەیە لەسەر رۆژنامەنووس، دەبێ بەدواداچوون بۆ هەموو زانیاریەکان بکات بەتایبەتی ئەوانەی لەسەرچاوەکانەوە بۆی دێ، دەبێ ئاگادار بیت نەوەک بکەویتە ناو هەواڵی قەلپ.

- بۆ بەدەستهێنانی هەواڵی نوێ. واباشترە رۆژنامەنووس توانایەکی بەهێزی سەرنجدانی هەبێ و وا بکا سەرچاوەکانی هەوالی زووڕ بێ لەتەک وردیەک کە وێنە نەتوانێ بیگوازێتەوە.

- ئەمجۆرە چاوپێکەوتنانە جیاوازە بەهۆی درێژی ماوەکەی ، بۆیە دەبێ رۆژنامەنووس ئاگاداریەکی زۆری لەبابەت و پێشینەکانی هەبێ، چونکە داوای لێدەکرێ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ قسە بکات و چەندین جاری دیکەش هەر لەنێو چاوپێکەوتنەکە قسە دەکات لەهەموو جارێکیش دەبێ بەشێوەیەکی پێشکەوتووتر قسە بکات هەر لەو کاتەدا زانیاریەکانی نوێ بکاتەوە نەوەک خۆی لەنێو دووبارەکردنەوە و وەڕسبوون بدۆزێتەوە، هەروا بۆ ئەوەی هەواڵە بەپەلەکانت لەدەست نەچێ ئەوا ئەگەر زۆر وریا نەبێت لەلایەکی دیکەوە لەدەستت دەچێ.

- وەک باوە نابێ رۆژنامەنووس لەدۆخێکی پشوودا بێ، ئەو لەژێر پاڵەپەستۆی کەشەکە و ترسناکی ( غازی فرمێسک ڕێژ-کاری توندوتیژی دایە.. هتد) بۆیە لێرەدا پێویستە رۆژنامەنووش توانایەکی زۆری بۆ کار هەبێ لەکاتێکدا دەزانێ لەژێر پاڵەپەستۆدایە، بۆیە باشترە بزانێ بەتەکنیکەکان چۆن خۆی لەمەترسی دەپارێزێ.

- ئەو چاوپێکەوتنی زیاتر جێگەی سەرنجە کاتێک رۆژنامەنووسەکە بەجیاوازی بەدەردەکەوێ، چونکە رۆژنامەنووسەکە ئامادەکاریەکی پێشتری کردبوو.

- چاوپێکەوتنی شیکاری:

- ئەمجۆرە چاوپێکەوتنە زیندووانە دەگمەنن، بەلام لەبەرنامەی هەواڵ و گفتوگۆدا داوا لەپەیامنێر دەکرێ بابەتێک یان کێشەیەک شیکار بکات. بەلام ئەمە پێویستی بەباکگراوندێکی رۆشنبیری باش هەیە، بۆ ئەوەی توانای شیکردنەوە و لێکهەڵوەشاندوەی هەبێ.

- ئەمجۆرە چاوپێکەوتنە زیندووانە زیاتر لەلایەن ئەو پەیامنێرانە دەکرێ بەتەمەن و خاوەن رۆشنبیریەکی بەرز بن، تیایدا پەیامنێر لەنێوان رۆژنامەنووس و شرۆڤەکاردایە، هەرچۆنێک بێ نابێ هەڵوێستی کەسیەتی خۆی هەبێ و بڕیار بدات، ئەمەو شیکاری پوختەی دەرئەنجامێکە بۆ پێشکەشکردنی بابەتیانە نەک تەنیا بۆچوون و بڕیارێکی داوە.

نموونە: ئەتۆمی ئێران و پێشکەوتن و ئەگەری هەڵوێستەکان کە هەر لایەنێک دەتوانێ بیدا، لەلایەکی دیکەوە ململانێی قەرنسی تورکی لەبارەی لیبیاوە...

- ماوەی چاوپێکەوتنەکە لە دوو تا سێ خولەکە، زۆرجار زیاترە بەتایبەت کاتێک پەیوەست بێ بەرووداوێکی گەورە یان بەرووداوێکی ئاوێتەبوو.

# لەکۆتاییدا

باس لـەوە دەکـەن کاتێـک لەویلسـۆنی سەرۆکی ئەمریکایان پرسی چەند کاتت دەوێ تا وتارەکانت بنووسـیت، ئـەو گوتـی : چارەگـە کاتژمێرێـک بەڵام یەک هەفتەیەکـم دەوێ بۆ گەڵاڵـە کردنی، بۆ نیـو کاتژمێـر پێویسـتم بـە سـێ ڕۆژە، بەڵام ئەگەر ماوەکە کاتژمێرێک بێ ئەوا دەتوانم یەکسـەر دەست پێبکەم.

ئـەم وتەیـە جگـە لـەو ڕێڕەوانـەی لەدەوریدایـە، ئاماژە بـەوەددا تا چەند وتـاری سـەرۆکەکە کـورت بـێ ماوەی ئامادەکردنـی زیاتـرە، بۆچـی؟ چونکـە وتـاری کـورت وتـەی گرنگـی تیـادا دەگوترێ ئەمەش بەمانای کورتکردنەوە و جەختکردنـەوە و چڕیـی دێ، پێموایـە ئەگەر داوا لەسـەرۆک بکەیت بۆ ماوەی دوو خولـەک و نیـو وتـار بـدا، ئـەوا لەوانەیـە ئامادەکردنەکە درێژە بکێشـێ، کارەکـەش بـۆ ڕاپۆرتـی تەلەفزیۆنـی «بەردەوام وتار» دەدا و ماوەکەی دوو خولـەک و نیوە، ئەمەش بەمانای ئەوەی ئامادەکردنێکـی گـەورەی دەوێ، تـا بتوانین زانیارییەکان بەوردی و ئاسانی و زمانێکی باش و خێرا پێشکەش بکەین.

لەکۆتایـی ئـەم ڕێبـەرە چەنـد ئامۆژگاریەکـی گشـتیت بـۆ جێدەهێڵـم لەوانەیـە بەسـوود بـێ بـۆ ئەوانـەی لەسـەرەتادا و ئارەزوویانـە بێنـە ئـەم بـوارەوە، هەروا بەسـوودە بـۆ ئەوانەی لەنێوەندی ئەو مەیدانەدان:

- ناوەڕۆکـە ماریفییـەکان و خولـی ڕاهێنانـەکان پەیوەندیدارە بـەکاری ڕۆژنامەنووسـی مەیدانـی، واتلێدەکات کەرەسـتەی پێویسـتت هەبـێ بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕاپۆرتێکـی مەیدانـی تەلەفزیۆنـی، بـەڵام شـوێنە ڕاستییەکە مەیدانـە، ئەگـەر ئـەم بنەمایانەشـت ئەزبـەر کرد، ئەوا مەیـدان بڕیار دەدات لەمەیدانـدا ئـەو بنەمایانـە دەستنیشـان دەکـەی وەک قورسـتایی و ناخۆشـی و ئـەو گرفتانەی لەدەوریدا دەسـوڕێتەوە، لەمەیدانـدا ئـەو بنەمایانـە فێـر دەبیت، هـەر چەنـد بچیتـە مەیـدان ئـەوا زیاتـر ڕێکـی دەخەیـت و دەبیـت بەپاشـا، دووبارەکردنەوەی کارەکان زۆر گرنگە لەکاری پیشـەگەریدا، مەیدان بوارێکە بۆ فێربوونـی ڕاسـتەقینە، وەک هاژووتنـی ئۆتۆمبێـل لەوانەیـە مۆڵەتـی شـوفێری بەدەست بێنیت، بەڵام بەهاژووتن دەبیت بەشوفێرێکی کارا.
- لەمەیدان فێر دەبیت، بەڵام لەسەر ئەو پەیامنێرانـەی تـازە دەسـتیان پێکردووە یان بۆ پیشـەگەرێک دەبێ دان بەوە بنێ کە بواری ڕاگەیاندن و کاری تەلەفزیۆنی بریتییـە لـە فێربوونـی بـەردەوام و هیچ بوارێک نییە بۆ وەستان، هەر ڕاپۆرتێک بەدەسـتی دێنێـت وەک وانەیەکـە و ئەزموونـت زیاتر دەکا، بۆیە دەبێ مکوڕ بیت لەمامەڵەکردن لەگەڵ هەر ڕاپۆرتێک وەک ئـەوەی یەکەمجـارە و گرنگترینانە لە ڕەوتی پیشـەیتدا، ئەمەش واتلێدەکات

زیاتر هەوڵ و تواناکانت بەگەڕ بخەیت..

• تاکە ڕێگەیەک نییە بۆ بەدەستهێنانی ڕاپۆرتی مەیدانی تەلەفزیۆنی، ئەگەر داوات لەدە پەیامنێر کرد ڕاپۆرتێک بەدەست بێنن هەمان بابەت بێ، ئەوا دە ڕاپۆرتی جۆراوجۆر دێتە پێش، بەڵام پابەند بوون بەو بنەمایانە ئەوا ڕاپۆرتە پیشەیەکت دیاری دەکات ناو دەنرێ « هەمان سیفەتی لەخۆ گرتووە«.

• خۆ خاوکردنەوە دوژمنی کاری مەیدانی تەلەفزیۆنییە زیاتر ئەوانەشی خاو دەبنەوە ڕۆژنامەنووسە پیشەگەرەکانە ئەمەو لەپاش چەند ساڵێک کارکردن زۆر متمانەی بەخۆی دەبێ و وا دەزانێ توانای پیشەیی زۆرە ئەمەش هۆیەکە بۆ خاو بوونەوە، ئەم خاوبوونەوەیە ترسناکترین شتە بۆ ڕۆژنامەنووس، واتە وەستانە لەئامادەکاری باش و بەبێ خۆ ئامادەکردن دەچێتە مەیدان بەبێ ئەوەی پلانێکی ڕوونی هەبێ، چاوپێکەوتن دەکان بەبێ ئەوەی پرسیارەکان ئامادە بکات، هەروا بەبێ ئەوەی پێشینە سەبارەت بەباتەکان بزانێ، یەکێک لەخاوبوونەوەکان تۆمارکردنی دەنگە تا مۆنتێر خۆی کاری مۆنتاژ بکات بەبێ ئەوەی پێداچوونەوەی ڕەهەندەکان بکات، ئەمە کەمکردنەوەی مۆنتێر نییە لەوانەیە داهێنەر بێ، بەڵام ئەوەی دەقەکەی نووسیووە و پلانی ڕاپۆرتەکەی داناوە دەبێ تا کۆتایی بەدواداچوونی بۆ بکات.

• لەڕاپۆرتەکانی مەیدانی بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ نابیت، بۆیە دەبێ خۆت ئامادە بکەیت تا خۆت بگونجێنیت، ئەمەش بەدانانی پلانێکی جێگرەوە: کەشەکە ڕۆڵ دەگێڕێ هەروەها نەهاتن و بەدرەنگەوە هاتنی میوان کە لەگەڵیدا ڕێککەوتی لەدوا کاتدا، گرنگە ڕۆژنامەنووش هەردەم لەبەردەم ئەگەری ڕووداوێکی لەناکاو بێ، لەتەک ئامادەیی دەروونی، هاوکات پێشبینی باشترین سیناریۆ ناکرێ لەپێش ئەوەی بچیتە مەیدان، لەوانەیە بۆ ڕوومالّکردنی خۆپیشاندانێک پێشبینی ئامادەبوونی هەزاران کەس دەکەیت، کەچی دەیان کەس ئامادە بووە، لەو کاتەدا دەبێت خۆت لەگەڵ دۆخەکەدا بگونجێنیت، تەنیا لەبەر ئەوەی تۆ ڕاپۆرتەکەت ئامادەکردووە خۆپیشاندانەکە زۆر گەورە مەکە با وەک خۆی بێت.

• جۆرێک لەپاساو لەلای ڕۆژنامەنووسان هەیە، بەشێوەیەکی گشتی لەلای پەیامنێرەکانەوە، وەک بەکارهێنانی ئەو شتانەی ئەوان پێیان باشترە بکرێ بەتایبەت لەبارەی ئەو بابەتانەی بەدەستدەهێنن وەک: ئەو خۆپیشاندانهی ڕووماڵمان کرد زۆر گەورە بوو..جەنگەکە زۆر ترسناک بوو، کۆنگرەکە گرنگ بوو، ڕێپیوانەکە زۆر گەورە بوو، خراپترین قەیران بوو، ئەوان وا دەزانن بەهایەک دەدەنە ڕاپۆرتەکەیان.

لەڕاستیدا ئەم کارە سەرەڕایی ئەوەی پاکی ون دەکات، واقیعیش نییە، چونکە دەتوانیت ڕاپۆرتێک بەدەست بێنیت لەبارەی قەیرانێکی مرۆیی، لەوانەیە ئەوە خراپتر نەبێ لەو بابەتانەی لەپاش

جەنگی جیهانی دووەمدا روویداوە، کاتێک راپۆرتەکان سەبارەت بە رێپیوانەکان بەدەست دێنیت مەرج نییە لەهەمووان گەورەتر بێت، تەنیا کەرەستەی «پیشەکەت» بەدەست بێنە، کە جیاکاری لەنێوان راپۆرتی باش و خراپدا دەکات.

• هەردەم ئاگاداری تەکنەلۆژیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە، چونکە کاریگەری هەیە لەسەر کاری کلاسیکی تەلەفزیۆنی بۆیە هەردەم لەئامادەباشیدا بە بۆ گۆڕانکارییە گەورەکانی ساڵانی داهاتوو، لەوانەیە بنەماکانیش بگۆڕێ.

• گونجاوە وەک پەیامنێرێکی تەلەفزیرنی فێری بنەماکانی وێنەگرتم و مۆنتاژ ببت، نەوەک کاری وێنەگری و مۆنتێر بکەیت، بەڵکو فێری زمانی هاوبەش ببیت، هەروەها وەرچەرخانە تەکنیکییە نوێیەکان وا لەکەسی پیشەگەر دەکات بەردەوام دەبێ ئاگاداری زۆربەی پێشکەوتنەکان بێت.

• ئەگەر لەم ماوەیەدا پیشەی پەیامنێری تەلەفزیۆنی دەکەی: ئاگاداری هەندێک خەیاڵ ببە کە یەخەی هەندێک لەوانەی گرتووە کە کاری رۆژنامەگەری دەکەن، لەوانەیە بەدرێژایی ساڵەکان تووشی شکان بوونەتەوە. راستە پەیامنێر بەرپرسی تیمەکەیە بۆ کار، لەوانەیە هەندێکجار داوات دەکرێ بەمۆبایل وێنە بکریت (رۆژنامەگەری مۆبایل لەبەرزبوونەوەدایە) نیوەی رووماڵەکەشت بەمۆبایل بێ کاتێک بەتەنیای، خۆت بەگەورە مەزانە، چونکە بوون بەئەستێرە بە راپۆرتێک یان بەسەد راپۆرت نایەتەدی، لەوانەیە هەر نەیەتە دی، بەڵام ئاگاداری راستگۆیی پیشەکە بە.

• بنەماکان گرنگن، بەڵام ناکرێ لەبواری تەلەفزیۆنی و کاردا بەبنەمای راست و هەڵە کار بکەیت، ئێمە لەبەردەم زانستەکان نین، بەڵکو ئێمە لەبەردەم بنەمای هێنانەکایەوەی کەڵەکەبوونی پیشەگەرییە بۆ ماوەی چەند دەیەیەک، بۆیە «لەدەرەوەی سندووقەکە» بیر مەکەوە.

•

لەم پیشەیەدا پێویستی بەوەیە لەمرۆڤ نزیک ببیەوە، بەڵام سۆز لەراپۆرتدا پێویست نییە، چونکە راپۆرتەکان بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکانە، بەڵام لەبیر مەکە لەتەک مرۆڤەوە بە بەتایبەتی لە رووماڵکردنە مرۆییەکان وەک بابەتەکانی قوربانیانی جەنگ و پەنابەر و پەناهەندەکان. لەلایەکی دیکەوە پیشەی رۆژنامەگەری پیشەیەکی ئاسایی نییە و ناونراوە بەپیشەی سەرئێشی، نەک بەوەی پەیوەندی بەماندووبوونی جەستەیەوە هەبێ، بەڵکو پەیوەندارە بە ویژدان.

• پیشەکە پێویستی بەجۆش و خرۆشە، ئەگەر کارەکە بەجۆش و خرۆشەوە نەکەیت ئەوا زۆر ماندوو دەبیت بەهۆی ئەو قورسایانەی رووبەڕووت دەبێتەوە بۆیە دەڵیم: ئەو پیشەیە مەکە ئەگەر خۆشت ناوێ، لەمبارەیەوە «پییر بۆردیۆ»ی زانای سۆسیۆلۆژی وا باسی رۆژنامەنووس دەکات بەوەی

رۆژنامەنووس لەنێوەندی چینێکی بەرزدان لەکۆمەڵگە، بەڵام هەردەم لەگەڵ چینی خوارەوەن..بۆچی. چونکە رۆژنامەگەری پیشەیەکە پێویستی بە هەوڵە بۆ کارکردن، تەنیا بە بەڕیوەیەری واز ناهێنێ کە ڕێنماییەکان دەدا، تۆ کاتێک دەقێک دەنووسیت تۆ کە دەچیتە مەیدان، ئەوا لەمەیدانەوە رۆژە ناخۆشەکان بەرەو رووت دێ، لەم پیشەیەدا لەوانەیە چەند شەوێک لە هوتێلی پێنج ئەستێرە دابیت، کاتێکیش دێ شەوەکەت لەناو ئۆتۆمبیلدا بەڕێ دەکەی یان لەچوڵەوانی، رۆژێک لەکۆشکی سەرۆکایەتی پێشوازیت لێدەکەن، بەڵام بەیانی لەخۆپیشاندانێکدا بریندار دەبیت.

- گرنگترین شت لەم پیشەیەدا راستگۆییە: بەنرخترین شتە، زۆربەخێرایش تێکدەچێ بۆیە دەبێ بیپارێزیت، ئەگەر ناو و ناتوری پییشەیت بۆ ڕێکدەخەن، بۆیە ئەوەی پێویستە پابەند بیت بەبنەما پیشەیی و ئاکار و رەوشتییەکان، کە پیشەکە بەدرێژایی کاتەکە بەسەردا دەسەپێنێ.

لەیادت بێ : کەوتن لەهەنگاوێکدا دەست پێدەکات، ئەگەر ڕێگەت بەخۆتدا بەپێی بنەما پیشەییەکان نەجوولێتەوە وەک وردبینی، ئەوا زنجیرەکە دەست پێدەکات و ناوەستێ، کارەکە هەر پەیوەست نییە بە بنەمای ئاکار و رەوشت، وەک راستی هەواڵ و وردی و نەکەوتن لەنێوەندی قەڵپی و درۆ و دەلەسە، بەڵکو لە هاوسەنگی و پاکی پیشە و ئەوانی دیکەدا.

لەبیری مەکە: لەم پیشەیەدا چەندین دیاریت پێشکەش دەکرێ بەتایبەتی ئەوانەی دەسەڵات و داراییان لەدەستدایە، لەوانەشە هەڕەشەت لێ بکەن، بۆیە پێویست نییە تۆ رۆڵی پاڵەوان بگێڕیت، بەڵام ئەوەی لەسەرتە تا کۆتایی بە»رەوشتت«ەوە بجوولێیتەوە.

معهد
الجزيرة للإعلام

AJMInstitute

+974 44897666
institute@aljazeera.net
http://institute.aljazeera.net/ar